# ئەستێرەکانی زەمین

ئەنتۆلۆژیای شیعری شاعیرانی جیهان

بەرگی یەکەم

لە عەرەبی و ئەڵمانییەوە

زانا خەلیل

ناوی کتێب: ئەستێرەکانی زەمین

وەرگێڕ: زانا خەلیل

بابەت: شیعری شاعیرانی جیهان

بەرگ : دەراو خەلیل

تیراژ: (500) دانە.. چاپی یەکەم

چاپخانە: چوارچرا

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی ( 42 )ی ساڵی ( 2019 ) پێدراوە.

# ئەستێرەکانی زەمین

**ئەنتۆلۆژیای شیعری شاعیرانی جیهان**

**بەرگی یەکەم**

**لە عەرەبی و ئەڵمانییەوە**

**زانا خەلیل**

## پێشەکی

لەو سەردەمەدا کە تەکنەلۆژیا کۆنترۆڵی تەواوی لایەنەکانی ژیانی کردووە و کەمتر بواری بۆ خوێندنەوە و نووسین و کاری جددی هێشتۆتەوە زەحمەتە ئەگەر کەسێک عەشقی شیعر و ئەدەبیات لە خوێن و دەمارەکانیدا نەبێ سارد نەبێتەوە لە بەرهەمهێنانێکی جددی و راستەقینەدا.

لەگەڵ هەموو جەنجاڵییێکی ژیان و خێرایی چاخدا عەشقی من بۆ ئەدەبیات چالاکترین بەشە لە مێشک و زاکیرە و ژیانمدا، هەر بۆیە لە جیاتی ئەوەی تەکنەلۆژیا بە هەر هۆکارێکبێ بتوانێ لە ئەدەبیات دوورم بخاتەوە من ئەوم کردە وەسیلەیەک تا زۆر زیاتر لە کاغەز لە ئەدەبیات نزیکترم بکاتەوە.. ماوەیەکی باشبوو خوێندنەوەم بە تایبەتیش شیعر لە رێگەی ئینتەرنێت و مۆبایل بوو، بۆیە رۆژانە بەردەوام بە هەردوو زمانی ئەڵمانی و عەرەبی خەریکی خوێندەوەی شیعری شاعیرانی جیهان بووم لە سایتەکانەوە، هەر لەو گەشتە بەردەوامەدا زۆر جار

شیعری زۆر جوانم دەکەوتە بەرچاو و کە لێشی ورد دەبوومەوە، هەستم دەکرد ئاسان دەتوانم بیانکەمە کوردی، ئیتر چەند شیعرێکم کردە کوردی و هەنگاو هەنگاو تا وای لێهات جۆرێک خۆشەویستییم بۆ ئەو کارە لا درووست بوو، ئیدی لە رێگەی مۆبایلەوە، لە سایتەکانەوە شیعرەکانم کۆپی دەکرد و هەر لە دەفتەری تێبینییەکانی مۆبایلەوە دەمکردنە کوردی و دواتر بە دوای ئەو کتێبانەدا گەڕام کە ئەنتۆلۆژیای شیعری شاعیرانی جیهانن یا دیوانی شیعری تایبەتی شاعیرانی جیهان و لەوانیشەوە سوودی زۆرم وەرگرت و هەر لەگەڵ وەرگێڕانی شیعرانەکانیشدا رۆژانی پێنجشەممە لە لاپەڕەیەکی رۆژنامەی هەولێر چەند شیعرێکم بە ناونیشانی (لە شیعری شاعیرانی جیهانەوە) بڵاودەکردەوە.

ئێستا ئەنتۆلۆژیاکە دوو بەرگە، شیعری شاعیرانی زیاتر لە چل وڵات و زیاتر لە دوو سەد و شەست شاعیری وڵاتە جیاجیاکانی دونیای لە خۆگرتووە، وڵاتەکانم پۆلێن کردووە، شاعیرانی هەر وڵاتێک لە یەک بەش دانراوە، بۆ نمونە: شیعری شاعیرانی ئەمەریکی کە بیست و دوو

شاعیرن لە بەشێکی سەربەخۆ دانراوە و هەر شاعیرێکیش لە دەستپێکەوە ناوەکەی نووسراوە و ئەگەر چەند شیعرێکم لە شیعری شاعیرێک تەرجەمەکردبێ ئەوە لە دواین شیعریدا سەرچاوەکەم داناوە و ئەگەریش یەک شیعربێ ئەوە راستەوخۆ دوای شیعرەکە سەرچاوەکەیم نووسیوە.

شیعرەکان بەشێکی کەمی لە ئەڵمانییەوە کراوەتە کوردی و ئەویتری بە کامڵی لە عەرەبییەوەیە، ئەوەیش کە رەنگە جێگەی سەرنجبێ بۆچی هەندێ شاعیر هەن کۆمەڵە شیعرێکی زۆرم لێیان وەرگێڕاوە و هەندێکیشیان تەنیا یەک شیعر؟ لە راستییدا ئەوە دەگەڕێتەوە سەر سەلیقەی شیعری من، بێگومان ئەو شاعیرانە و شیعری ئەو شاعیرانەی کە زیاتر لە چەند شیعرێکیانم کردۆتە کوردی چێژی زیاتریان پێبەخشیووم.

ماوەتەوە بڵێم: من وەرگێڕ نیم.. ئەو کارەم تەنیا بۆ خۆشیی خۆم کردووە، بەڵام کاتێ بڵاوی دەکەمەوە و خۆشیی و جوانیی بە کەسانیتر دەبەخشێ خۆشحاڵ دەبم و دڵنیام کە ئەو کارەم بێ هەڵە و کەموکوڕیی نییە بەڵام

دەروازەیەکی کراوەشە بەسەر دنیای شیعری شاعیرانی جیهان بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە تەنیا زمانی کوردی دەزانن.. دواجار ئەوەی من ئەنجاممدا یارییێکی خۆشبوو وەک هەموو یارییەکانیتر کە خەڵک پێیەوە ئیدمانن، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە، ئەوەی من ئەو دوو کتێبەی لێهاتۆتە بەرهەم، دواجار رەنگە زۆر گرنگیش نەبێ، چونکە هەموومان لەنێو یاریداین و گرنگ ئەوەیە زەمەن بەڕێدەکەین جا هەر یەکەمان بە شێوازێک.

**زانا خەلیل**

**شيعری شاعيرانی ئەمەريكا**

_ چارڵس بوكۆڤسكی (1920_1994).............................17
_واڵـت وايتمـان (1819_1892)..................................168
_سيلـڤيا بـلاث (1932_1963).................................. 171
_كـيم ئـەدۆنـيزيـۆ (1954_ )..................................174
_شيل سيــلڤەرشتاين (1930_1999)..............................176
_ستيـڤن كـرين (1871_1900)..................................186
_ســاره تـيـسديل (1884_1933)..................................187
_ريـچارد رايـت (1908_1960)..................................189
_راسـل ئــيدسۆن (1935_2014)................................191
_دۆنـاڵد جاستــيس (1925_2004)................................ 196
_دۆريـانه لــوكس (1952_ )................................ 197
_جـيـمس تـێت (1943- )................................. 200
_ئارشـی ئامۆس (1926_2001)..................................202
_ئيـميلی ديكنسون (1830_1886)................................ 206
_رۆبرت بلای (1926_ )..................................207
_جوی ئەلسوفی ................................................. 210

_مارک سـتراند (1934-2014 )....................................211
_لانگستون هیوز (1902_1967)...................................215
_مایـــا ئەنجـــیلۆ (1928_2014)..................................222
_ چارڵس سیـمیک (1938_ )....................................224
_نیکی جیوڤانی (1943_ )........................................226
_ سکوت فیتزجیرالد (1896-1940)..................................228

**شیعری شاعیرانی فڕەنسا**

_جـــاك پـــرڤێر (1900_1977)...................................230
_شـــارل بۆدلـێر (1821_1867)...................................255
_ئـــارسەر رامــبۆ (1854_1891)...................................266
_ئـــــاراگــــــۆن (1897_1982)...................................272
_پـــۆل ئـێـلوار (1895_1952)...................................277
_ئـــالان بۆسکیە (1919_1998)...............................286
_ریـنـیـە چـــار (1907-1988)......................................292
_ڤیـــکتۆر هۆگۆ(1802_1885)......................................294
_ئەلفرێد دی موسیە (1810_1857)..................................296
_ریـــنـیە دومـال (1908_1944)...................................298
_جان لۆپ دابــادی (1938_ )....................................299

**شیعری شاعیرانی یۆنان**

_کۆنستەنتین کافافی (1863_1933)..................................304
_یانیس ریـــتسۆس (1909_1990).................................318
_ســــاڤـــــۆ (570_630) پ.ز..............................327
_جۆرج سیــفیرس (1900-1971).................................329
_کوستاس کاریوتاکیس (1896_1928)..............................330
_مارثا پــاپادۆپۆلوس (1967_ )..................................333
_یانیس ئیڤانتیس (1949_ )......................................336

**شیعری شاعیرانی ئیسپانیا**

_رافائیل ئەلبرتی (1902_1999)................................339
_فدریکۆ گارسیا لۆرکا (1898_1936).........................347
_مانوێل مۆنتالبان (1939_2003)..............................362
_خۆسیە گۆیتیسۆلۆ (1928_1999)............................364
_خوان رامۆن خیمێنز (1882_1958)..........................368
_ئەنتۆنیۆ ماشادۆ (1875_1939)................................369
_گلۆریا فیورتیس (1917_1998)................................372
_گوستاڤۆ بیکیر (1836-1870).................................374
_لویس ثرنودا (1902_1963).................................379

_گیراردۆ دیگۆ (1898_1987)................................381

**شیعری شاعیرانی ئەرمینیا**

_زاریە خراخونی (1926_2015)...............................383
_یەگیشە چارنێتز (1897_1937)..............................389
_ئیکنا ساری ئەسڵان (1945_      )...........................391
_هۆڤهانیس تۆمانیان (1869_1923)...........................392
_هۆڤهانیس کریکوریان (1945_    )..........................395
_هاموساهیان (1914_1993).................................396
_بارویر سیڤاک (1924_1971)................................397
_زاهراد (1924_2007)........................................399

**شیعری شاعیرانی نەمسا**

_راینەر ماریا ریلکە (1875_1926).......................401
_ئێریش فرید (1921_1988).................................402
_دوریس میرینگر(1920_    )................................420
_یۆهانا ڤارنەر (1914_ 2002).............................422
_پیتەر تورینی (1944_      )................................423
_ڕۆزا ئاوسلێندەر (1901_1988)...........................429
_کریستیان ڤالنەر (1948_   )................................438

## شیعری شاعیرانی ئەڵمانیا


_یوهان ڤۆلفگەنگ فۆن گۆتە (1749_1832)...................440
_برتۆلد برێشت (1898_1956)..................................442
_میشایل ئاوگستین (1953_   )................................454
_کورت شڤیتەرز (1887_1948)............................... 457
_رۆبێرت گێرنهاردت (1937_2006).........................458
_کریستیان مۆرگنشتێرن (1871_1914).....................459
_زیبیل فۆلک.......................................................462
_گۆتهۆلد لیسینگ (1729_1781)..............................463
_مارکوز بۆمهارد.................................................464
_کلێمنس برێنتانۆ(1778_1842)..............................465
_هێرمان هێسە (1877_1962).................................466
_ئۆلی کۆمامێندا (1923_   )..................................467

## شیعری شاعیرانی عەرەب

_عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی (1926_1999)........................470
_محەمەد ئەلماغوت (1934_2006)............................473
_ئەدۆنیس (1930_      )..........................................492
_غادە ئەلسەمان (1942_     )...................................514
_ئەحمەد مەطەڕ (1954_2014)................................528
_جویس مەنصور (1928-1986)................................537
_عەدنان ئەلصائغ (1955_     )..................................542
_ریتا عودە (1960_       )........................................548
_راشد حسێن (1937_1977)....................................554
_عەبدولعەزیز جوەیدە (1961_   )..............................556
_ئەحلام موستەغانمی (1953_  )................................557
_ئونسی ئەلحاج (1937_2014).................................558
_سوعاد ئەلسەباح (1942_     )..................................559
_نزار قەبانی (1923_1998)....................................570
_مەحمود دەروێش (1941_2008).............................612
_سەرگۆن پۆڵس (1944_2007) شاعیری ئاشووری...........619
_ڤیڤیان سڵێوە (1976_   ) ژنە شاعیری ئاشووری...........621

# شیعری شاعیرانی ئەمەریکا

چارڵس بوکۆڤسکی

**دەتەوێ ببیتە نووسەر..؟**

سەرباری هەموو شتێ
ئەگەر بە تەقینەوەیەک
لەناختەوە نەیەتەدەر، مەنووسە.
ئەگەر بێپرس لە دڵ و عەقڵ و
لە دەم و هەناوتەوە نەیەتەدەر، مەنووسە.
ئەگەر بە سەعاتان
چاو ببڕیتە شاشەی کۆمپیوتەر
یا لەسەر پیتچن
بە دوای وشەدا کوڕ ببیتەوە، مەنووسە.
ئەگەر بۆ پارە
یا ناوبانگ دەنووسی، مەنووسە.
ئەگەر بۆ ئەوە دەنووسی
چونکە پێویستیت بە ژنە، مەنووسە.
ئەگەر پێویست بێ

لەوێ دانیشیت و

جارێکی دیکە پێدابچیتەوە، مەنووسە.

ئەگەر لات قورس بوو

بیر لە نووسین بکەیتەوە، مەنووسە.

ئەگەر هەوڵتدا

وەک یەکێکی دیکە بنووسی،

نووسین لەبیرکە.

ئەگەر پێویستبێ چاوەڕوان بیت

بە دەنگدانەوە لە ناختەوە بێتە دەرەوە

بە سەبر چاوەڕوانبە.

ئەگەر هەرگیز نەهاتەدەر،

ئەوە کارێکی دیکە بکە.

ئەگەر پێویستبوو سەرەتا

بۆ ژنەکەت یا هاوڕێیەکت

یا دایک و باوکت یا بە رەهایی

بۆ هەر کەسێکی بخوێنیتەوە،

ئەوا تۆ هێشتا ئامادە نیت.

وەک زۆر لە نووسەران مەبە.

وەک هەزاران خەڵک مەبە
ئەوانەی خۆیان ناو ناوە نووسەر
گەمژە و بێزارکەر مەبە و بە خۆت مەنازە
رێمەدە خۆخۆشویستنت وێرانت بکا
کتێبخانەکانی دنیا بەهۆی کەسانی وەک تۆ
تا خەوتن باوەشک دەدەن
خۆت مەخە ناو ئەوان
نا..مەنووسە،
تەنیا ئەو کاتە نەبێ
کە وەک مووشەک
لە رۆحتەوە دەردەچێ
تەنیا ئەو کاتە نەبێ
کە وەستانت بەرەو شێتبوون
یا بەرەو خۆکووشتن
یا کووشتنت ببا.
نا.. مەنووسە
تەنیا ئەو کاتە نەبێ
کە خۆری ناخت

هەناوت دەسووتێنێ.

نا..مەنووسە

ئەو کاتە کات لەبارە

ئەگەر سەرپشک بیت

نووسین خۆی،

خۆی ئیلقا بکا و

جار دوای جار

لە رووداو بەردەوام ببێ تا دەمرێ

یا لە ناخت دەمرێ

هیچ رێگایەکی دیکە نییە و

هەرگیزیش نابێ..

## ئێستا

هەندێ دەخۆن تا لە بیرکەن
هەندێ دەخۆنەوە تا لە بیرکەن
هەندێ سێکس دەکەن تا لە بیرکەن
هەندێ حەشیش دەکێشن تا لە بیرکەن
هەندێ دەچنە سینەما تا لە بیرکەن
هەندێ دەخەون تا لە بیرکەن
هەندێ سەفەر دەکەن تا لە بیرکەن
هەندێ وشە یەکتربڕەکان
حەل دەکەن تا لە بیرکەن
هەندێ درەخت دەبڕنەوە تا لە بیرکەن
هەندێ لەسەر سەر دەوەستن تا لە بیرکەن
بەڵام ئەوانە چیدەکەن تا بیریان بێتەوە؟
ناتوانی زۆرم لەو شتانە پێبلێی
کە ئەوان دەیکەن تا بیریان بێتەوە
وەک من کە ئەو قەسیدەیە دەنووسم

تا بیرچوونەوەم بیربێتەوە
هەندێ دەچنە سێرک تا لە بیرکەن
هەندێ کۆلارە دەفڕێنن تا لە بیرکەن
هەندێ تێکەڵی دەسەڵات دەبن
هەندێ بە گۆچان پازدەدەن
هەندێ پرچییان دەتراشن
هەندێ بەناو ئاگردا دەڕۆن
وەک کوڵانی ئاو
وەک ئەوەی سەرۆک
قەیتانی پێڵاوی گرێبدا
وەک ئەوەی کچان
سەمای_کان کان_ ساز بکەن
چەندین زەریای پڕ لە فرمێسکی ئازار هەیە و
باوکیشم ئێستا بە شەویلاکی گەورە و
قەڵەوبووی بە لیکاو
لە ژووردا بەرانبەرم دادەنیشێ و
دەزانێ من ئێستا
لەسەر ئەو دەنووسم

دەزانیێ من فەشەلم هێناوە لەوەی
بیرم بێتەوە تا لە یادبکەم
رادیۆ پێدەکەم
گویێ لە _ستراڤنسکی_ دەگرم
تەماشای پیسایی
بن نینۆکەکانم دەکەم
ئەوە باشترە.

## سەقامگیر

ئەو ماڵەی دراوسێم غەمبارم دەکا
ژن و مێردەکە زوو لە خەو هەڵدەستن
دەچنە سەر کار
ئێوارە دەگەڕێنەوە
کوڕ و کچێکیان هەیە
نۆی شەو
ڕووناکییەکانی ئەو ماڵە دەکوژێندرێنەوە.

لە بەیانی داهاتوودا
ژن و مێردەکە زوو لە خەو هەڵدەستن
دەچنە سەر کار
ئێوارە دەگەڕێنەوە
نۆی شەو
ڕووناکییەکانی ئەو ماڵە دەکوژێندرێنەوە.

ئەو ماڵەی دراوسێم غەمبارم دەکا
کەسانی ناوی مرۆڤی باشن
من خۆشمدەوێن.

بەڵام هەست دەکەم غەرق دەبن و
منیش ناتوانم یارمەتییان بدەم.

ئەوان لە ژیاندا دەمێنن
ئەوان ئاوارە نین
بەڵام بە نرخێکی سامناک.

کاتێ لە کاتەکانی رۆژ
تەماشای ئەو خانووە دەکەم
خانووەکەش تەماشای من دەکا و
دەگریێ
بەڵێ دەگریێ
هەستی پێدەکەم.

## هیچ کەس جگە لە خۆت

جگە لە خۆت کەس ناتوانێ رزگارت بکا
بەردەوام و دووبارە دەتخەنە بەردەم
هەڵوێستی نیمچە موستەحیل
بەردەوام و دووبارە
بە فێڵ و شێوە و توانایان هەوڵدەدەن
سەرت پێدانەوێنن و رادەست بیت
یا بە هێوریی لە ناخی خۆتدا بمریت.

جگە لە خۆت کەس ناتوانێ رزگارت بکا
ئاسانە فەشەل بێنیت
زۆر ئاسانە فەشەل بێنیت

بەڵام نا، نا، نا، ئەوە نەکەیت
تەنیا تەماشایان بکە
تەنیا گوێیان لێبگرە
دەتەوێ بێدڵ بیت
بێعەقڵ
بێڕووخسار
دەتەوێ بەر لەوەی بمری
مردن ئەزموون بکەیت؟

جگە لە خۆت کەس ناتوانێ رزگارت بکا
تۆ شیاوی رزگاربوونیت
ئەوە جەنگە و
بردنەوە تێیدا ئاسان نییە
بەڵام شتێ کە شیاوی بردنەوە بێت
ئەوە تۆیت.

باش بیر لەو کارە بکەوە و
باش بیر لە رزگارکردنی خۆت بکەوە.

## هەندێ لە خوێنەرانم

ئەو کارەم بە دڵ بوو
لە دەرەوە بووم
لە کافتریاییێکی نایاب لە ئەڵمانیا
لە شەوێکی باراناوی
هەندێ خانم بیستبوویان کە من لەوێم
دوای ئەوەی نانێکی باشم خوارد و مەستبووم،
چوومە دەرەوە
خانمەکانم بینی
لافیتەیان بەرز کردبۆوە و
بە رووومدا هاواریان دەکرد
بەڵام تەنیا شتێ کە تێگەیشتم ناوی خۆم بوو.
داوام لە دۆستێکی ئەڵمانیم کرد
درووشمەکانیانم بۆ تەرجەمە بکا
گوتی: ئەوانە گوزارشت
لە رقیان دەکەن بەرانبەر بە تۆ.

سەر بە بزووتنەوەی
ئازادکردنی ژنانی ئەڵمانیان.
وەستام و دەستمکرد بە چاودێریکردنیان
چ جوان بوون کە هاواریان دەکرد
هەموویانم خۆشویست
پێکەنیم و بە دەست ماچم بۆ هەڵدان
دواتر دۆست و بڵاوکەرەوە و عەشیقەکەم
منیان خستە نێو سەیارە
ماتۆڕی ئۆتومبێل کەوتە گەڕ
فلچە دەستیان بە کار کرد
لەو کاتەی لە ژێر باراندا بە رێدەکەوتین
سەیرێکی دواوەم کرد
ئەوانم بینی لەو کەشە وەحشەتناکەدا
بە لافیتە و چنگیان ئاماژەیان دەکرد
زۆر جوانە یەکێ
لە شوێنی لە دایکبوونی خۆی ناسراوبێ
کاتێ گەڕامەوە ژووری هوتێل و
دەستمکرد بە کردنەوەی

بتڵە شەرابەکان لەگەڵ دۆستان
غەریبیم کردن
غەریبی ئەو ژنە
تووڕە و تەڕانە
غەریبی خانمانی
شەوە حەماسییەکە.

## ماڵئاوا

ماڵئاوا هێمنگوای، ماڵئاوا سیلین
کە لە هەمان رۆژدا رۆیشتی.
ماڵئاوا سارویان،
ماڵئاوا ئەی پیرەمێردی باش، هێنری میللەر
ماڵئاوا تینسی ولیامز
ماڵئاوا سەگە مردووەکانی
سەر رێگا خێراکان
ماڵئاوا لە هەموو ئەو خۆشەویستییانەی
کە سوودیان نەبوو
ماڵئاوا عەزرا
ئەوە جێی خەمە
کاتێ بۆ خەڵک بەخشندە دەبیت و
ئەوان وەریدەگرن
قبوڵمە

قبوڵمە

سەیارە و چەرخ و

کاسی زیوینی شەراب و

ئەو سەقفەشتان دەدەمێ کە گەورەترین

بارانی گەڕاندەوە

ماڵئاوا هێمنگوای، ماڵئاوا سیلین

ماڵئاوا سارویان،

ماڵئاوا ئەی پیرەمێردی باش، هینری میللەر

ماڵئاوا کامۆ، ماڵئاوا گۆرکی

ماڵئاوا ئەی ئەو پاڵەوانەی

لەسەر حەبل دەکەوێ

لەو کاتەی رووخسارە سەرسام و بۆشەکان

تەماشای سەرەوە و خوارەوە و دوور دەکەن

جیفرز گوتی: لە خۆر تووڕەبە

ماڵئاوا جیفرز

دەتوانم تەنیا بیر لەوە بکەمەوە

کە مردنی کەسانی باش و خراپ

وەک یەک غەمگینن.

ماڵئاو  لۆرەنس

ماڵئاوا لە ریویێک لە خەونەکانم

لەو تەلەفۆنەی کە سەختتربوو

لەوەی من چاوەڕێم دەکرد

ماڵئاوا _تو تون تونی_

ماڵئاوا سێرکی فڕیو

ئەی تینسی زۆرت ماڵئاوایی کرد

ئەی شێتی کحول

من ئەو شەو

لەسەر شەرەفی تۆ

بتڵێک شەرابی زیاتر دەخۆمەوە.

## من لێرەم

سەرخۆش لە سێی بەرەبەیاندا
بتڵی دووەمی شەرابم تەواوکرد و
لەنێوان دەرزەنێ
تا پازدە لاپەڕە،
شیعرم نووسی.
من لێرەم
پیاوێکی پیر
سەرباری ئەوەی
کە ئاوابوونم نزیکە
هێشتاش هەوەسباز
بە گۆشتی کچانی هەرزە.
جەرگم.. تەواوبووە
گورچیلەکانم.. بە رێگاوەن
پەنکریاس.. هێزی لێبڕاوە
فشاری خوێنم.. گەیشتۆتە قاتی ئەخیری.

## خۆڵەمێش

گوتی: خۆڵەمێشەکەیم
دەستکەوت و
بردم لە دەریادا پەرشم کرد
بە خۆڵەمێش نەدەچوو
دەفرێکی گرانی پڕ لە پفکەی
سەوز و شین بوو..
_لەو ملیۆنانەی کە هەیبوو
هیچی بۆ جێنەهێشتی؟
گوتی: هیچ.
_پاش ئەوەی بە ناچاریی
ئەو هەموو چێشت و
فراوین و شیوەشت لەگەڵی خوارد؟
دوای ئەوەی کە گوێت
لە هەموو قسە

پڕوپووچەکانیشی گرت؟
_پیاوێکی هەڵکەوتوو بوو
دەزانی مەبەستم چییە.
_بەهەر حاڵ
خۆڵەمێشەکەییت دەستکەوت.
_تۆش سێکست
لەگەڵ هەردوو خوشکەکەم کرد.
_سێکسم لەگەڵ هەردوو
خوشکەکەت نەکردووە.
_با، کردووتە.
_تەنیا لەگەڵ یەکێکیانم کردووە.
_کامەیان؟
گوتم: سوحاقییەکە،
شیو و شەرابی بۆ هێنام
ئیدی هیچ بژاردەیەکی دیکەم نەبوو.
گوتی: دەڕۆم.
_بتڵەکەت لەبیر مەکە.
گەڕاوە ژوور و

بتڵەکەی دەستدایە و گوتی:
هیچ ئومێدێکت لێنابینرێ
کاتێ کە دەمریت و دەتسووتێنن
پێویستە پفکەی سەوز و شینت
لێ زیادکەن..
گوتم: باش.
_پاش شەش مانگیتر دەتبینمەوە
هاواری کرد و
دەرگاکەی لە دوای خۆی
توند داخست.
باش
بیرمکردەوە
بۆ ئەوەی لێی رزگار بم
پێوستە لەگەڵ
خوشکی دووەمیشی سێکس بکەم
چوومە ژووری نووستن و
بە دوای ژمارەی
تەلەفۆنیدا گەڕام

هەرچی هاتەوە بیرم هەر ئەوە بوو
کە لە _سان ماتیۆ_ دەژییێت و
کارێکی زۆر باشیشی هەیە.

## عاشقی گوڵ

لە چیاکانی _ڤاڵکیری_
لە نێوان تاووسە شکۆمەندەکان
گوڵێکی گەورەی
بە قەبارەی سەرێکم دۆزییەوە
کاتێ سەری خۆمم بۆی برد
تا بۆنی بکەم
نەرمایی گوێچکەم و
بەشێ لە کەپووم
چاوێک و
نیو پاکەت جگەرەم لە دەستدا.
ڕۆژی دواتر گەڕامەوە
تا ئەو گوڵە لەعنەتییە بقرتێنم
بەڵام هێندە جوان هاتە بەرچاوم
تا ڕادەیێ لە جیاتی قرتاندنی ئەو
تاووسێکم کوشت.

## جا ئێستا؟

وشەکان هاتن..

دواتر ڕۆیشتن.

من بە نەخۆشیی دادەنیشم

زەنگی تەلەفۆن لێدەدا..

پشیلە دەخەوێ

_ليندا_ گێسکی کارەبایی پێدەکا و

من چاوەڕوان دەکەم بژیم

چاوەڕوان دەکەم بمرم

بریا لە تەلەفۆن

داوای کەمێک ئازایەتییم بکردبا

ئەوە چارەسەرێکی پڕوپووچە

بەڵام ئەو درەختەی دەرەوە

نازانێ کە من چاودێریی دەکەم

لەگەڵ _با_

لەژێر تیشکی

خۆری رەسەندا دەلەرێتەوە

لێرە ناکرێ هیچ بگوترێ

جگە لە چاوەڕوانیی و

هەر یەکە و خۆی دەبێ بە تەنیا

رووبەڕووی ببێتەوە

ئاهـ، رۆژێ لە رۆژان گەنج بووم

ئەو رۆژگارە

باوەڕ ناکرێ کە چەند گەنج بووم.

## هاوینێکی سارد

بەو خراپییە نییە
کە پێیڕابگەیەنرێ
بەڵام بای خۆشی خراپە
لە دەرەوەی نەخۆشخانە
لە ناوەوەی نەخۆشخانە
لە دەرەوەی ژووری دکتۆران
بەرەو ژووری دکتۆران
هەڵواسراو بە داو
_تۆ چاک دەبیتەوە
نا، بوەستە
دوو خانەی نوێ و
خڕۆکەکانت لە دابەزینێکی بەهێزن
گەڕایتەوە بۆ مەشروب خواردنەوە؟
بەیانی نمونەیەکیتر
لە مۆخی ئێسقانت دەپشکنین.
دکتۆر سەرقاڵە و

ژووری چاوەڕوانیی
بەشی سەرەتان قەرەباڵغە
پەرستارە کچەکان نەرم و نیانن
گاڵتەم لەگەڵ دەکەن
بە کارێکی میهرەبانی دەبینم
مەبەستم ئەوەیە
گاڵتە بکەیت و
تۆ لە دۆڵی سێبەرەکانی مەرگدابیت.
ژنەکەم لەگەڵمە
هەست بە نیگەرانی دەکەم بۆی
هەست بە نیگەرانی دەکەم
بۆ هەموو خانمانی شووکردوو
دواتر دادەبەزینە گەراج
هەندێجار ژنەکەم لێدەخوڕێ
هەندێجار من لێدەخوڕم
ئێستا نۆرەی منە
هاوینێکی سارد بوو
ژنەکەم دەڵێ:

_كە دەگەینەوە ماڵ

ڕەنگە پێویستت بەوەبێ

حەمامێک بکەی.

ئەوڕۆ ڕۆژێکی گەرمترە

لەوەی کە پێیڕاهاتووین

وەڵامی دەدەمەوە

_بە دڵنیاییەوە.

گەراج جێدێڵین.

ئەو ژنێکی بەهێزە

وا نیشاندەدا کە هەموو شتێ

وەک هەمیشە بەڕێوەدەچێ

بەڵام ئێستا پێویستە حیسابی هەموو

ئەو شتە زۆر زۆرانە بدەم

کە چەندین ساڵە بە فیڕۆم داون

کاتی قەرزدانەوەیە ئەگەر رازی بن

بە یەک دەفعەی ئەخیر

بەڵێ

لەوانەیە کەمێ بچمە حەمام.

## بەڵێ بەڵێ

کاتێ خوا خۆشەویستیی خولقاند
زۆر هاوکاریی نەکردین.
کاتێ خوا سەگی خولقاند
هاوکاریی سەگی نەکرد.
کاتێ خوا رقی خولقاند
سوودی زۆر بوو.
کاتێ منی خولقاند
لە بیری چوو بمخولقێنێ.
کاتێ خوا مەیمونی خولقاند، خەوتبوو.
کاتێ خوا زەڕافەی خولقاند، مەستبوو.
کاتێ خوا ئەفیونی خولقاند، سەرخۆشبوو.
کاتێ خوا خۆکووشتنی خولقاند، غەمگینبوو.

کاتێ خوا تۆی بە ڕاکشاویی

لەسەر قەروێڵە خولقاند

دەیزانی چیدەکا،

مەست و سەرخۆشبوو..

کاتێ خوا چیا و دەریا و ئاگری خولقاند

هەندێ هەڵەی ئەنجامدا

بەڵام کاتێ تۆی بە ڕاکشاویی

لەسەر قەروێڵەدا خولقاند

گەورەیی خۆی

بەسەر گەردوونی پیرۆزی خۆیدا نواند.

## مەرگی کاڵفامێک

لەگەڵ مشک و چۆلەکە دەدوا
لە شازدەساڵیدا پرچی سپی بوو
باوکی هەموو رۆژ لێیدەدا و
دایکیشی لە کڵێسە مۆمی دادەگیرساند.
کاتێ دەخەوت
داپیرەی دەهات
نوێژی لەسەر دەخوێند
تا شەیتانی لێدەرکا
لەو کاتانەدا گوێبیستی
دایکی کوڕە دەبوو
کە بەسەر ئینجیلەوە دەگریا..
دەستیپێکرد گرنگی بە کچان نەدا
دەستیپێکرد گرنگی بەو یاریانە نەدا
کە منداڵان دەیانکرد
هیچ شتێ نەبوو گرنگی پێبدا

دەستپێکرد گرنگی بە هیچ نەدا

دەمی زۆر ناشرین بوو

ددانەکانی ناشرین و دەرپەڕیو بوون

شانەکانی بێ تین و

پشتیشی وەک هی پیرەمێردان کووڕ بوو

لە گەڕەکی ئێمە دەژیا

کە بێزار دەبووین

باسی ئەومان دەکرد و

دواتر باسی بابەتی خۆشتریش

بە دەگمەن لە ماڵ دەهاتە دەرەوە

ئێمە حەزمان دەکرد ئازاری بدەین

بەڵام باوکی کە زلحۆرتێکبوو

لە جیاتی ئێمە ئازاری دەدا

رۆژێ لە رۆژان

لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا مرد

هەواڵی مردن

لە گەڕەکی بچووک

زوو بڵاودەبێتەوە و

دوای سێ چوار ڕۆژیش
مردوو لە بیر دەچێتەوە
بەڵام مەرگی ئەو
لای هەموومان مایەوە
هێشتایش لە شەشی ئێوارانددا
بەر لە تاریکییێکی تەواو
رێک لە کاتی عیشادا
هەر لە بارەی ئەوەوە قسەمان دەکرد
ئێستا دوای چەند
_دەیە_ لە زەمەن
هێشتایش کە بەو گەڕەکەدا ڕەتدەبم
بیر لە مەرگی دەکەمەوە
کەچی هەموو مردووەکانیتر و
هەموو ئەو شتانەیشم
کە دوای مەرگی ئەو ڕوویاندا
لەبیر نەماون.

## ئاوەزەکان

سەربازەکان بەبێ چەک
پێشڕەوی دەکەن
گۆڕەکان بۆشن
تاووسەکان
لە ژێر باراندا هەڵدەخلیسکێن
پیاوە مەزنەکان لە پەیژەوە دادەبەزن
خواردنی پێویست و
کرێی پێویست و
کاتی پێویست هەیە
ژنەکانمان کەنەفت نابن
من کەنەفت نابم
لە پەنجەی سواڵکەرەکاندا
ئەنگوستیلەی ئەڵماس هەیە

هیتلەر تەوقە لەگەڵ

یەهودییەک دەکا

لە ئاسماندا

بۆنی

گۆشتی برژاو دێ

من پەردەیەکی سووتاوم

من ئاوێکی هەڵمینم

من مارم

من لێوی گڵاسێکی بریندارم

من خوێنم

من حەلەزوونێکی داگیرساوم

بەرەو ماڵ غلۆر دەبمەوە.

## حاڵی دڵت چۆنە؟

لە خراپترین ڕۆژەکانی ژیانم
کاتێ لەسەر کورسی باخچە دەخەوتم
یا لە زیندان
یا کە لەگەڵ سۆزانییەکان دەژیام
هەمیشە ڕازی و قایلبووم.

ئەوە ناونانێنم بەختەوەریی
بەڵکو شتێکی زیاترە
ئەوە جۆرێکە لە هاوسەنگیی ناخ
واملێدەکا هەرچی ڕووبدا
پێی ڕازی بم و
هەر ئەوەش زۆر یارمەتیدام
وەک کرێکارێکی ماندوو لە کارگەکان
وەک عاشقێکی فاشل لەگەڵ ژناندا.

# شەوێکی مەزن لە شاردا

ئەوە تۆیت ئێستا،
سەرخۆش
لە کۆڵانە تاریکەکانی شارێ
ئەوە شەوە، تۆ چەند ونیت؟
ژوورەکەت کەوتۆتە کوێ؟
بۆ گەڕان بە دوای خۆتدا
دەچیتە مەیخانە
داوای وێسکی تێکەڵ بە ئاو دەکەیت
دوای تەڕبوونی قۆڵی کراست
لەعنەت لە مێزی پیسی
مەیخانە دەکەیت.
کە شتێ تێکەڵی وێسکی بکەیت
هێزی خۆی لە دەستدەدا
داوای گڵاسێ بیرە دەکەیت

_خانمی مەرگ_ بە جلی جوانیەوە
بەرەو تۆ دێ، لە نزیکتەوە دادەنیشێ و
جەستەی بۆنێکی سووکی لێدێ
ئەژنۆی بە ئەژنۆتەوە دەنووسێنێ
قاچم گەمژانە بزە دەکا
راڕام کرد
ئەو نازانێ کە من پۆلیس
یا تاوانبار یا شێت یا گەمژەم.

داوای پێکێ ڤۆدکا دەکا
ڤۆدکا دەڕژێنێتە سەر بیرە
ئێستا یەکی شەوە
لە جیهانێکی تۆقێنەری مردوو.

لێی دەپرسی: بۆ هەر سێکسێ چەند وەردەگری؟
دواتر هەموو مەشروبی پێشت
دەخواتەوە و وەک زەیتی ماکینەکان
خواردنی خۆی دەخوا.

_خانمی مەرگ_ شوێنی خۆی جێدێڵێ
قاچم و بزە گەوجەکەی
شوێنی خۆیان جێدێڵن.

ئێستا دەزانیت ژوورەکەت لە کوێیە
ئەو ژوورەی کە بتڵێ شەراب
لەنێو دۆلابەکەیدایە
ئەو ژوورەی کە فلتەری جگەرە
تێیدا سەما دەکا
ئەو ژوورە کاملەی_ستارفۆرد_
کە دوا خۆشەویستییت تێیدا
بە پێکەنینەوە مرد.

## رادیۆی بە هەناو

کاتێ لە قاتی دووەم
لە شەقامی _کۆرونادۆ_ دەژیام
کە سەرخۆش دەبووم
رادیۆکەم فڕێدەدایە باخچە
سەرباری ئەوەش
لە چڕینی گۆرانی بەردەوام دەبوو
بێگومان لەسەر رێی خۆشیدا
شووشەی پەنجەرەی دەشکاند
دواتر دەکەوتە سەرزەوی و
من بە ژنەکەمم دەگوت:
ئای لەو رادیۆ مەزنە!
رۆژی دواتر چوارچێوەی پەنجەرەکەم
دەردەهێنا و دەمبردە لای جامچی
تا شووشەی نوێی تێبگرێ.
هەر کە سەرخۆش دەبم
رادیۆکە لە پەنجەرە دەگرم

هەمیشە دەکەوێتە سەرزەوی و
لە چڕینی گۆرانیش بەردەوام دەبێ
ئای لەو رادیۆ سیحراوییە
هەموو بەیانییەکیش پەنجەرەی جام شکاو
دەبەمە لای جامچی.
نازانم کەی لەو خووە رزگارم بوو
رەنگە ئەو کاتە بووبێ کە ماڵم گواستەوە.
بەڵام ئەوەم لەبیرە
ژنەکەی دراوسێم لە قاتی عەردیی
تەنیا جلی مەلەی دەپۆشی
لە باخچەی ماڵەکەیدا کاری دەکرد
بە خاکەناس هەڵیدەکۆڵی و
خۆڵەکەی بڵند هەڵیدەدایە نێو هەوا.
منیش لای پەنجەرە شکاوەکە
دادەنیشتم تا سەیری
هەڵاتنی خۆر بکەم لەسەر جەستەی
لەو کاتەی کە رادیۆکە
بەردەوامبوو لە چڕینی گۆرانیی.

## جیاوازیی لە نێوان

## شاعیری باش و خراپ، بەختە

پێموایە

لە بەیتوونەیەکی _فیلادلفیا_ دەژیام

بە هاوین گەرم دەبوو

بۆیە هەر لە مەیخانەکاندا دەمامەوە.

یەک سەنتم نەبوو،

بۆیە رێکلامێکم لە رۆژنامە بڵاوکردەوە

نووسیبووم: من نووسەرێکم

بە دوای کاردا دەگەڕێم

ئەوە درۆیەکی نەفرەتی بوو

من نووسەرێکم بە دوای هەندێ کات و

کەمێ نان و

دابینکردنی کرێدا دەگەڕێم

دوای دوو رۆژ

که لە شوێنێ گەڕامەوە

خانمی خاوەن ماڵ گوتی:

یەکێ پرسیاری تۆی دەکرد

گوتم: نا هەڵەیەک هەیە.

گوتی: هەرگیز،

نووسەرێک بوو

هاتبوو یارمەتی بدەیت

بۆ نووسینی کتێبێکی مێژوویی.

گوتم: ئۆهـ.. باشە و

زانیم کە پارەی

کرێی هەفتەیەکیتر لە گیرفانمدایە.

دانیشتم و

دەستم بە شەرابخواردنەوە کرد و

تەماشای کۆترە خۆپارێزەکانم دەکرد

کە کۆببوونەوە و

لە دەست گەرمای سەربان دەیاننااڵاند

دەنگی رادیۆم ئەخیر بەرز کردەوە

شەرابمخواردەوە و دەمپرسی:

چۆن دەتوانم
وا لە کتێبێکی مێژووی بکەم
هەم بە چێژ و
هەم ئەمین بێ
لە یەک کاتدا؟
بەڵام ئەو بێقیمەتە نەگەڕایەوە
ناچاربووم گرێبەست
لەگەڵ جەماعەتی سککەی شەمەندەفەر
ئیمزا بکەم کە روو لە رۆژئاوا بوون
لە کاردا خواردنی نێو قووتیان داینێ
بە بێ ئامێری کردنەوە
لەسەر کورسی و لایەکانی عارەبانەکان
کە تەمەنی غوباریان سەد ساڵبوو
سەری قووتییەکانمان کردەوە
خواردنەکە خاوبوو،
ئاویش تامی فتیلەی مۆمی دەدا
دواتر لە شوێنێ لە شوێنەکانی _تەکساس_
خۆم هەڵدایە نێو دەوەنێ

ئەو شوێنە هەتا چاو بڕی دەکرد
هەر سەوزایی وماڵی جوانبوو
باخچەیەکم دۆزییەوە و
بە درێژایی شەو تێیدا خەوتم
دواتر منیان دۆزییەوە و
خستمیانە زیندان و
پرسیاری تاوانبار و
دەزەکانیان لێکردم
دەیانویست زۆر شتی
نێو فایلەکانیانم نیشانبدەم
تا چالاکییەکانیان بنوێنن
بەڵام من ئەو بێزارکەرە نەبووم.
دواتر منیا بردە
شارۆچکەیەکی گەورەی نزیک
کە پەنجا و حەوت میل دووربوو
پیاوێکی زل
شاپێکی لە قوونمدا و ڕۆیشتن.
بەڵام من وەستام.

دوای دوو هەفتە

لە نووسینگەی بینایەی شارەوانی

بە نیوە نووستوویی لەبەر خۆردا

وەک مێشوولەیەکی گەورە لەسەر ئانیشک

کات نا کاتێ دەیانبردمە خوارەوە

بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی شارەوانی

بە وردی چاودێریم دەکرد

وەک ئەوەی من بزانم چی روودەدا

وەک ئەوەی من بزانم کە داهاتی

ئەو شارۆچکەیە حەقیرە

چۆن خەرجکراوە.

دوای ئەوە چوومە سەر قەروێلە و

واگا هاتم و هەمووم شوێنەواری ددان بوو

گوتم: ئۆهـ خوایە

خۆشەویستم

لەوانەیە تووشی سەرتانم بکەیت و

من خەریکی

نووسینەوەی مێژووی جەنگی _قیرم_م.

هەموویان هاتنەماڵی ژنەکە

هەموو چێڵەوانەکان

هەموو چێڵەوانەکان

بە منگە منگ

بە دەبەنگیی و تۆزاویی

هەموومان تەوقەمان کرد

جینزێکی کۆنم لە پێدابوو

گوتیان: ئۆهـ.. تۆ نووسەریت.. ها؟

گوتم: باشە.. هەندێ پێیانوایە نووسەرم

هەندێ هێشتا بیری لێدەکەنەوە و

هەندێکیش هەرگیز ناوی منیان نەبیستووە.

دوای دوو هەفتە

لە شارۆچکەکەدا

دەریانکردم.

## رۆمانسییێکی ئەدەبی

دەتوانم بڵێم: ئەو ژنەم
لە رێگەی نامە گۆڕینەوە
یا شیعر
یا گۆڤارەکانەوە ناسی و
دەستیکرد بە ناردنی
شیعری زۆر وروورژێنەر
لەبارەی ئیغتیساب و
هەوەسبازییە بۆم
بەڵام چونکە بە ئەندێشەیەکی پاکەوە
رەخنەی دەگرت
کەمێ سەرنجی راکێشام

سواری سەیارەبووم و بەرەو باکوور
بەنێو چیا و دۆڵ و رێگە گشتییەکان
بە بێ خەوتن رێگەم گرتەبەر
سەرخۆشیی بەریدابووم
تازە ژنەکەی خۆمم تەڵاقدابوو
بێکار، کەنەفت، هیلاک
بەلایەنی کەمەوە پێویستیم
بە پێنج یا دە ساڵ خەوتن هەبوو
دواجار شوێنێکی حەسانەوەم
لە شارۆچکەیەکی بچووکی خۆرین
لە تەنیشت رێگەیەکی قوڕاوییدا دۆزییەوە
دادەنیشم، جگەرە دەکێشم و
بیر دەکەمەوە و بە خۆم دەڵێم:
-چار نییە، تۆ شێتی.
کاژێرێک لە مەوعیدەکەم درەنگتر گەیشتم
قژبۆزێکی پیری لەعنەتی
تەمەنی بە قەد من دەبوو
زۆر ورووژێنەر نەبوو

سێوێکی نەگەیووی دامێ
بەو چەند ددانەی کە ماومە گەززەم لێدا
دیاربوو ئەو بە نەخۆشییەکی نادیار دەمرد
شتێکی وەک رەبۆ و
گوتی: دەمەوێ نهێنییەکت پێبڵێم
گوتم: دەزانم تۆ سی و پێنج ساڵیت و
کەچی هێشتایش کچیت.
دواتر دەفتەرێکی دەرهێنا
دە یا دوازدە شیعری دەرهێنا
بەرهەمی ژیانی و
لەسەر منیش پێویستبوو بیخوێنمەوە
ویستم لەگەڵی نەرم و نیان بم
بەڵام شیعرەکانی یەکجار خراپبوون
دواتر بردمە شوێنیتر
یاریگەی بۆکسێن
لەنێو دووکەڵدا کۆخی و
دەستەکانی تێکئاڵاندبوو
بەردەوامبوو لە سەیرکردنی

یاریزانانی بۆکسێن
لەگەڵ ئەوەیش کە من لەو شەوەدا
لەسەر گردەکان ورووژام
لێی پرسیم:
تۆ هیچ رۆژێک لە رۆژان
نەتزانیوە ورووژاندن یانی چی؟
سێ چوار جار بینیم
لە هەندێ لە شیعرەکانیدا
هاوکارییم کرد و
زمانیشی هەتا ناو قۆڕگم برد
بەڵام کاتێ کە جێمهێشت
هێشتا هەر _کچ_ و
شاعیرێکی زۆر خراپیش بوو
من باوەڕم وایە ئەگەر ژنێ
بە درێژایی سی و پێنج ساڵ
قاچەکانی لێک نەکردبێتەوە
ئەوە شیعر و خۆشەویستیی
لەمێژە وازیان لێی هێناوە.

## ئامۆژگارییەکی دۆستانە

## بۆ زۆربەی گەنجان

بڕۆ تبت

سواری پشتی جوانییبە

کتێبی پیرۆز بخوێنەوە

پێڵاوت بە گیا چەورکە

ریشت بەردەوە

بە بەلەمێکی کاغەزین

بە دەوری دنیادا گەشت بکە

بەشداریی لە کڕینی رۆژنامەی

_ساتردەی ئیڤینگ پۆست_ بکە

خۆراکت تەنیا بە شەویلاکی چەپت بجوو

لەگەڵ ژنێکی یەک قاچ زەواج بکە

بە مووسێکی تیژ ریشت بتاشە و

ناوت لەسەر باسکی هەڵبکەنە

ددانت به بەنزین بشۆ

به درێژایی رۆژ بخەوه و

شەو بەسەر درەختدا هەڵگەڕێ

ببه راهیب و

بیره لەگەڵ خەردەل بخۆوه

سەرت بخه ژێر ئاو

کەمان بژەنه

سەمایەکی خۆرهەڵاتیانه

لەنێوان مۆمه پەمبەییەکان سەما بکه

سەگەکەی خۆت بکوژه

خۆت بۆ پارێزگار هەڵبژێره

لەناو بەرمیل بژی

به تەور سەرت بشکێنه

گوڵی تولیب له ژێر باراندا بڕوێنه

بەڵام شیعر مەنووسه.

## شێواز

شێواز وەڵامی هەموو پرسیارێکە
رێگایەکی سازگارە تا شتێکی وەڕسکەر
یا ترسناک درووست بکا
بە شێوازت شتێکی وەڕسکەر بخولقێنی
باشترە لەوەی بەبێ شێواز
شتێکی ترسناک درووست بکەیت
من ئەوە ناودەنێم: هونەر.

دەکرێ زۆرانبازیی لەگەڵ
_گا_یەکان ببێتە هونەر
دەکرێ بۆکسێن ببێتە هونەر
دەکرێ سێکس ببێتە هونەر
دەکرێ کردنەوەی
قووتی ماسی سەردین ببێتە هونەر.

کەم کەس شێوازی خۆیان هەیە
کەم کەس پارێزگاریی لە شێوازیان دەکەن
هەندێ سەگم بینی
شێوازی زۆرتریان هەبوو لە مرۆڤ
لەگەڵ ئەوەش کە زۆربەی سەگەکان
شێوازیان نییە
بەڵام پشیلەکان شێوازی زۆریان هەیە.

کە هێمنگوای بە گوللـەیێ
دەماغی خۆی بە دیوارەوە نووساند
ئەوە شێوازە.
هەندێجار ئەوانی دیکە
شێوازت پێدەبەخشن
جان دارک شێوازی خۆی هەبوو
یوحەننا مەعمەدان، مەسیح،
یولیوس قەیسەر، گارسیا لۆرکا.
لە زیندان چاوم بە هەندێ کەس کەوت
شێوازیان زۆرتربوو لەوانەی

لە دەرەوەی زیندان چاوم پێیان کەوت.
شێواز جیاوازییەکانە
ڕێگاییێکە بۆ ئەنجامدانی شتەکان و
ڕێگاییێکە بۆ بەدەستهێنانیان
شەش لەقلەقەکە بە هێمنی
لەنێو دەریاچە دەوەستن
یا تۆیت کاتێ لە حەمام دەردەچیت
بە ڕووتیی ڕێدەکەیت و کەس نابینی.

# مەلێکی شین

لە دڵمدا مەلێکی شین
پەرۆشی چوونە دەرەوەیە
بەڵام من دڵڕەقم لەگەڵی
پێیدەڵێم: ئا ئەلێرە بمێنەوە
ڕێنادەم کەس بتبینێ.

لە دڵمدا مەلێکی شین
پەرۆشی چوونە دەرەوەیە
بەڵام من وێسکی بەسەر دادەبارێنم و
لە دووکەڵی جگەرەمدا نوقمی دەکەم
نە سۆزانییەکان و
نە مەیگێڕی مەیخانەکان و
نە کرێکارانی میوەفرۆشیش دەزانن
کە ئەو لە دڵی مندایە.

لە دڵمدا مەلێکی شین
پەرۆشی چوونە دەرەوەیە
بەڵام من دڵڕەقم لەگەڵی
پێیدەڵێم: لێرە نیشتەجێبە
دەتەوێ کارەکانم بشێوێنی؟
دەتەوێ فرۆشیی کتێبەکانم
لە ئەوروپا کەمبکەیتەوە؟

لە دڵمدا مەلێکی شین
پەرۆشی چوونە دەرەوەیە
بەڵام من زۆر ژیرم
تەنیا شەو دەینێرمە دەرەوە
ئەو کاتەی کە هەموو خەوتوون
پێیدەڵێم: غەم مەخۆ
دەزانم تۆ لەوێیت
دواتر دەیگەڕێنمەوە.
بەڵام ئەو لەوێ
هەندێجار ستران دەچڕێ

ئەگەر رێنەدەم بە تەواوی بمرێ

بە یەکەوە دەخەوین و

پەیماننامەی نهێنی خۆمانمان لایە

بەڵێ ئەوە تا ئاستێ دڵڕفێنە

کە پیاو دێنێتە گریان

بەڵام من ناگرییێم

ئایا تۆ دەگرییێی؟

## باوکم و بێکارێک

باوکم باوەڕی بە کارکردن بوو
شانازی بە خۆی دەکرد چونکە کارمەند بوو
هەندێجار بێکار دەبوو، هەستی بە شەرمەزارییێکی
هێندە گەورە دەکرد تا ئاستێ
بەیانیان ماڵی جێدەهێشت و ئێوارە دەگەڕایەوە
تا دراوسێکان درکی پێنەکەن.
بەڵام من دراوسێیەکەمانم خۆشدەویست
لە حەوشەی پشتەوەی ماڵەکەیدا
کورسییەکی دادەنا و
تیری لەو بازنانە دەگرت
کە لەسەر دیواری گەراجەکەی کێشابووی.
لە لۆس ئەنجلۆسی ساڵانی سییەکان
حیکمەتێکی هەبوو
گۆتە و هیگل و کیرکگارد و
نیتچشە و فرۆید و گاسپر و هایدگەر
نەیاندەتوانی دانی پێدانەنێن.

## مشكەكان

باوكم هەندێ فەرخە مشكی ڕاوكرد

فەرخە مشكەكان هێشتا زیندووبوون

كە باوكم یەك لە دوای یەك

دەیهاوێشتنە ناو ئاگردانێكی داگیرساو.

ئاگرێكم داگیرساند و دەمویست باوكمی هەڵدەمە ناوی

بەڵام چونكە هێشتا دە ساڵبووم، ئەو كارە مەحاڵ بوو.

_باشە ئەوە مردن، ئەو پیسانەم تۆپاند

باوكم ئاوای پێگوتم.

_زۆرت لێنەكرابوو بیانكوژی.. ئاوام پێیگوت.

_دەتەوێ لە ماڵ بێن و بڕۆن؟

ئەوانە پیسایی دوای خۆیان جێدێڵن و

نەخۆشیی دێنن، دەتەوێ چیم لێكردبان؟

_وەك ئاژەڵی ماڵیی بەخێوم دەكردن.

_ئاژەڵی ماڵیی؟ ئێوە چیتان بەسەر هاتووە؟

گڕی نێو ئاگردانەكە زۆر بە هێوری كزدەبوو تا كوژایەوە.

دیسان جارێكیتر باوكم لێی بردمەوە.

# باخچەکەم

لە خۆر و باراندا
لە ڕۆژ و شەودا
ئازار گوڵێکە
ئازار چەپکە گوڵگە و
لە هەموو کاتەکاندا دەپشکوێ.
جووت قاچ و دوو ڕانی سپی
ئێمە سێ بووین
لە نێوان نۆساڵیی و دە ساڵییدا
سەعات نۆ و نیوی شەو
لای درەختەکانی سەرشەقام کۆدەبووینەوە و
لە تاریکییدا خۆمان مات دەکرد
تا لە ڕێی پەردەوە
تەماشای "کرسون خانم"مان بکەین
هەمیشە تەماشای ڕانی سفتیمان دەکرد
ڕانێکی دەلەرییەوە،

ئای لەو پاژنە بەرز و نایابەی
هەمیشە تەنورەکەی تا پشت چۆکی هەڵدەکرد
_بەڕاستی هەتا پشت چۆکی_
دواتر هەتا ئەو بەستەرەی هەڵدەکرد
کە گۆرەوی پێ بەستبۆوە و
هەندێجار رانە سپییەکانیمان دەبینی
ئای چەند سەیرمان کرد و
چەند چرپاندمان و چەند خەونمان
بەو رانە سپییە تێکسمڕاوەت بینی
لە ناکاو "مستەر کرسون"
لەسەر کورسی هەڵدەستا
تا پیاسە بە سەگ بکا
لەو کاتە ئێمە بەناو گۆڕەپانە سەیرەکان
دەستمان بە راکردن دەکرد و
بەسەر تێلپەرژینی تۆڕینی
پێنج قەدەم بەرز هەڵدەگەڕاین و
دەکەوتین و هەڵدەستاینەوە و
شەقامەکانمان تێدەپەڕاند

تا دواجار ئازایەتییمان دەگەڕایەوە و
لای کۆشکی هەمبەرگرفرۆشییەکە
بۆ کۆلا خواردنەوە دەوەستاین
من زۆر دڵنیام
کە هەرگیز "کرسون خانم" نەیزانیوە
قاچ و رانە سپییەکانی
چی بەسەر ئێمەدا هێناوە.

# وەحش

گوتی: تۆ وەحشی
زگێکی سپی گەورە و
دوو قاچی بە موو
قەت نینۆکەکانت ناکەی
دەستەکانت قەڵەون و
چنگت چنگەکانی پشیلە و
کەپوویێکی سووری بریقەدار و
لە ژیانیشمدا هیچ گونێکم نەبینیوە
لە گونی تۆ گەورەتر
وەک چۆن نەهەنگ
ئاو لە بۆشایی پشتی فڕێدەدا
تۆش ئاوا سپێرم فڕێدەدەی
ئەی وەحشی وەحشی وەحشی
ماچێکی کردم و گوتی:
حەزت لە چییە بۆ تێشت؟

# حـــــاڵ

لە خوارەوە و سەرەوەی جادەکان
مرۆڤ ئازار دەچێژێ
بە ئازارەوە دەخەون
بە ئازارەوە بە خەبەر دێن
هەتا باڵەخانەکانیش ئازار دەچێژن
هەتا پردەکان و
گوڵەکانیش ئازار دەچێژن
دەربازبوون لە ئازاردا وجودی نییە
ئازار دادەنیشێ
دەکوژێتەوە
چاوەڕێ دەکا
دێتە وجود و
ناپرسێ
سەرخۆش و
موعتاد و
خۆکووشتن و

مۆسیقای خراپ و

خۆشەویستیی و

سیناریۆ و

ئەو شوێنەی کە ئێستا

ئەو شیعرەمی لێ تایپدەکەم و

ئەو شوێنەش کە تۆ ئەو شیعرەمی

لێ دەخوێنییەوە

بۆچی هەن.

ژنی یەکەمم و تاکە ژنم بەدەم وێنە کێشانەوە

لە بارەی ئازاری رەسمکێشانەوە

قسەی بۆ دەکردم:

ئەوە زۆر بە ئازارە بۆم

هەر فلّچە وەشاندنێ کنایەیە لە ئازارێ

یەک هەڵە هەموو تابلۆکە تێکدەدا و

ئازاریش لەوە تێناگا..

گوتم: گوێبگرە خۆشەویستم

بۆچی شتێکی ئاسان ناکەی

شتێ کە خۆشتبوێ؟

ئەو هیچ ناکا تەنیا تەماشام دەکا و
باوەڕ دەکەم ئەوە یەکەمجارە
تێدەگا کە بە یەکەوەبوونمان چ کارەساتێکە
ئەو جۆرە تێگەیشتانەش
هەمیشە لە چرکەیێ لە چرکەکانەوە دەستپێدەکا.
"لی" وەک بارستەیەکی لاڵ رادەکشێ
دەتوانم هەست بە چیای گەورەی
سەری بۆشی بکەم، بەڵام زیندووە.
باوەشک دەدا و کەپووی دەخورێنێ
سەرچەف بە خۆی دادەدا
کەمێکیتر ماچێکی دەکەم
ماچی خەو و دەخەوین.
لەوێش لە دوورەوە ئیسکۆتلەندا هەیە و
لە ژێر خاکیش سمۆرەکان رادەکەن
دەنگی جوولەکانی شەو دەبیستم و
بە درێژایی ئاسمانیش
دەستێکی سپی ئاماژەم بۆ دەکا:
ئێوارەت شاد، خۆشەویستم، ئێوارەت شاد.

# ئاشتی

پێموابوو کۆتر باڵندەی ئاشتییە
بەڵام لێرە گوللـەی لێدەگرن و
دەیکەوێننە ناو پژوپۆکان.
بە لاپاڵی کێوەکان هەڵدەزنێن و دەیانکوژن
کۆتر روو لە هەرکوێ بکا
لەوێ راوچی دەبینی گوللـە داوێن
پیاوێ هەیە بە رەهایی لە کۆتر ناکا،
جارێ شانی پێکێندرا
بێقەراربیەکی زۆر بەرپابوو
کە کۆتر بچووکتر و دەگمەنتر بووە
لە ساڵی پار
بەڵام شێوەی کەوتنە خوارەوەی
لەو کاتەی ژیانی لێدەسەرندرێتەوە
هەمان شێوەیە
منیش لەوێ بووم
بەڵام نەمدەتوانی بە فڵچەی رەسمکێشان

گوللـە لە هیچ شتێ بگرم
دوو راوچی هاتن و لەسەر قوماشی
رەسمکردنم وەستان
هەر وەستان و وەستان و وەستان و
تا لە ئەخیریدا گوتم: توخوا بڕۆن سەیری
پیکاسۆ یا رمبرانت بکەن
سەیری کلی یا گۆگان بکەن
گوێ لە سیمفۆنییەکی ماهلەر بگرن و
ئەگەر هیچتان لەوانە دەستنەکەوت
ئینجا بگەڕێنەوە لەو تابلۆیەم رابمێنن
_ئەو پیاوە چییەتی؟ شێتە ئەوە؟
یەکێکیان وایگوت.
ئەویتر گوتی: کورە هەموویان شێتن.
بەهەرحاڵ من دە کۆتری خۆم راوکرد.
_منیش هەروەها.
برادەرەکەی پێیگوت:
_با بچینەوە دەتوانین پێرابگەین
لە کاتی نانخواردن بگەینەوە ماڵ.

## بۆ ئەو قەحپەیەی شیعرەکانی دزیم

هەندێ دەڵێن:

پێویستە خراپە شەخسییەکانمان

لە شیعرەوە دوور بگرین..

"ئەبستراکت بمێنەوە"

لۆژیک لەو قسەیەدا هەیە

بەڵام ئەی خوایمن

دوازدە شیعرم رۆیشت،

کۆپیشم نییە و

باشترین تابلۆکانی منیشی لایە

ئەوە شەڕە..

دەتەوێ وەک ئەوانیتر وێرانمکەیت؟

بۆ پارەی منت نەبرد؟

ژنەکان هەمیشە پارە لە گیرفانی

ئەو سەرخۆشە خەوتووانە دەبەن

کە بە نەخۆشی لە گۆشەیەکدا کەوتوون.

جارێکیتر باسکی چەپم

یا پەنجا دۆلار ببە

بەڵام شیعرەکانم نا..

شەکسپیر نیم

بەڵام بە سانایی هەندێجار

شیعری زۆرم نییە جا ئەبستراکت بێ

یا هاوشێوەی

هەمیشە و هەتا بۆمبی ئەخیریش

سەروەت و قەحپە و سەرخۆشەکان دەمێنن

بەڵام وەک خوا کە "پێ لەسەر پێ" گوتی:

من وای دەبینم

شاعیرانی زۆرم درووستکرد

بەڵام شیعری زۆر نا.

## حاڵی پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان

## لە پەنجەرەی نهۆمی سێیەم

کچێک دەبینم
بلوزێکی تەنکی سەوز و
شۆرتێکی شین و
جوتێ گۆرەوی شینی درێژ دەپۆشێ و
جۆرە ملوانکەیەک لە گەردەن دەکا
بەڵام مەمکەکانی بچووکن و
ئەوەش جێی غەمگینییە.
سەیری نینۆکەکانی دەکا و
سەگە سپییە پیسەکەی بە وڕیی
لە بازنەکاندا بۆنی گیا دەکا
کۆترێکی نیوەمردووش
بە دڵۆپێ زام لە دەماغیدا خولدەخوا و
منیش لە سەرەوە بە جلی ژێرەوە و

سەکسوکێک کە تەمەنی سێ ڕۆژە
بیرە تێدەکەم و چاودێری
ڕووداوێکی ئەدەبی یا سیمفۆنی دەکەم
بەڵام ئەوان بەردەوامن
لە خولانەوە و خولانەوە و
پیرەمێردێکی لەڕ
کە لە زستانی ئەخیری ژیانیدایە تێدەپەڕێ
کچێ بە جلی قوتابخانەی کاسۆلیکی
دەستی گرتوە و بەڕێوەی دەبا
لە شوێنێ لە شوێنەکاندا چیاکانی ئەلپ و
کەشتی هەن کە ئێستا دەریا دەبڕن
گومبەت گومبەت
بۆمبی هایدرۆجینی و ئەتۆمی هەن
کە بەشی تەقاندنەوەی
پەنجا زەمین و مەریخ دەکەن
بەڵام ئەوان بەردەوامن لە خولانەوە
کچەکە سمتی دەلەرێنێتەوە و
گردە لارەکانی هۆلیوۆدیش لەوێ

پڕن لە سەرخۆش و شێت و
خەڵکێکی زۆریش لەنێو سەیارەکان
ماچ دەگۆڕنەوە
بەڵام بێسوودە و
ئەوان بەردەوامن لە رۆیشتن و
سەگە سپییە پیسەکە
بە ئاسانی خۆی بەتاڵ ناکا
کچە دوا نیگای دەگرێتە نینۆکەکانیی و
بە سمتی لەراوەی دەچێتەوە ماڵەکەی
لە خوارەوەی بینایەکە
سەگەکەی بە دەم ناڵاندنەوە لە دەستی بەستییەوە
بێدڕدونگی دوای کەوتووە و
رێگا دەدا سەیری ئەو کۆترە بکەم
کە سیمفۆنیای کەمتر تیایە
زۆر باشە.. بە گوێرەی ئاماژەی
سرووشتی شتەکانبێ
دەتوانی بحەسێیتەوە
بۆمبەکان ناتەقنەوە.

## رۆژبوونێکی شاد

"ڤاگنەر" بە پیری
ئاهەنگی رۆژبوونی خۆی
لەسەر شەرەفی خۆی سازدا و
دوو مەعزوفەی رەمەکی
پڕ لە گەنجایەتی ژەنی..
دوای تەواوبوون
پرسیاری لێکرا: تۆ داتناوە؟
گوتی: ئا.
پێدەچێ کارەکە ئاوابێ
وەک کە من
هەمیشە حیسابم بۆی کردوە
مەرگ بە کردار
هەندێ باشەی هەیە.

## چوونە ناو سەدەی بیست و یەک

وابزانم ئاهەنگی سەری ساڵبوو لە ماڵی مندا.

بە پێوە وەستابووم و پێکێکم بە دەستەوە بوو

گەنجێکی باریکەلە لێم نزیکبۆوە،

کەمێ مەستبوو، گوتی:

_هانک، ژنێکم دیت پێیگوتم کە دوو ساڵ ژنت بووە.

_بەڕاست؟ ناوی چی بوو؟

_"لولا ئیدواردز".

_قەت ئەو ناوەم نەبیستووە.

_ئاهـ؛ دەی پیاو بڵێ، ژنە وای پێگوتم..

_ئەزیزم نایناسم.

لە راستیدا نەمدەناسی

پێکەکەم تا دوا دڵۆپ خواردەوە و چوومە مەتبەخ

دووبارە پڕم کردەوە و

تەماشای دەوروبەری خۆمم کرد

_بەڵێ ئەوە شوقەکەی خۆمە، مەتبەخەکەم ناسییەوە.

## ئەوەیان دەوێ

_فالیجو_ لەسەر تەنیایی دەنووسێ
کەچی هیلاکە لە برسییەتیدا.
سۆزانییە و گوێی _ڤان کوخ_ رەتدەکاتەوە.
_رامبۆ_ بە دوای سامان
دەچێتە ئەفریقیا تووشی نەخۆشییەکی
بێ دەرمان دەبێ.
_بیتهۆڤن_ کەڕ دەبێ.
_ئیزرا پاوەند_ لە شەقامدا
لە قەفەزێکی ئاسنین بریندار دەکەن.
_شاترتون_ ژهری مشکەکان دەخواتەوە.
دەماغی _هێمنگوای_
دەرژێتە ناو کوپی لیمۆ.
_باسکاڵ_ دەمارەکانی دەستی
لە حەمام دەبڕێ.
_ئارتۆ_ زیندانییە لەگەڵ شێتان.

_دۆستۆیڤسکی_ لە ژووری ئیعدام ڕاگیرا بوو.
_کراین_ لە چارۆگەی کەشتییەوە
خۆی هەڵدەدا.
سەربازە ئیسپانییەکان
_لۆرکا_ لە شەقامی گشتی دەکوژن.
_بیرمان_ لە بڵندایی پردێکەوە
خۆی هەڵدەدا.
_بوروز_ گوللـە لە ژنەکەی دەگرێ،
_مایلەر_ بە چەقۆ.
ئەوەیان دەوێ:
دیمەنی لەعنەتی خوایی
تابلۆی ڕیکلام بە پیتی بارز
لە ناوەڕاستی دۆزەخ.
ئەوەیان دەوێ ئەو کۆمەڵە حەقیرە
گێژەکان،
سەقەتەکان،
بەدبەختەکان،
بە کاربەری دیمەنەکە.

## مـــــــن

پێیگوتم: ژنەکان هیچ شتێ
لە بارەی خۆشەویستییەوە نازانن
ئێوەی پیاو دەزانن
چۆن خۆشەویستی دەکەن
ژنەکان جگە لە خوێن مژین
باوەڕییان بە هیچ نییە
ئەوە دەزانم من، چونکە من ژنم.

هاهاهاهاها لە قاقای پێکەنینمدا.

کەوابێ بیر لە دابڕانت مەکەوە
لەگەڵ (سۆزان)
چونکە بێگومان ئێستا

خەریکی خوێن مژینی پیاوێکترە.
کەمێ ئاوا دواین و
ماڵئاوایم لێی کرد
سەماعەی تەلەفۆنەکەم
لە شوێنی خۆی دانایەوە
چوومە ئاودەست و
بە خۆمم گوت:
هێشتا دەشێم لە ژیاندا بمێنێم
مادەم دەتوانم
پیسییەکانی ناو لەشم و
هەندێ شیعر
فڕێدەمە دەرەوە و
مادەم ماویشم
دەتوانم بەرگەی خیانەت و
تەنیایی و
چەپڵە و
راپۆرتی ئابووری
لە رۆژنامە دارایییەکانەوە بگرم

هەستام و دەستم شووشت و
بیرم کردەوە:
بەڕاستی من دەزانم
خۆشەویستی بکەم؟
خۆم گۆڕی و
بەرەو ژوور کەوتمە ڕێ
ئەو ئێوارەیە
خاون دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە
بە تەلەفۆن پێیگوتم:
ئەو شیعرانەی کە بۆ کچانت نووسیوە
تا پەنجا ساڵیتریش
هەر دەخوێندرێنەوە.
گوتم:
خاوەن دەزگای بڵاوکردنەوەی خۆشەویست
تۆ سەبارەت بە کچان وا دەدوێی
کە بەڕاستی قڕانیان هاتبێ
لە مەبەستت تێدەگەم
بەڵام ئەو ئێوارەیە

کچێکی ڕاستەقینەم بدێ
لە گۆشت و ئێسقان
لێگەڕێ با بەسەر کاشیدا
بۆم غلۆر بێتەوە و
هەموو شیعرە باش و خراپەکانم و
هەموو ئەوانەیش
کە دواتر دەیاننووسم
با بۆ تۆ بن.
بەڵێ، من مەبەستی تۆ دەزانم
بەڵام تۆ،
ئایا دەزانی مەبەستی من چییە؟

## سەرەتا

کاتێ کە ژنەکان
بۆ هەر کوێیەک دەچن
واز لە هەڵگرتنی ئاوێنە بێنن
لەوانەیە تەنیا ئەو کاتە
بتوانن سەبارەت
بە ئازادیی بۆ من بدوێن.

## سەمای ژیان

ئەو ناوچەیەی
کە دەماغ لە رۆح جیا دەکاتەوە
بە چەندین شێوە
کاریگەری ئەزموونی لەسەرە.

هەندێکیان عەقڵ لە دەستت دەدەن و
دەبنە رۆح:
شێتیی.

هەندێکیان
رۆحیان لە دەست دەدەن و دەبنە عەقڵ:
رۆشنبیر.

هەندێکیان هەردووک
لە دەست دەدەن:
قبوڵکراو لە رووی کۆمەڵایەتییەوە.

## مەرگ جگەرە دەکێشێ

هیچی نوێ نییە
من هەمدیس سەرخۆشم و
لە رادیۆ گوێ لە_ چایکۆفسکی_ دەگرم
ئەی خوایە
ئەوە حەفتا و چوار ساڵە
گوێی لێدەگرم
لەو کاتەوەی نووسەرێک بووم
کە لە برسییەتیدا دەمناڵاند
ئەوەتەیە ئەو هەمدیس لێرەیە
ئێستا من نووسەرێکی
نیمچە سەرکەوتووم و
مەرگیش بە هێوریی
لە ژوورەکەمدا دێ و دەچێ و
جگەرە دەکێشێ
قوم لە پێکی شەرابم دەدا
لەو دەمەدا چایکۆفسکی

کار لەسەر سیمۆنیای
شەشەمی دەکا
گەشتێکی سامناکبوو
هەر جارێ کە شانسم بووە
هی ئەوەبوو
من زارم باش هەڵداوە
بە برسییەتی ناڵاندومە
لە پێناو هونەرمدا
بە برسییەتی ناڵاندومە
لە پێناو پێنج دەقیقەی نەفرەتی
پێنج سعات
پێنج رۆژ
تەنیا ویستوومە ئەوە بنووسم
کە لە سەرمدایە
ناوبانگم لا گرنگ نەبووە
بایەخم بە پارە نەداوە
تەنیا ویستوومە ئەوە بنووسم
کە لە سەرمدایە

کەچی هیچیان لێم نەدەویست
جگە لەوەی لە چاپخانە بم و
گەنجێکبم لە بەشی بەرگکردندا
دەیانویست گەنجێکبم
کەلوپەلی دوکانێک رێکبخەم
مەرگ کە بە تەنیشتمدا
هەنگاو دەنێ، دەڵێ: باشە
لە هەموو حاڵەتێکدا دەتکوژم
گرنگ نییە پێشتر چیبووی
نووسەر، سایەق تاکسی، گەواد
قەساب، غەواسی ئاسمان، دەتکوژم
پێیدەڵێم: باشە خۆشەویستم
ئێستا بە یەکەوە دەخۆینەوە
کاتێ سعات لە یەکی بەیانییەوە
دەخزێتە دووی بەیانی تەنیا ئەو دەزانێ
کەی ئەو چرکەساتە دێ
بەڵام فێڵی لێدەکەم پێنج دەقیقەی خۆم و
زۆر شتی دیکەشم بە دەستهێنا.

## دۆزەخ شوێنێکی ترسناکە

تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو
ژنەکەشی شەست و سێ ساڵ
ئەلزهایمەریشی هەبوو.
پیاوەکە سەرەتانی دەمی هەبوو
نەشتەرگەرییان بۆی دەکرد
چارەسەر بە تیشک
چارەسەرگەلێک کە ئێسکەکانی شەویلاکی
لەبەر یەک هەڵوەشاندبۆوە
وایلێهاتبوو بە تێل بۆیان دووریبۆوە
رۆژانە وەک منداڵ
پەمپێرسی ژنەکەی دەگۆڕی
لەبەر نەخۆشی نەیدەتوانی سەیارە لێبخوڕێ
دەبووایە تاکسی بیگەیەنێتە نەخۆشخانە
لە قسەکردندا کێشەی هەبوو
بۆیە دەبووا ئەدرێسی نەخۆشخانە بنووسێ

لە دوایین ڕۆیشتنی بۆ نەخۆشخانە
پێیانگوتبوو دەبێ نەشتەرگەرییەکیتر بکا
بەشێ لە ڕوومەتی چەپی و
بەشێ لە زمانی..
کە گەڕایەوە ماڵ پەمپێرسی ژنەکەی گۆڕی
خۆراکی بەستووی هێنا
تا بیخاتە نێو فڕن
تەماشای هەواڵەکانی کرد
چووە ژووری خەو
لوولەی دەمانچەی خستە نێوان
چاو و گوێچکەی و تەقاندی
بە چەپدا کەوت
لەسەر قەنەفە دانیشت و دەمانچەکەی
خستە نێو دەمیی و تەقاندنی
گوللـەکان دراوسێکانی بە ئاگا نەهێنا
دواتر بۆنی خواردنی سووتاو
ئەو کارەی کرد
یەکێ هات

دەرگاکەی پاڵدا
کردییەوە و
بینی کە چی ڕوویداوە
دوای کەمێ پۆلیس گەیشت
وەک هەمیشە ڕۆتینیات و
هەندێ شتی دۆزییەوە
حیسابی پاشەکەوت و
دەفتەری چەک
14.1دۆلار
پۆلیس بۆی دەرکەوت _خۆکووشتن_ە.
دوای سێ هەفتە
کرێچی نوێ هاتبوون
ئەندازیارێکی کۆمپیوتەر
بە ناوی _ڕووس_ و
ژنەکەی _ئاناتانا _
کە بالێی خوێندبوو
بە ژن و مێردێکی پڕ لە ئومێد دەچوون
لە چینی ناوەند.

**های دولی**

بەر لە پێنج هەفتە جێیهێشتم و
بەرەو _ئوتا_ سەفەریکرد.

وامزانی رۆیشتووە، ئا ئەوەتەیە.

بەر لە چەند رۆژ چووم نامەیەکی بۆ بنێرم
دیتم لەسەر کورسییەکی ێستگەی پاس دانیشتووە
لە پشتەوە، پرچی رێک پرچی ئەو بوو
ترپە ترپی دڵم لە نوێوە منی گەڕاندەوە سەرەتا
هەنگاوەکانم خێراکرد
سەیری رووخساریم کرد
ئەو نەبوو
خاڵخاڵ،
کەپوو فش،
چاو سەوز
هیچی لەو نەدەچوو، هیچ هیچ.

ماوەیەکیتر لە جادەیەکی سەیر

لە مەیخانەیەکەوە دەچوومە مەیخانەیەکیتر

تەماشای پێشەخۆم دەکرد

تەماشای پانتۆڵە تەسکەکانم دەکرد

سمتێکم ناسییەوە

شێوازی ڕۆیشتنی و پرچیشی هەروەها

خێرامکرد تا پێیبگەم

پێیگەیشتم و ڕووخساریم دیت

لووتێکی هیندیانە و دوو چاوی شین

دەمێکی وەک دەمی بۆق

هیچی لەو نەدەچوو، هیچ هیچ.

دواتر لە مەیخانەیەکدا

کچێ پیانۆی دەژەنی

ئەو نەبوو، بەڵام کە پرچی لادا

بۆ تاوێ ئەو بوو

درێژی پرچی،

هەمان درێژی پرچی ئەو بوو

لێوەکانیشی پێدەچوو بەڵام لێوەکانی ئەو نەبوو

منی بینی کاتێ لێیڕامابووم

پرسی: گۆرانییەکی تایبەت هەیە

حەز بکەیت بیبیستی؟

گوتم: دولی

گۆرانییەکی خوێند _های دولی_

دواتر لە شەقام بینیم

لەگەڵ گەنجێکی سوور و سپی

بە خۆی و چاوێلکەی بەرخۆر وەستا و

پرسیم: ئەوە چ دەکەی

خۆت و چاوێلکەی بەرخۆر لەسەر شەقام؟

بزەیەکی بۆ کردم و

لەگەڵ گەنجەکە

لە سەیارەیەکی بچووکی گرانبەها سەرکەوت و

بەرەو خۆرئاوا بەڕێکەوتن

ئەوجارەیان گومان نەما

کە ئەوە خۆیەتی.

## ئەو شەوەی لە ئاوزینگدابووم

ئەو شەوەی لە سەرەمەرگ دابووم
لەسەر قەرویڵەدا ئارەقەم دەڕشت و
گوێم لە دەنگی زیکزیکەکانی دەرەوەی ماڵ بوو
کۆمەڵە پشیلەیەکیش شەڕیان بوو
هەستم دەکرد رۆحم دەکەوێتە خوارەوە
بەڵام بەر لەوەی بکەوێتە خوارەوە
توانیم رابکەم
هەستم بە بێهێزییەکی زۆر دەکرد
نەمدەتوانی ئاسان بجوولێم
بەڵام دواجار هەستام
هاتم و چووم و
هەموو رووناکییەکانی ماڵم داگیرساند

دواتر دیسان گەڕامەوە سەر تەخت
تا دیسان رۆح دەست بە کەوتنەخوارەوە بکا
بە خەبەر هاتمەوە و
هەموو رووناکییەکانم داگیرساندەوە
کچێکی بچووکم هەبوو
تەمەنی حەوت ساڵان بوو
هەستمکرد نایەوێ بە مردوویەتی بمبینێ
جگە لەوە ژیان بۆ من ئەوەندە گرنگ نەبوو
ئەو شەوە کەس زەنگی نەدا
کەسێ نەهاتە سەردانم بە بتڵێ بیرەوە
خۆشەویستەکەم تەلەفۆنی بۆ نەکردم
تەنیا شتێ کە دەمبیست
دەنگی زیکزیکەکان بوو
هەوا گەرم بوو
بە درێژایی شەو بەردەوامبووم
لە دووبارەکردنەوەی هەمان شت
هەستانەوە و کەوتن
هەستانەوە و کەوتن

تا یەکەم تیشکی خۆر

بەناو دارودرەختدا

لە پەنجەرەوە هاتە ژوور

گەڕامەوە سەر تەخت

دواجار رۆح

لە شوێنی خۆیدا گیرسایەوە و

توانیم بخەوم

ئێستا خەڵکانی زۆر دێن

لە دەرگا و پەنجەرە دەدەن

زەنگی تەلەفۆن لێدەدا

زەنگی تەلەفۆن یەک لە دوای یەک لێدەدا

وایلێهاتوە نامەی نایابم بە پۆست بۆ دێ

نامەی رق.. نامەی خۆشەویستیی

لە نوێوە هەموو شتەکان

وەک خۆیان لێهاتەوە.

## نەزان لە خۆشەویستییدا

ئەی کچۆڵەی بچووکی غەمگین
بە دوو چاوی میهرەبانەوە
هەر دەمێ کاتی بێ
چەقۆ بە کار بێنم، راڕا نابم.

گلەییت لێناکەم
کاتێ بە تەنیا بە درێژایی کەنار
سەیارە لێدەخورم
کاتێ دارخورماکان لاردەبنەوە
دارخورما چڕ و ناشرینەکان
کاتێ زیندووەکان لە هاتن دەوەستن
کاتێ مردووەکان لە رۆیشتن دەوەستن
گلەییت لێناکەم
بەڵکو ماچەکانمانم بیردێتەوە
نەزانی لێوەکانمانم لە خۆشەویستیی بیردێتەوە

بیرم دێتەوە چۆن هەموو شتێکی خۆتت پێدام و
چۆن پێشنیازم پێدای
کە هەرچی ماومە بۆ خۆتی ببەیت
بیری ژوورە بچووکەکەت دەکەم
دەست بە جەستە داهێنانت
رووناکیی پەنجەرە
قەوانەکانت
کتێبەکانت
قاوەی بەیانیانمان
عیشاکانمان.. شەوەکانمان
جەستە خەوتووەکانمان بە یەکەوە
شەپۆلی هێوری شەماڵی رۆیشتووی ئێستا تا ئەبەد
قاچەکانت
قاچەکانم
باسکەکانت
باسکەکانم
گەرمیی و بزەکانت
کە وایانکرد لە نوێوە بزە بکەم.

ئەی کچۆڵەی بچووکی غەمگین

بە دوو چاوی میهرەبانەوە

تۆ چەقۆت نییە

چەقۆ موڵکی منە و

هێشتا کاتی نەهاتووە بە کاری بێنم.

## بەخـت

کوێی خراپە، چاودێری خەڵک بکەیت
کاتێ قاوە دەخۆنەوە و چاوەڕوانن؟
ئەگەر بتوانم هەموویان لە بەختدا غەرق دەکەم
چونکە ئەوان لە من زیاتر پێویستیان پێیەتی.

لە قاوەخانەکاندا دادەنیشم
سەیریان دەکەم کە چاوەڕوانن
پێموایە هیچ کارێکی باشترم
لەو کارە نییە تا بیکەم.

مێش بە پەنجەرەدا هەڵدەزنێ و دادەبەزێ و
ئێمەش قاوە دەخۆینەوە
خۆمان وا نیشان دەدەین تەماشای یەکتر ناکەین
منیش لەگەڵیان چاوەڕێ دەکەم
لەنێو جوولەی ئەو مێشانەی
کە بە تەنیشتمدا رەتدەبن.

## زار هەڵدە

ئەگەر هەوڵدەدەی
ئەوە تا كۆتایی بەردەوامبە
گەرنا هەوڵمەدە دەستپێبكەی.

ئەگەر هەوڵدەدەی
ئەوە تا كۆتایی بەردەوامبە
هەوڵدان واتلێدەكا
خۆشەویستەكانت
هاوژینەكانت
نزیكەكانت
كارەكانت و
لەوانەیە عەقڵیشت لە دەستبدەی.

تا کۆتایی بەردەوامبە

تا کۆتایی بەردەوامبوون

یانی لەوانەیە

سێ یا چوار رۆژ نان نەخۆیت

لەوانەیە لەسەر کورسییەکی ناو باخچە

لە سەرما رەق ببیتەوە

لەوانەیە مانای زیندان بێ

لەوانەیە گاڵتەجاڕیی بێ

سووکایەتیی

گۆشەگیریی..

گۆشەگیریی بەخشینە

ئەوانیدیکە تەنیا ئەزموونن

بۆ رادەی تەحەمولکردنت

لە ئارەزووت بۆ ئەنجامدان و

ئەنجامیشی دەدەیت

سەرباری رەفز و

خراپترین ئەگەرەکان

کارەکە لە هەموو ئەو شتانە باشتر دەبێ

که وێنات کردبوو

ئەگەر هەوڵدەدەی

ئەوە تا کۆتایی بەردەوامبە

هیچ هەستێ نییە بتوانێ

هاوشێوەی ئەو هەستە بێ

لەگەڵ خوا تەنیا دەبیت و

شەوەکان تا ئەبەد بە ئاگر دەدرەوشێنەوە

ئەنجامیدە ئەنجامیدە ئەنجامیدە

ئەنجامیدە ئەنجامیدە

تا کۆتایی

تا کۆتایی و

جا بە خۆگریی و جێگیری

ژیان بەرەو بزەی باڵا تێدەپەڕێنی

کە ئەوە تاکە جەنگێکی باش و شایەنە .

## بە تەنیا لەگەڵ هەمووان

گۆشت ئێسک دادەپۆشێ
دەماغێکیان لەوێ داناوە و
هەندێجار رۆحێکیش..

ژنەکان گوڵدانەکانی سەر دیوار دەشکێنن
پیاوەکان مەشروبی زیاتر دەخۆنەوە
هیچ کەس نیوەکەیتری خۆی نادۆزێتەوە
لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دەبن لە گەڕان..

ئەوان خۆیان دەکێشنە

نێو خێزانەکانیان و دەرەوەیش

گۆشت

ئێسک دادەپۆشێ و

بە دوای شتێکدا دەگەڕێ

زیاتربێ لە شتێ کە تەنیا گۆشتبێ

بە ڕەهایی هیچ دەرفەتێ نییە

هەموومان بە چارەنووسێکەوە هەڵواسراوین و

هەرگیز هیچ کەسێ

نیوەکەیتری خۆی نادۆزێتەوە

گووفەکی شار پڕ دەبێ

گۆڕەپانی سیکراب پڕ دەبێ

نەخۆشخانەی شێتان پڕ دەبێ

نەخۆششخانەکان پڕ دەبن

گۆڕستانەکان پڕ دەبن و

هیچ شتێکیتر پڕ نابێ.

## ئەستێرە

سەرخۆشبووم و
ئەوان لە سەیارە دەرمدێنن
دەستەکانم کەلەپچە دەکەن و
ناچارم دەکەن
لەسەر ڕێگا
لە ژێر باران
لەسەر عەرد ڕاکشێم.

سێ پۆلیس
خۆیان و ڕینکۆتە زەردەکانیان
لەوێ وەستاون
جلەکانم تەڕ
سەیری سەرەوەم کرد
بە نێو باراندا سەیری مانگم کرد و
بیرم کردەوە

دیسان ئەوە منم
تەمەنم شەست و دوو ساڵە
هەمدیس ئەوان من لە خۆم دەپارێزن
هەر ئەو شەوە لە کاتێکی زووتردا
لە عەرزی یەکەمی فیلمێک بووم
فیلمێک وێنای ژیانی
شاعیرێکی سەرخۆشی کردبوو

من

ئەوەی دواتر روویدا
ئەوە رەخنەی راستەوخۆی من بوو
لەو رەنجەی کە لە تۆمارکردنی ئەو فیلمە درابوو.

**بەشێک لە**

**_گاڕانێ چێڵ لە دەرسی وێنەدا_**

کەش و هەوای باش
وەک ژنی باش وایە.. زۆر نادوێ
کاتێکیش کە دەدوێ.. درێژدادڕیی ناکا
بەڵام پیاو جێگیرترە، ئەگەر خراپبێ
ئەگەری زۆر هەیە وەک خۆی بمێنێتەوە
ئەگەر باشیش بێ ئەوە بەردەوام دەبێ
بەڵام ژن دەگۆڕێ
بە منداڵ دەگۆڕێ
بە تەمەن.. بە حەماسەت
بە قسە.. بە سێکس
بە مانگ.. بە نەبوون یا بوونی خۆر و
کاتە باشەکان
پێویستە ژن
لە وجوددا بە خۆشەویستیی تێر بکرێ
بەڵام پیاو هەمیشە بە رق بەهێزتر دەبێ.

## کچێک بە تەنوورەیەکی کورتەوە

## لە دەرەوەی پەنجەرەکەمدا

## ئینجیل دەخوێنێتەوە

یەکەشەممەیە و
_فروت_ دەخۆم
کڵێسەیەک لەو سەرەوەیە
لە ناوچەی _رووس ئەرسدۆکس_ لای خۆرئاوا
ئەو کچە ئەسمەرە
رۆژهەڵاتیی رەچەڵەکە
چاوەکانی گەورە و قاوەیی رەنگن
چاوەکانی لەسەر ئینجیل لادەدا و
سەیری سەرەوە دەکا
ئینجیلێکی رەش و سوور..
لەو کاتەی ئینجیل دەخوێنێتەوە
قاچەکانی دەجوولێنێ
بەردەوام قاچەکانی دەجوولێنێ

لەو کاتەی کە ئینجیل دەخوێنێتەوە
جووتێ گوارەی درێژی زێڕین
جووتێ بازنی زێڕ لە هەردوو دەستی
قووماش جەستەی لە باوەش گرتووە
قووماشێکی تەنکی رۆشەن لە جەستەی ئاڵاوە
دوو قاچی درێژی زێڕین
گەرمایی خۆر پڕی کردوون
ناکرێ لە وجودیدا رابکەیت و
هیچ ئارەزوویێ نییە بۆ...
دەنگی سیمفۆنیا لە رادیۆکەمەوە دێ
مۆسیقایێ کە ئەو ناتوانێ بیبیستێ
بەڵام جوولەکانی تەواو هەمئاهەنگ بوون
لەگەڵ ئیقاعی سیمفۆنیا
ئەو کچێکی ئەسمەرە
ئەو ئەسمەرە
ئەو لە بارەی خواوە دەخوێنێتەوە
من خودام.

## خەڵک وەک گوڵ

گۆرانییەکی خۆش
لە شەقامەکاندا دەبیستری
دواجار خەڵک وەک گوڵ وان
پۆلیس نیشانەکانیان رادەستکردەوە
سوپا جلی سەربازیی دڕاند و
چەکەکانی لەناوبرد
ئیدی هیچ پێویستییەک بە زیندان و
رۆژنامە و نەخۆشخانەی شێتان و

قفڵی دەرگاکان نەماوە

ژنێ بە راکە راک بەرەو دەرگای ماڵم دێ

_بمگرە، ئەی خۆشەویستم.

ژنە هاوار دەکا

ژنێکی جوان

جوان وەک جگەرەی

دوای خواردنی ستێک لە عیشادا..

گرتم.

بەڵام دواتر کە رۆیشت

هەستم بە شتێکی غەریب کرد

بە کلیل دەرگام قفڵدا

چوومە ئۆفیس و لە چەکمەجەدا

دەمانچەم دەرهێنا

دەمانچە جۆرە خۆشەویستییێکی تایبەتی هەیە

خۆشەویستیی خۆشەویستیی خۆشەویستیی

مێگەل لە جادەکان گۆرانیی دەخوێنن

لە پشت پەنجەرە داخراوەکەم تەقە دەکەم

وردە شووشە دادەبارنە سەر رووخسار و باسکم

کوڕێکی دوازده ساڵان و
پیاوێکی پیری ریشدار و
کچێک که له گوڵی لەیلەکی ئەرخەوانی دەچوو
بریندار‌بوون
خەڵک له گۆرانی چڕین دەوەستن و
سەیری من دەکەن
به رووخساری خوێناویمەوه
له پشت پەنجەره شکاوەکەم دەوەستم و
لەسەریان هاوار دەکەم:
_ئەوه له پێناو بەرگریکردن له نائومێدیی خود و
ئازادیی تاک و بێئارەزوویمه بۆ خۆشەویستیی..
یەکێکیان گوتی: لێیگەڕێن با تەنیا بێ،
ئەوه تەنیا شێتێکه، ماوەیەکی درێژه
ژیانێکی ناخۆش دەژیێ.
دەچمه مەتبەخ و پێکێ وێسکی تێدەکەم
بڕیارمدا که تاکه پێناسەی خۆشەویستیی
_که ئەوەش دەگۆڕێ_ ئەوەیه:
حەقیقەت ئەو شت یا کار یا باوەڕەیه

کە مێگەل ڕەفزی دەکا.
یەکێ جارێکیتر لە دەرگایماڵمیدا
هەمان ژن بوو
ئەو هێندە جوانە،
وەک ئەوەی بۆقێکی سەوزی قەڵەو
لە باخچەدا ببینی..
دوو گوللـە لە دەمانچەکەمدا مابوو
دەیانتەقێنم
هیچ شتێ لە هەوادا نییە جگە لە هەور
هیچ شتێ لە هەوادا نییە جگە لە باران
ژیانی مرۆڤ زۆر لەوە کورتترە
تا تۆ بتوانی مانایەکی تیا بدۆزیتەوە و
نزیکەی تەواوی کتێبەکانیش
بۆ ئەوە هەن تا کات بە فیڕۆ بدەن
دادەنیشم و گوێ لە گۆرانییەکانیان دەگرم
دادەنیشم و گوێیان لێدەگرم.

## قەسیدەی ڤان کوخ

ڤان کوخ گوێی خۆی لێکردەوە و
پێشکەشی قەحپەیەکی کرد
ژنە زۆر پیس، تووڕهەڵیدا
قەحپەکان گوێچکەیان ناوێ
پارەیان دەوێ
پێموایە تۆ
هەر لەبەر ئەو هۆیە
هونەرمەندێکی گەورە بوویت
چونکە جگە لەوە
هیچ شتێکی دیکەت نەدەزانی.

## بیرت نەچێ

هەمیشە کەسێ یا شتێ چاوەڕێت دەکا
شتێ لە تۆ بەهێزتر
لە تۆ زرنگتر
شەڕاویتر
میهرەبانتر
لە تۆ پتەوتر
شتێکی گەورەتر
شتێکی باشتر
شتێکی خراپتر
شتێ بە دوو چاوی وەک چاوانی پڵنگ
بە دوو شەویلاکی وەک شەویلاکی قرش
شتێک شێتتر لە شێتیی
شتێک عاقڵتر لە عاقڵیی

هەمیشە کەسێ یا شتێ چاوەڕێت دەکا
لەو کاتەی پێڵاو لە پێ دەکەیت
یا دەخەوی
یا سەلەی زبڵ بەتاڵ دەکەی
یا پشیلەیەک دەلاوێنیتەوە
یا ددانەکانت دەشۆری
یا ئاهەنگ بۆ رۆژێکی پشوو دەگێڕیت
هەمیشە کەسێ یا شتێ چاوەڕێت دەکا

ئەوە لە مێشکت دانێ
کاتێ ئەوە روودەدا
تۆ باشتر لە ئامادەباشی دایت و
ئەو کاتەیش دەبێتە
رۆژێکی باشتر بۆ تۆ
ئۆهـ، وابزانم
ئێستا پەنجەکانم بە جگەرە سووتاند.

## پیاوێک بە دوو چاوی جوانەوە

کە منداڵ بووین
ماڵێکی سەیر هەبوو
هەمیشە و هەموو کات
پەردەکانی داخرابوون
هەرگیز لەو ماڵەدا
هیچ دەنگێکمان نەدەبیست..
گۆڕەپانێ هەبوو
پڕبوو لە درەختی حەیزەران
ئێمەش حەزمان دەکرد
یاری بکەین لە نێوان
درەختەکانی حەیزەران
خۆمان وا دەردەخست
کە یەکێکمان _تەڕەزان_ین

گۆمێکیش هەبوو
گۆمێکی پڕ لە ماسی قەڵەوی زێڕین و
ماسییەکانیش کەوی بوون
دەهاتنە سەر ئاوی گۆمەکە و
وردەنانیان لە دەستەکانماندا دەخوارد
باوکەکانمان پێیان دەگوتین:
_نەکەن لەوماڵە نزیک بکەونەوە.
بێگومان هەر لەبەر ئەو هۆیە چووین،
پرسیمان کە ئاخۆ
کەس لەو ماڵەدا ژیان بەسەر دەبا.
چەند هەفتەیێ رابرد
بەڵام کەسمان نەبینی
لەو ماڵەدا ژیان بەسەر ببا.
رۆژێ لە رۆژان دەنگێکمان
لەو ماڵەدا بیست:
_ئەی قەحپەی نەفرەتی.
ئەوە دەنگی پیاوێک بوو دەهات
دواتر بەهێزەوە دەرگاکەی کردەوە و

هاتە دەرەوە
بتڵێکی وێسکی لە دەستی ڕاستیدابوو
چارگێکی تێدا مابوو
لە سی ساڵی تەمەنیدابوو
جگەرەیەکی لەنێوان لێوەکانیدابوو
سەر و ریشی پێویستی بە تراشین بوو
پرچی چڕ بوو، دانەهێنرابوو
پێخواس بوو
فانیلەیەکی ژێرەوەی لەبەر و
شۆرتێکی لە پێدابوو
بەڵام چاوەکانی دەدرەوشانەوە
ترووسکەی درەوشانەوەی چاوەکانی
پێشینەی نەبوو
پێیگوتین: ئەی بچووکە بەڕێزەکان
کاتێکی خۆش دەگوزەرێنن
وەک ئەوەی کە من ئومێدتان بۆ دەخوازم،
وا نییە؟
دواتر کەمێ پێکەنی و

گەڕایەوە ماڵ.
دوای ئەوە ئێمەش گەڕاینەوە
گۆڕەپانی ناوەڕاستی ماڵەکانمان
بیرمان لەو ڕووداوە کردەوە و
گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە باوکەکانمان
بۆیە دەیانەوێ لەو ماڵە دوورمان بخەنەوە
چونکە ئارەزوویان نەدەکرد
پیاوێکی ئاوا ببینین
پیاوێکی بەهێز و ڕاستەقینە
بە دوو چاوی جوانەوە.
باوکەکانمان هەستیان بە شەرمەزاری دەکرد
چونکە وەک ئەو پیاوە نەبوون
بۆیە دەیانویست
خۆمان لەو ماڵە بە دوور بگرین
بەڵام ئێمە دواجار گەڕاینەوە
گەڕاینەوە لای ئەو ماڵە و
گەڕاینەوە لای درەختەکانی حەیزەران و
لای گۆمەکە و ماسییە زێڕین و کەوییەکان

چەندین و چەند هەفتە گەڕاینەوە
بەڵام نە پیاوەکەمان دیتەوە و
نە گوێشمان لە دەنگی بوو جارێکی دیکە
پەردەکان وەک هەمیشە داخرابوون و
هەواش ئارامبوو
رۆژێ لە رۆژان
کە لە قوتابخانە دەگەڕاینەوە
ماڵەکەمان بینی تەواو سووتابوو
جگە لە هەندێ مۆبیلی خەڵووزین
هیچ شتێکی تیا نەمابوو
چووینە لای گۆمی ماسییەکان
دڵۆپێ ئاوی تیا نەمابوو
ماسییە زێڕین و پرتەقاڵییەکان
بەر نەفرەت کەوتبوون و دەمردن
گەڕاینەوە گۆڕەپانی ناوەڕاستی ماڵەکانمان
باسی ئەو رووداوەمان کرد و
بڕیارماندا
کە باوکەکانی ئێمە

ئەو خانووەیان سووتاندووە
دانیشتووانی خانووەکە و
ماسییە زێڕینەکانیشیان کووشتووە
هەتا دارستانی بچووکی حەیزەرانیشیان
بە تەواوی سووتاندووە
باوکەکانمان دەترسان
لەو پیاوە دەترسان
کە دوو چاوی جوانی هەبوو
دواتر وایلێهات ئێمەش دەترساین
لە ژیانماندا هەمیشە شتی وا روودەدا
هیچ کەس نایەوێ
کەسێکی وا بەهێز و جوانی
وەک ئەو پیاوە ببینێ و
هەندێکیش رێ بە بوونی
ئەو جۆرە پیاوە نادەن و
خەڵکانی زۆریش
لەو پێناوەدا سەر دەنێنەوە.

## تاریکیی دەگرم

لێرە بە سەرخۆشیی دادەنیشم و
گوێ لەو سیمفۆنیانە دەگرم
کە بەردەوام هێزیان پێدەبەخشیم
لەو کاتەی 22 ساڵان بووم.
ئێستا چل ساڵ دوای ئەوە
نە من و نە ئەوان وەک ئەو کات
دڵڕفێن نەماوین
دەبووا ئەو کات بتدیتبام زۆر لاوازبووم
وەک داوێکی باریک وابووم
داگیرساوبووم
توندوتیژبووم .. شێتبووم
یەک وشەی هەڵەت پێگوتبام
لە شوێنی خۆتدا وردوخاشم دەکردی
نەمدەویست بە هیچ شتێک و
بە هیچ کەسێک دڵتەنگبم

لە دەرەوە لەسەر شەقام

کارێکم دەکرد و دەگیرام

ئیدی هەمیشە رێکردن

بەرەو زیندان کارم بوو

ئێستا لێرە بە سەرخۆشیی دانیشتووم

من کۆمەڵە سەرکەوتنێکی بچووک و

کۆمەڵە دۆڕانێکی گەورەم و

وەک هەر کەسێکیتر سەرم لەوە سوڕماوە

چۆن لەوێوە گەیشتمە ئێرە

بێ ئەوەی کەسێ بکوژم یا بکوژرێم

یا لە شێتخانە کۆتاییم پێبێ!؟

ئێستا لەو ساتەی کە ئەوشۆ

سەرلەنوێ بە تەنیا دەخۆمەوە

رۆحم سەرباری ئەو هەموو

نائومێدییەی رابردوو

هێشتا سوپاسی هەموو ئەو خوداوەندانە دەکا

کە هەرگیز لە پێناو مندا

وجودیان نەبوو.

## نێرڤـــانـــــا

هیچ دەرفەتێکی نییە
تەواو بێئامانجە..
گەنجێکە
سواری پاسێک دەبێ
بەرەو باشووری کارولینا
لە رێگادا بەفرباری
پاسەکە لای قاوەخانەیەکی بچووک
لەسەر گردێک وەستا و
موسافیرەکان چوونە ژوورەوە
لەگەڵ ئەوانیتر لەسەر مێزێ دانیشت
ئەوەی دەیویست داوایکرد و
خواردن گەیشت
جەمێکی باش و قاوەکەش خۆشبوو
ژنەی سێرڤس
لە هەموو ئەو ژنانەی

که گەنجەکە ناسیبوونی جیاوازتربوو
شۆخ و شەنگ
خۆشحاڵییەکی سرووشتی لێ دەباری
چێشتلێنەرەکە قسەی شێتانەی دەکرد
قاپشۆرەکە لە دواوە پێدەکەنی
پێکەنینێکی زۆر دڵڕفێن
گەنجەکە لە پەنجەرەوە لە بەفری روانی
دەیویست تا ئەبەد
لەو قاوەخانەیەدا بمێنێتەوە
فزوڵ لە ناخیدا دەگەڕا
لەوێ هەموو شت جوانە و
هەموو شتیش لەوێ
بۆ هەمیشەیی بە جوانی دەمێنێتەوە
لەو کاتەدا سایەقی پاس رایگەیاند
که کاتی رۆیشتنە
گەنجەکە بیری کردەوە
تەنیا من لێرە رۆدەنیشم
تەنیا من لێرە دەمێنمەوە

بەڵام هەستا و

دوای ئەوانیتر کەوت

بۆ ناو پاس

کورسییەکەی خۆی دۆزییەوە و

لە پەنجەرەوە تەماشای قاوەخانەکەی کرد

پاس بزوا و بەرەو خوارەوە

گردەکانی جێهێشت

گەنجەکە سەیری پێشەوەی کرد

موسافیرەکان باسی شتی دیکەیان دەکرد

یا شتێکیان دەخوێندەوە

یا هەوڵی نووستنیان دەدا

ئەوان سەرنجی ئەو سیحرەیان نەدابوو

گەنجەکە سەری بە لایەکدا کرد

چاوەکانی داخست و

هەوڵیدا بخەوێ

هیچ شتێ نەبوو بیکا جگە لە گوێگرتن

لە دەنگی مەکینەی پاس و

دەنگی تایە لەسەر بەفر.

## نووسەری مەزن

نووسەری گەورە
لەسەر قەروێڵەکەیدا دەمێنێتەوە
پەردەکان داخراون
نایەوێ کەس ببینێ
نایەوێ لە نوێوە بنووسێ
نایەوێ لە نوێوە هەوڵبدا
چاپکار و بڵاوکەرەوەکان
لە هەواڵی دەپرسن
هەندێکیان دەڵێن: شێتبووە.
هەندێکیان دەڵێن: مردووە.
ژنەکەی لە جیاتی ئەو
وەڵامی پۆستەکان دەداتەوە
خەڵک لەبەرماڵیان دێن و دەچن
تەماشای پەردە داخراوەکان دەکەن
هەندێکیان دەچنە لای دەرگا و

زەنگ لێدەدەن.. کەس وەڵام ناداتەوە
نووسەری گەورە نایەوێ کەس وەڕسی بکا
لەوانەیە نووسەری گەورە لە ماڵ نەبێ
لەوانەیە بۆ شوێنێکی دوور کۆچیکردبێ
بەڵام هەموویان دەیانەوێ حەقیقەت بزانن
دەیانەوێ گوێیان لە دەنگی بێت
دەیانەوێ هۆکارێکی درووستیان پێبڵێ
بۆ ئەو هەموو شتە
ڕەنگە هۆکارێکیشی هەبێ نەیڵێ
لەوانەیە کتێب و تابلۆکانی
بە هێمنی لە مەزاددا فرۆشتنبێ
چەندین ساڵە هیچ کارێکی نوێی ئەو دیار نییە
لەگەڵ ئەوەش
جەماوەر قبوڵی بێدەنگیی ئەو ناکەن
دەیانەوێ بزانن
ئەگەر شێتبووە
دەیانەوێ بزانن
ئەگەر هۆیەک هەیە.. تکایە پێمان بڵێ

بە دەوریماڵیدا دێن و دەچن

نامەی بۆ دەنووسن

لە دەرگای ماڵی دەدەن

ناتوانن لەو کارە تێبگەن و

ناتوانن شتەکان وەک ئەوەی کە هەیە

قبوڵ بکەن

بەڵام من، زۆر حەز بەو کارە دەکەم.

# نـامـۆکـــان

لەوانەیە باوەڕ نەکەیت بەڵام خەڵکانێ هەن
بە کەمترین ململانێ و میحنەت دەژی.
پۆشاکی باش دەپۆشن
باش دەخۆن.. باش دەخەون
ئەوان بە ژیانی خێزانیان رازین
بە چرکەساتی غەمگیندا تێدەپەڕن
زۆر دڵتەنگ نابن و
زۆرترین کاتیش هەستێکی خۆشیان نییە
بەڵام کاتێ کە دەمرن مەرگێکی ئاسان
لە کاتی خەودا دەمرن
لەوانەیە باوەڕ نەکەیت
ئەو جۆرە خەڵکانە هەن
بەڵام من یەکێ نیم لەوان
ئۆهـ، من یەکێ نیم لەوان
من تەنانەت لێشیان نزیک نیم
کەچی ئەوان هەن و منیش هەم.

## فەشەلی من

بیر لە شەیتانەکان دەکەمەوە لە دۆزەخ و

لە گوڵە جوانەکانی نێو گوڵدان رادەمینێم

لەوکاتەدا ژنێ

لە ژووری نووستنمدا

تووڕەیە و

گڵۆپ دادەگیرسێنێ و دەیکوژێنێتەوە

دەمەقاڵێیێکی ناخۆش

لە نێوانمان روویدا

من هاتووم لێرە دانیشتووم و

ئەو جگەرەیە دەکێشم

کە لە هیندەوە هاتووە

لەو کاتەدا _ئۆپرا_ی گۆرانیبێژ لە رادیۆ
سەڵاوات دەخوێنێ بەڵام بە زمانی من نا.
پەنجەرە لە لای چەپمدا دەڕوانێتە
سەر رووناکیی شار لە شەودا
منیش تەنیا ئومێدمە هێزم هەبێ
تا ئەو ترسە سووکە تێپەڕێنم و
کارێ بکەم جارێکیتر
هەموو شتەکان ئاسایی ببنەوە
بەڵام تووڕەیی تووڕەهاتم رێمپێنادا
دەزانم ئەوە ئێمەین دۆزەخ دەسازێنین
ئەو جگەرەیە دەکێشم و
لێرە چاوەڕێم
لێرەوە پرسیار دەکەم
لەو کاتەی ئەو لە ژوورێکیتردا
هێشتا دانیشتووە و
گڵۆپ دادەگیرسێنێ و دەیکوژێنێتەوە
دادەگیرسێنێ و دەیکوژێنێتەوە..

# شيعر

پێویستیت بە نائومێدیی زۆر و

سەختیی زۆر و

ئازادبوون لە وەهم دەبێ

تا بتوانی چەند شیعرێکی باش بنووسیت..

کاری هەموو کەس نییە

شیعر بنووسێ

یا تەنانەت بشیخوێنێتەوە.

## دوستۆیڤسکی

دەستەی ئیعدام ئامادەن
دۆستۆیڤسکی لای دیوار وەستاوە
دواتر لە ناکاو
بڕیاری دەستڕێژکردن دواخرا..

چی دەبوو ئەگەر بەر لەوەی
ئەو هەموو شتە بنووسێ
گوللـەباران بکرابووا؟
پێموایە ئەوە راستەوخۆ
بۆ ئەوە نەبوو تا گرنگ بێ..
خۆ ملیاران کەس هەن
هیچی ئەویان نەخوێندۆتەوە و
هەرگیز هیچیشی ناخوێننەوە

بەڵام من کاتێ گەنج بووم
شەوان لە کارگەکان
دوور لە سۆزانییەکان
لە مەیخانەکان کاتێ لەگەڵ
بە تەمەنەکان مەست دەبووم
دوستۆیڤسکی بەرزی کردمەوە و
لە شوێنێکی باشتری دانام
خۆشحاڵبووم کە بڕیاری
جێبەجێ کردنی گوللـەبارانکردنیان دواخستبوو
ئەوە شتێکی پێبەخشیم
رێگای پێدام بتوانم
راستەوخۆ لە رووخساری غەمگینی
کەسانی نێو جیهانم بڕوانم و
بەرانبەر ئەو مەرگەی کە بە پەنجەکانی
ئاماژەم بۆ دەکا بوەستم و خۆگربم
وەک سەرخۆشێکی پاک
کە لەگەڵ براکانی بەشداری
لە تاریکایی پیس دەکا.

## بەدگـــۆڕان

ژنێکی دۆستم سەردانی کردم
قەروێڵەی بۆ ڕێکخستم..
بە گێسکی کارەبایی
عەردی مەتبەخی
سڕیەوە و بریقاندیەوە
ئاودەست و
بانیۆ و
مەغسەل و
عەردی حەمامی پاککردەوە
نینۆکی پەنجەی پێیەکانمی قرتاند و
پرچی تاشیم
دواتر لە ماوەی ڕۆژێکدا
بۆڕیچی هێنا
شێرەی مەتبەخ و
ئاودەستی چاککردەوە و

کارەبایی هێنا گیزەری چاککردەوە
وەستای تەلەفۆن هات
تەلەفۆنی چاککردەوە
بە ئارامیی لەناو
ئەو هەموو کەماڵە دانیشتم
بارودۆخێکی ئارام
لە هەر سێ خۆشەویستەکەم جیاببوومەوە
بەڵام هەستم خۆشتربوو
کاتێ کە هەموو شت تێکقژقژابوو
چەندین مانگم گەڕەکە
تا دەگەمەوە دۆخی ئاساییم
ئێستا تەنانەت
سیسرکەیەکیش نابینمەوە
خۆمی پێ خەریک بکەم
هەمئاهەنگیم لە دەستداوە
ناتوانم بخەوم
ناتوانم نان بخۆم
ئاهـ.. هەموو پیسییەکانیان لێدزیم.

## "بــودا"ی برادەرم

دەبێ پەیکەری بودا
کە لە ئۆفیسمدا ڕۆنیشتووە بسڕمەوە
تۆز و غوبار تەواوی جەستە و
بە تایبەتیش لای زگ و سینگیان داپۆشیوە
ئاهـ چەندین شەوگاری درێژمان
بە یەکەوە گوزەراند
چەند بەرگەی پووچی و ترسمان گرت و
جار جارەیش چەند بە خۆشی و بە جوانی پێکەنین!
ئێستا کەمترین شت کە پێویستییەتی
چاک سڕینەوەیەتی بە پەڕۆکێکی تەڕ
شەوانی زۆر بارودۆخ لەوپەڕی خراپیدابوو
بەڵام بودا هەمیشە گەشبین بوو
هێوربوو، برادەربوو، دڵسۆزبوو.
پێناچێ ئەو هیچ جار سەیری کردبم
بەڵام ئەو وا دیارە کە هەمیشە و

له هەموو کاتێدا پێبکەنێ

پێکەنین بەو وجودە پیسە

کە ناکرێ هیچ شتێکی تێدا بکەیت

دەپرسێ: بۆ پاکم دەکەیتەوە،

مادەم جارێکیتریش دیسان پیس دەبمەوە؟

وەڵامم دایەوە: خۆم وا نیشان دەدەم

کە عەقڵێکی ساغم هەیە وانییە؟

پێیگوتم: شەرابەکەت بخۆوە

ئەوە کاری تۆیە،

پرسیم: ئینجا؟ ئەی تۆ؟

تۆ دەتوانی چیبکەیت؟

وەڵامم دەداتەوە:

من لەوە باشم تەماشات بکەم

بزانم چیدەکەیت..

بێدەنگ دەبێ و

دەنکی تەسبیحی بە دەستەوە

بە گشتی، نازانم ئەو چۆن گەیشتە ئێرە؟

## دواین رۆژی منداڵێکی خۆکوژ

دوای ئەو هەموو رۆژ و شەوەی
پاش خۆکوشتنم
ئێستا دەتوانم خۆم ببینم
پەرستارێکی هیلاکی کەمئاست
لە ژوورێکی حەسانەوەی پاککراوە
دەمهێنێ و دەمبا
_ئەوە ئەگەر بەختم هەبێ و
بەناوبانگ بم لەو کاتەدا_
ئەوەتەم من لەسەر کورسییەکی جوولاو
خۆم دەگرم و دادەنیشم
نیمچە کوێر، بە دوو چاو
کە بەرەو دواوە
بۆ بەشی تاریکی جومجومەم دەخولێنەوە و

بە دوای ڕەحمەتی مەرگدا دەگەڕێن.

_ئەوڕۆ ڕۆژێکی نایابە،

وانییە جەنابی بوکۆڤسکی؟

_ئاهـ، بەڵێ بەڵێ..

منداڵان بە تەنیشتمدا ڕەتدەبن و

من وجودم نییە..

ژنانی جوان

بە سمتی دڵڕفێن و

ڕانی گەرم و

پۆشاکی تەسکی وروژێنەریان تێدەپەڕن

هەموو شتێکی دیکەیان وروژێنەرە

دەپاڕێنەوە تا کەسێ عاشقیان ببێ و

منیش وجودم نییە..

_دوای سێ ڕۆژ، ئەوە یەکەمجارە

تیشکی خۆر دەبینین

وانییە جەنابی بوکۆڤسکی؟

_ئاهـ.. بەڵێ بەڵێ..

ئا ئەوەتەم من

لەسەر کورسی بزێو

چاودێری ژانی سپیترم

لە کاغەزێکی سپی دەکەم

ڕەنگپەڕیو.. عەقڵ لەدەستچوو

گرەوم دۆڕاند من

من بوکۆڤسکی کۆچمکرد.

_ئەوڕۆ ڕۆژێکی نایابە،

وانییە جەنابی بوکۆڤسکی؟

_ئاهـ.. بەڵێ بەڵێ..

لە بێجامەکەمدا میز بە خۆم دادەکەم و

دەڕشێمەوە و

قوتابییێ بە تەنیشتمدا ڕەتدەبێ

_ئەی برادەرم، ئەو پیرەمێردەت دیت

لەسەر کورسییەکی بزێو؟

_ئەی خوایە بەڵێ بینم، بێزم بۆوە..

دوای ئەو هەموو هەڕەشەی

کە من بۆ خۆکوشتنم کردم

دواجار کەسێکیتر لە پێناو مندا خۆی کوشت..

پەستارەکە کورسییە بزێوەکەی ڕاگرت

گوڵێکی لەو مێرگە نزیکە قرتاند و

خستییە دەستمەوە

نازانم من چیم خستە نێو دەستم

ڕەنگە کێرم بووبێ

لە پێناو ئەو هەموو خێرەی

کە پێشتر کردوویەتی.

## هەوا، رووناکیی، کات و شوێن

_دەزانی ئەگەر هێشتا خێزان و کارم هەبووایە
هەمیشە کۆسپێ دەهاتە سەر رێم؟
بەڵام ئێستا ماڵەکەمم فرۆشتووە و
شوێنێکم دۆزیوەتەوە
ستۆدیۆیەکی گەورە
پێویستە پانتایی و رووناکی
ئەو شوێنە ببینی..
ئەوە یەکەمجارە لە ژیانمدا
کات و شوێنم هەیە بۆ داهێنان.

_نەخێر ئەی چکۆڵانەکەم

ئەگەر بتەوێ دابهێنی،

شازدە سەعاتیش

لە کانی خەڵووزدا

کار بکەیت دادەهێنی

خۆت و سێ منداڵ

لە حوجرەیەکدا

لەسەر سۆسیال بژین، دادەهێنی.

بە بەشێ لە مێشک و

جەستەی وێران و هیلاکت دادەهێنی.

کوێر و کەمئەندام و

شێتیش بیت دادەهێنی.

لەو کاتەی پشیلە

بەسەر پشتتدا

غلۆردەبێتەوە دادەهێنی.

لەو کاتەیش کە هەموو شار

لەبەر بوومەلەرزە

یا بۆمباران،

یا لافاو،

یا سووتان تۆقیوون دادەهێنی.

بچووکەکە :

هەوا،

ڕووناکیی،

کات و شوێن

هیچ پەیوەندییەکیان

بە داهێنانەوە نییە و

ناتوانن هیچ شتێ دەستەبەر بکەن

جگە لەوەی

ڕەنگە کەمێ ژیان درێژبکەنەوە

ئەویش تەنیا بۆ دۆزینەوەی

کۆمەڵە بەهانەیەکی دیکە.

## شەوێکی تاریک

دەڵێن:

هیچ

شتێ

لە دەستناچێ

یا

هەموو

شتێ

لە دەستدەچێ.

**_چارلس بوکۆڤیسکی (1920_1994) شاعیری ئەمەریکی..**

**<u>سەرچاوە:</u>**

_ maseera.com

_الحب كلب من الجحيم.

_ ahewar.org

_jehat.com

_middleeastdigest.com

_ kikahmagazine.com

_ ssrcaw.org

_annahar.com

_محترقا في الماء غارقا في اللهب

_ لا تحاول، تشالرز بوكوفسكی، ترجمه: علی لطيف 2017

واڵت وایتمان

## بۆ غەریبیٚ

ئەی غەریبی تێپەڕ
تۆ نازانی چەند زۆر چاوەڕێم کردی
تۆ ئەو کەسە بووی کە بە دواتدا دەگەڕام
یا تۆ ئەو کەسەیت کە بە دواتدا دەگەڕێم
ئا ئەوەتەیە وا خەون دێتە لام
بێگومان رۆژیٚ لە رۆژان
ژیانێکی خۆش لەگەڵت ژیام
هەموو شتێکم بیردێتەوە
ئێمە بە پاکیزەیی
بە سۆزەوە
بە پیرۆزیی و
پێگەیشتووانە
بەناو یەکتریدا تێدەپەڕین
لەگەڵ مندا گەورەبوویت
لەگەڵ مندا کچێکی گەنج یا کوڕێکی لاو بوویت

لەگەڵتدا نانم خوارد و

لەگەڵتدا ڕاکشام و

ئێستا جەستەت تەنیا هی خۆت نییە و

جەستەی منیش بە تەنیا هی من نییە

تۆ بەدەم ڕۆیشتنەوە

شادیی چاو و

ڕووخسار و

پێستی خۆتت پێبەخشیم و

لە بری ئەوە

ریش و سینگ و دەستمت برد.

قسەت بۆ ناکەم

بەڵام بیرت دەکەم

کاتێ بە تەنیا ڕۆدەنیشم

یا شەو بە تەنیا لە خەو ڕادەبم

پێویستە چاوەڕوان بم

تا جارێکیتر بتبینمەوە

نامەوێ لە دەستتدەم

بەرگریی زیاتر بکە و
کەمتر گوێڕایەڵیی.
ئەگەر جارێ کوێرانە
گوێڕایەڵ بیت
دوورکەوتنەوەیەکی تەواو
دوور دەکەویتەوە
ئەگەر جارێ
ئومەتێک،
هەرێمێ
یا شارێ
بە تەواوی لەو زەمینە دوور بکەوێتەوە
ئەوا هەرگیزا و هەرگیز
ئازادیی خۆی بە دەستناهێنێتەوە.

---

_والْت وایتمان (1819_1892) شاعیری ئەمەریکی.
_سەرچاوە: adab.com

سیلڤیا بلاث

## گۆرانیی خۆشەویستیی

## بۆ کچێکی گەمژە

چاوم دادەخەم

سەراپای جیهان دەمرێ

پێڵوەکانم ئاوەڵا دەکەم

سەراپای جیهان

دووبارە لە دایکدەبێتەوە

_باوەڕم وایە ئەوە منم

لەنێو سەرمدا درووستت دەکەم_

ئەستێرەکان دەردەکەون

تا بە جلی شین و سوورەوە

سەمای _ڤالچەر_بسازێنن و

تاریکیی زاڵمیش

لە ناخمدا دەخولێتەوە

چاوم دادەخەم

سەراپای جیهان دەمرێ

خەوم بینی

بە سیحرلێکراویی

روو لە جێخەو هەڵتگرتم

گۆرانییت بۆ چڕیم و

شێتانە ماچت کردم.

_باوەڕم وایە ئەوە منم

لەنێو سەرمدا درووستت دەکەم_

خەیاڵم دەکرد

بەو شێوەیە دەگەڕێیتەوە

کە باست دەکرد

بەڵام گەیشتمە ئەوپەڕی پیریی و

ناوتم لە یادکرد.

_باوەڕم وایە ئەوە منم

لەنێو سەرمدا درووستت دەکەم_

بریا لە جیاتی تۆ

سیمرخم خۆشویستبا

هەرنا ئەو

بەهاران جارێ دەگەڕێتەوە

_باوەڕم وایە ئەوە منم

لەنێو سەرمدا درووستت دەکەم_.

---

_سیلڤیا بلاث (1932_1963) ژنە شاعیری ئەمەریکی.

_ سەرچاوە: nizwa.com

کیم ئەدۆنیزیۆ

## مـنـداڵـیی

پێکەکانمان کە دوو چەتری کاغەزین داپۆشیبوون، هات
دایکم جلی سپی تێنسی پۆشی
باوکم وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی چووە مەیخانە.

دایکم جلی سپی تێنسی پۆشی
برام وەک عادەتی هەمیشەی خۆی
بە زللـەیێ بە دیواری دادام
باوەڕم بە فریشتەی پاسەوانم هێنا

برام بە زللـەیێ دایکمی بە دیوار دادا
چوومە نێو خەوم
باوەڕم بە فریشتەی پاسەوانم هێنا
دوور لە ماڵەوە بە خەبەر هاتم
چوومە نێو خەوم
دایکم حیکایەتی ئەفسانەیی بۆ گێڕامەوە و

گۆرانی بۆ چڕیم
دوور لە ماڵەوە بە خەبەر هاتم
دایکم پیر ببوو، باوکیشم مرد

دایکم حیکایەتی ئەفسانەیی بۆ گێڕامەوە و
گۆرانی بۆ چڕیم
برا و باوکم بە شەڕ هاتن و
خۆیان بە دەرگا دادا
دایکم پیر ببوو
باوکم و فریشتەی پاسەوانیشم مردن

برا و باوکم بە شەڕ هاتن و خۆیان بە دەرگا دادا
من و فریشتەی پاسەوانم چووینە مەیخانە و
پێکەکانمان کە دوو چەتری کاغەزین داپۆشیبوون، هات.

---

_کیم ئەدۆنیزیۆ (1954_ ) ژنە شاعیری ئەمەریکی.
_سەرچاوە: adab.com

شیل سیلڤەرشتاین

## دوعای منداڵێکی خۆپەرست

ئێستا کە دەمەوێ بخەوم

لە خوا دەپاڕێمەوە

رۆحم بپارێزێ

ئەگەر بەر لە هەستانیش بمرم

لە خوا دەپاڕێمەوە

هەموو گەمەکانم بشکێنێ

هەتا هیچ منداڵێ نەتوانێ

بە کاریان بێنێ..

ئامین.

## نادادپەروەریی

لەو شوقەیە
ڕێ بە ئاژەڵی ماڵیی نادەن
ئەوە دادپەروەرانە نییە
ئەوە ڕەفتارێکی باش نییە
پێمگوتن:
ئەو هێمنە و
هەرگیز ناحەپێنێ.
پێمگوتن:
ئەو هەموو شتەکانی
لە باخچەی گشتی ئەنجامدەدا.
پێمگوتن:
ئەو خۆشەویست و دڵسۆزە.
لەگەڵ ئەوەش
گوێیان لێ نەگرتم
گرینگیان نەدا و
لەو شوقەیە ڕێ بە ئاژەڵی ماڵیی نادەن.

## ئەو دزە بگرن

پۆلیس.. پۆلیس

بە یارمەتیتان

هاوکاریم بکەن

کەسێ هات و ئەژنۆمی دزی

بە دوای کەوتم

بەڵام پێ و رانەکانم

لە یەک جیاببوونەوە.

## دەبێ بیرم بێتەوە

دەبێ قەلەموونم
لە جەژنی سوپاس بێتەوە بیر
شیرینی لە جەژنی لە دایکبوون
هێلکە لە جەژنی قیامە
مریشک لە رۆژی یەکشەممە
ماسی لە رۆژی هەینی
هەموو خواردنەکانیدی
لە رۆژی دووشەممە
بەڵام ئاهـ من
من تەنیا گەمژەیێکم
چووم و هەموو ئەو شتانەم
بە یەکجار خوارد.

## تۆپەڵی بەفر

بە گوێرەی توانام
تۆپەڵە بەفرێکی باشم
بۆ خۆم درووستکرد.
بیرم کردەوە
وەک ئاژەڵێکی ماڵیی
بە خێوی بکەم
ڕێمدا لەگەڵم بخەوێ
بێجامەم بۆ درووستکرد و
سەرینیش بۆ سەری
شەوی ڕابردوو ڕایکرد
بەڵام بەر لەوە
قەرویڵەکەی تەڕ کردبوو.

## مەلێكی بە پەلە

ئۆۆهـ،
ئەگەر باڵندەیت
ئەوە باڵندەیەكی بە پەلەبە و
كرمێ لە پێناو
جەمی بەیانیت راوكە
ئەگەر باڵندەیت
ئەوە باڵندەیەكی بە پەلەبە
بەڵام ئەگەر كرمیت
تا كاتێكی درەنگ بخەوە.

## کوڕێکی بچووک و پیاوێکی پیر

کوڕێکی بچووک گوتی:

هەندێ جار کەوچک

لە دەستم بەردەبێتەوە.

پیرەمێرد گوتی: منیش ئاوام بەسەردێ.

کوڕە بچووکەکە گوتی: پانتۆڵم تەڕبوو.

مێردەکە پێکەنی و گوتی:

منیش ئاوام بەسەردێ.

کوڕە بچووکەکە گوتی: هەمیشە دەگریم.

پیرەمێردەکە گوتی: منیش هەروەها.

کوڕە گوتی: بەڵام لە هەموو

ئەو شتانە خراپتر ئەوەیە

پیرەکان گرنگیم پێنادەن و

هەستیش بە گەرمیی

دەستی چورچی پێرەمێرد دەکەم.

پیاوە پیرە بچووەکەکە گوتی:

دەزانم مەبەستت چییە.

## مەرجەکانم

ئەگەر حەز دەکەی شوم پێبکەی
دەبێ ئەو کارانە بکەیت:
دەبێ فێربی چۆن مریشک و
سوپی زلابیە لێنێیت و
دەبێ گۆرییە دڕاوەکانم بۆ بدووریتەوە و
دەبێ میزاجی شێواوم هێور بکەیتەوە و
دەبێ برەو بە بەهرەت بدەیت
لە پێناو خوراندنی پشتم و
پێڵاوەکانم بە خاوێنیی و
بریقەدارییەوە راگریت و
کاتێ کە دەحەسێمەوە
دەبێ گڕ لە درەخت بەردیت و
کاتێ باران بە لێزمە دەبارێ و بەفر دادەکا
دەبێ راڕەوەکان بە خاکەناس پاک بکەیتەوە و
بێدەنگ بیت کاتێ قسە دەکەم و
بوەستە، بەرەو کوێ دەڕۆیت؟

## کێ بوو؟

کێ دەتوانێ لێرەوە تۆپێ
هەتا ئەفغانستان تێهەڵدا؟
من دەتوانم.

کێ بوو لە جادە لەگەڵ پڵنگەکان جەنگا
لەو کاتەی پیاوانی پۆلیس
هەڵاتن و ونبوون؟
من بووم.

کێییە دەفڕێ و
چاوەکانی بەرانبەر
هێزی تیشکی ئێکسە و
بە پیاوێک ناسراوە
کە گوللە ناتوانێ بیکوژێ؟
منم.

کێ دەتوانێ بە درێژایی شەو
دانیشێ و درۆ بکا؟
لەوانەیە من بم.

---

_شیل سیلڤەرشتاین (1930_1999) شاعیری ئەمەریکی.

سەرچاوە: thaqsfat.com

ستیڤن کرین

## کتێبی حیکمەت

بینیم دەیڕوانی
کتێبێکی بە دەستەوەبوو
"کتێبی حیکمەت"
پێمگوت: کاکە ڕێگام دەدەیت بیخوێنمەوە؟
گوتی: ئەی بچووکەکەم
گوتم: بەڕێزم وەک مناڵ لێم مەڕوانە
من زۆر شت دەزانم، بەڵێ زۆر شت.
بزەیەکی کرد
کتێبەکەی کردەوە و
لە بەرانبەرمدا بە دەستییەوە گرت
زۆر سەراسیمەی کردم و
لە ناکاودا من کوێر بووم.

---

_ستیڤن کرین (1871_1900) شاعیری ئەمەریکی.
_سەرچاوە: adab.com

سارە تیسدیل

## چاوە خۆڵەمێشییەکان

ئەپریل بوو کە یەکەمجار هاتیە لام
کاتێ بۆ یەکەمجار سەیری چاوەکانتم کرد
وەک ئەوە وابوو
کە یەکەمجار سەیری دەریام کرد.

وا بە یەکەوەین
چوار ئەپریل تێپەڕیوە
چاودێری گەڵای سەر لقەکان دەکەین
چنارێکی لار سەوز دەبێ.
بەڵام هەر جارێ کە ئاوڕ دەدەمە
تا چاوەکانت بە رەنگی خۆڵەمێشی خۆیان ببینم
وەک ئەوە وایە کە یەکەمجار
سەیری دەریام کرد.

**دوای خۆشەویستیی**

هیچ سیحرێ نەماوە
وەک هەموو خەڵک یەکتر دەبینین
نە تۆ موعجیزەم بۆ دەسازێنیت و نە منیش.
_با_بووی کاتێ من دەریابووم
ئێستا هیچ مەزنایەتیێ لەوە نەماوە.
وام لێهاتووە وەک دەریاچەیەکی
کەنار دەریا بە بێهزییەوە دەبزوێم
لەگەڵ ئەوەش دەریاچە ئامنترە لە گێژاو و
ئەو هەڵچوونەی کە دوای خۆی
دوورگەکان وێران دەکا..
بە ئاشتییەکەی، دەریاچە زۆر لە دەریا باشترە.

---

_سارە تیسدیل (1884_1933) شاعیری ئەمەریکی.

_سەرچاوە: adab.com

ریچارد رایت

## هـــایـکـــــــۆ

خۆخێکی گەیوی تەقیو
دەریاچەیێ لەسەر کاغەز دەخولقێنێ
چۆلەکەکان لێی دەخۆنەوە.
*

من کەس نیم
خۆرێکی پایزیی بەدبەخت
ناومی بردوە.
*

ئەی نەورەسەکان
بۆ ئێوەیە داوای خۆڵەمێشیی و
ئەو ئاسمانە رەساسییە دەکەم.
*

_با_یەکی زستانیی هار
لەسەر پەرژینی تەڵە دڕکاوییەکان
خۆی پارچە پارچە دەکا.
*

لە خوارەوەی ماڵ پشیلەکەم دێ
بە خۆی و فەرووی کازێوەیی و
سمێڵی فشی لە تەونی عەنکەبووت.
*

---

_ریچارد رایت (1908_1960) شاعیری ئەمەریکی.
_سەرچاوە: adab.com

راسل ئیدسۆن

## پــــــــــــرد

لە ماوەی سەفەرەکانیدا
دێتە لای پردێ
کە هەمووی لە ئێسک دروستکراوە.
بەر لەوەی لە پردەکە بپەڕێتەوە
نامەیەک بۆ دایکی دەنووسێ
دایکی خۆشەویستم: دەزانی چی؟
کاتێ مەیمونەکە مۆزی دەخوارد
بە هەڵە گەزەی لە دەستێکیدا..
لەو چرکەساتەدا من لە ژێر پردی ئێسکینم
نازانم لە لاکەیتری ئەو پردەدا
گرد و دۆڵگەلی لە گۆشت دەبینمەوە
یا هەمیشە شەو و دێهاتگەلێ لە خەو.
ئێستا مەیمونەکە سەرزنشتم دەکا

چونکە باشتر فێرم نەکردوە و

بۆ دڵدانەوەی داوای لێدەکەم

خوودەی ئیسفەنجینی من لەسەر بکا.

پێدەچێ ئەو پردە یەکێ

لەو پەیکەرە ئێسقانیانە بێ

کە دووبارە پێکهێنراوەتە

بۆ دەیناسورێکی مەزنی وەک ئەوانەی

کە خەڵک لە مۆزەخانەکاندا دەیانبینێ.

مەیمونەکە تەماشای

پەنجەی گەزە لێدراوی دەکا و

هەمدیس سەرزنشتم دەکا

مۆزێکیتری پێشکەش دەکەم

هێندە تووڕە دەبێ

وەک ئەوەی سووکایەتیم پێکردبێ.

بەیانی لە پردەکە دەپەڕینەوە

ئەگەر توانیم لە لاکەیتری پرد بۆت دەنووسم

ئەگەر نەشمتوانی ئەوە بە دوای

نیشانەدا بگەڕێ.

# تـــــــۆ

له هیچەوە زەمەنێ دێ
ناونراوە "منداڵیی"
ئەوەی تەنیا ڕاڕەوێکە و
دەتگەیەنێتە دەروازەیەک
کە پێیدەگوترێ "هەرزەکاریی"
لە پشت ئەو دەروازەیە
شارێکی بچووک هەیە
ناونراوە "گەنجیی".
لە چرکەساتێ لای شەقامی سەرەکی
کاتێ یەکێ وا خەریکە ئەو ژیانەی
کە لە پشت گوڵ ژیاوە  لەدەستبدا،

کوخێک هەیە لەسەری نووسراوە "تۆ".
لێرە ئایندە
لەسەر هەندێ باری گۆڕاوی باسک
لەسەر شووشەی پەنجەرە دەژیێ؛
گۆنا لەسەر ئەوە.
دوو ئانیشک لەسەر دوو ئەژنۆ،
رووخسار لەنێو دوو دەست،
جار جار سەر فڕێ دەدرێتە دواوە،
دوو چاوی تیژ لە سەقف دەڕوانن،
ئەوە لە ناشتندا
لە دەروازەی رۆژێکی درێژدا.

## پـــایـز

گەنجێ دوو گەڵای دۆزییەوە
چووە ماڵ و
بە دایک و باوکی گوت: من درەختم.
پێیانگوت: کەوایە بڕۆ دەرەوە
لە ژووری خەو مەخەوە
چونکە رەگەکانت فەرشەکە دەدڕێنێ
گەڵاکانی فڕدا و گوتی: گاڵتە دەکەم
من درەخت نیم.
بەڵام دایک و باوکەکە پێیانگوت:
تەماشایکەن
تەماشایکەن
کوڕەکەمان بۆتە پایز.

---

_راسل ئیدسۆن (1935_2014) شاعیری ئەمەریکی.

_سەرچاوە: adab.com

دۆناڵد جاستیس

**لە بارەی مەرگی برادەرانی**

**سەردەمی منداڵیی**

هەرگیز لە بەهەشتەوە بە ریشەوە نایانبینین و
لەنێو سەرڕووتەکانیش لە دۆزەخدا نایانبینین
خۆیان بدەنە بەر خۆر و
ئەگەر لە شوێنێ لە شوێنەکاندا
چاومان پێیان بکەوێ
لەوانەیە لە حەوشەی
قوتابخانەیەکی مەهجور لە کازیوەدا بازنەیەکیان بەستبێ
یا بەدەستی تێکئاڵاویان یاریگەلێ بکەن
کە ناوەکانیشیانمان لەبیر چۆتەوە
وەرە ئەی زاکیرەبا لە سێبەرەکاندا بە دوایاندا بگەڕێین.

---

_دۆناڵد جاستیس (1925_2004) شاعیری ئەمەریکی.

_سەرچاوە: adab.com

دۆریانە لوکس

## هەوڵی هەستانەوەی مردوو

تەماشامکە، من ئێستا لە باڵکۆنێ
لە ناوەڕاستی "ئۆریگۆن" وەستاوم.
هاوڕێکانم لەناوماڵن
ئەو ماڵە هی من نییە و تۆیش نایانناسی
ئەوان دەخۆنەوە و گۆرانی دەچڕن و گیتار دەژەنن
ئەو گۆرانییەت خۆشدەوێ
_دێتەوە بیرت "ئۆفیلیا"
تابلۆی دارین لەسەر پەنجەرە و
سندووقی پۆست لای دەرگا_
ئەوان باش نامناسن
تا بە شێتم نەزانن بە چرپەوە
گۆرانیان لەگەڵ دەڵێمەوە..
هەست بە گەمژەیی دەکەم
ئێستا تۆ لە کوێی؟
لەگەڵ درەختەکان و گەڵاکانیان دەدوێم

ئەوانەی هەڵدەفڕنە نێو هەوایەکی ڕەش.
لەگەڵ ئەستێرەکان دەدوێم
ئەوانەی دەدرەوشێنەوە و
لەناو ئەو سێبەرانەی لە شێوەی دڵن و وندەبن.
لەگەڵ ئەو مانگە دەدوێم
کە نیوەی رووناکە و وشکهەڵاتوو
وەک داخ لە دڵێ
لە نێوان لق و پۆپەکان هەڵواسراوە.
تۆ چ شتێکی ئێستا؟
هەوا؟ تەم؟ غوبار؟ رووناکیی؟
ئاماژەیەکم بدێ
پێویستە بزانم دەنگم بەرەو کوێ بنێرم
ئاراستەیەکم بدێ
ئامانجێکم بدێ
خۆشەویستییم شوێنێکی دەوێ
تێیدا بحەسێتەوە
شتێ بڵێ، من هەمووم بیستنە
بۆم گرنگ نییە،

ئامادەم درۆکانیش باوەڕ بکەم

بڵێ: دەوەن دەسووتێ.

بڵێ: بەردێ.

ئەوان لە گۆرانی چڕین وەستان

پێویستە من بڕۆم

بۆیە زوو پێمبڵێ.

ئێستا نیسانە

من لە شەقامی "سبرینگ"م

ئەو سەیارە خۆڵەمێشییەی

لە لایەکی شەقام وەستاوە هی منە.

ئەوان پێدەکەنن و سەما دەکەن

من دەبینرێم

وا یەکێکیان دێ

ئەگەر دەمبینی ئاماژەیەکم بدێ

من لێرەدا تەنیام و لەسەر ئەژنۆمدا کەوتووم.

---

_دۆریانە لوکس (1952_ ) شاعیری ئەمەریکی.

_سەرچاوە: adab.com

جیمس تێیت

## مــەنــەلـــۆگ

پێستم لە حاڵەتێکی نارێکدایە
ئۆۆۆ خۆشەویستم هەر بەڕاست
حەزت بەو پۆشاکە نێوماڵییە نوێیەم کرد؟
ئەوە رێک کۆپییەکی ئەسڵی ئەو فیستانەیە
کە "کیم نۆڤاک" لە یەکێ لە فیلمەکانی پۆشیبووی.
چەند ئارەزوومە
لەو چرکەساتەدا سەگێکم هەبێ
هەنگاوی درێژ بهاوێژێ.
ئایە گەمەی ئاگرینت خۆشدەوێ
مەبەستم ئەوەیە
نەک تەنیا لە چواری تەمموز
بەڵکو گەمەی ئاگرین لە هەموو کاتەکاندا؟
وەک دەزانی زۆر کەس ئەوەیان خۆشدەوێ
ئەوانە وەک ئەو کەسانەن

که مۆسیقای ئۆرکسترایان خۆشدەوێ و
بە درێژایی کاتەکانی رۆژدا گوێی بۆ دەگرن.
"مرۆڤە لارەکان"، باوکم ئاوا ناوی نابوون.
بەڵام من، خۆشحاڵییم زۆر سانایە
یاری "بینگ بۆنگ" و مەل و بەور و
گڵاسی شەرابی دژ بە شکان و
بۆنی کیرۆسین و
خرمە خرمی گێزەرم لە بن ددانەکانم خۆشدەوێ..
هەروەها کرمی ئاوریشم و
گێژاوم خۆشدەوێ و
زیاتریش لە هەموو
ئەو شتانەی کە موقەیەتم لێی ئەوەیە
لە پێشەوەی ئەوانە بم
کە دەگەنە رووداوی خراپ.

---

_جیمس تێت (1943- ) شاعیری ئەمەریکی.

_سەرچاوە: adab.com

ئارشی ئامۆس

## گەشتی سەرکەوتن

هەرگیز پەیوەندییێکی باشم
لەگەڵ جیهاندا نەبووە.
لە دەسپێکدا من هیچ شتێکم نەبوو
کە جیهان دەیویست.
دواتر جیهان هیچ شتێکی نەبوو
کە من دەمویست.

## قەسیدە

لە ڕەشەبادا

پەلوپۆی درەختەکان ناکەون

بەڵکو وەک باڵندە

ڕاستەوخۆ لە درەختەوە هەڵدەفڕن.

## لە بارەی کەش و هەوا

ڕۆژێکی بێ باران
وەک ڕۆژێکی بێ خۆر وایە.

## ژیانی سێکسییان

فەشەل
لەسەر
فەشەل.

## ژنێکی نایاب

بەهار
لە هەنگاوەکانیدا
بووە پایز.

## پیرێکی سەیر و سەمەرە

خێراترین رێگا
بۆ گۆڕینی جیهان ئەوەیە
وەک خۆی، خۆشتبوێ.

---

_ئارشی راندۆلف ئامۆس (1926_2001) شاعیری ئەمەریکی
_سەرچاوە: adab.com

ئیمیلی دیکنسون

## پێشتر مێرگم نەبینیوە

نە پێشتر مێرگم بینیوە و
نە رۆژێ لە رۆژانیش دەریا
بەڵام هەمیشە درکم
بە شێوەی گیا و
دەنگی شەپۆل کردوە.

نە رووخساری خوام بینیوە و
نە لە بەرزاییەکەشی سەردانیم کردوە
بەڵام تەواو پێگەی دەناسم
وەک ئەوەی کەسێ
وێنەیەکی ئەوی پێدابم.

---

_ئیمیلی دیکنسون (1830_1886) شاعیری ئەمەریکی.

_سەرچاوە: adab.com

رۆبرت بلای

**قەسیدەیێ لە سێ بەشدا**

_1_

ئۆهـ، لەو کازیوەیەدا

باوەڕم وایە تا ئەبەد دەژیم!

من بە گۆشتێکی شاد داپۆشراوم

وەک گیایێ کە سەوزاییەکەی

بە هەور داپۆشراوە.

_2_

لەو کاتەی خەونم

بە هێرشی زۆر

لە رێی قەڵاکان و پشکۆوە بینی

لە جێخەو رابووم

خۆر بە خۆشحاڵییەوە

رۆنیشتە سەر ئەژنۆم

ئەو شەوە زۆرم ئازار چەشت و

رزگارم بوو

وەک هەر پەلکە گیایێ

لە ئاوی تاریکدا مەلەم کرد.

_3_

گەڵای بەهێزی

درەختی مورتکی دێرین

لە _با_دا مەلە دەکا و

داوای ئاوابوونمان لێدەکا

لە  بیابانی گەردوون

لەو شوێنەی

لە ژێر پێیەکانی

رووەکێ لە رووەکەکان

رۆدەنیشین و

وەك غوبار

بۆ ئەبەد دەژین.

---

_رۆبرت بلای (1926_       ) شاعیری ئەمەریکی.

_سەرچاوە: jehat.com

جوی ئەلسوفی

**شکۆ دەمرێ**

دوور کۆچمکرد و چاوەکانم بێسوود
بە دوای گردەکانەوە دەگەڕێن
گوڵەکانی خۆخ لە ناویانا دەکرێنەوە و
تەم لەسەرخۆ تێیدا بەرز دەبێتەوە.
•
هەورەکان ترۆپکی چیاکان دادەپۆشن
دەبێتە ئەژدیها
_لەگەڵ ئەوەی شکۆ دەمرێ_
بەڵام بولبولێ
لەسەر لقەکانی درەختی
پشت پەنجەرەکەم گۆرانی دەچڕێ.
•

---

_جوی ئەلسوفی .. شاعیری ئەمەریکی.
_سەرچاوە adab.com

مارک ستراند

## شیعرخواردن

کە حوبر بە رۆخەکانی
دەمم دادێتەخوار
هیچ بەختەوەرییێ نییە
وەک بەختەوەریی من
من شیعر دەخۆم
ژنەفەرمانبەری کتێبخانە
باوەڕ بەوە ناکا کە دەیبینێ
چاوەکانی غەمبارن
دەڕوا و دەستەکانی
لەنێو فیستانیدایە
قەسیدەکان رۆیشتن
رووناکیی کزبوو

سەگەکان بە پەیژەکانی
قاتی خوارەوە سەردەکەون
چاوی سەگەکان دەور دەدەن
پێی سەگەکان
وەک دەوەنی درەخت دادەگیرسێن
ژنەفەرمانبەری هەژاری کتێبخانە
بە پێیەکانی لە عەرد دەدا و
دەناڵێنێ
ئەو تێناگا.
کە دەکەومە سەر ئەژنۆ و
دەستی دەلێسمەوە
ئەو هاوار دەکا
من پیاوێکی نوێم
رووبەڕووی ژنە هەرا دەکەم و
دەحەپێنم
شاد دەبم و رادەبوێرم
لەو تاریکییەی کە لە کتێبدایە.

## پاشماوەکان

خۆم لە ناوی ئەوانی دیکە بەتاڵ دەکەم
گیرفانەکانم بەتاڵ دەکەم
پێڵاوەکانم بەتاڵ دەکەم و
لە تەنیشت رێگای دادەنێنم.
شەو سعات دەگەڕێنمەوە دواوە
ئەلبومی وێنە خێزانییەکان دەکەمەوە و
تەماشای خۆم دەکەم کە منداڵبووم
چ سوودێ لەو هەموو شتە هەیە؟
سعاتەکان وەک پێویست کاریان کرد
ناوی خۆم دەڵێم،
دەڵێم: ماڵئاوا
وشەکان شوێن یەکتری دەکەون
ژنەکەمم خۆشدەوێ

بەڵام خۆمی لێدەرباز دەکەم
دایک و باوکم
لە عەرشیان هەڵدەستن بەرەو
ژووره شیرییەکانی هەور
چۆن دەتوانم ستران بچڕم؟
کات پێمدەڵێ من کێم
من دەگۆڕێم و وەک خۆم دەمێنمەوە
خۆم لە هەموو ژیانم بەتاڵ دەکەم و
ژیانم دەمێنێتەوە.

---

_مارک ستراند (1934-2014) شاعیری ئەمەریکی.
_mobile.dudasite.com

لانگستون هیوز

## خەونەکان

باش بە خەونەکانتەوە بچەسپێ
چونکە ئەگەر خەونەکان بمرن
ژیان دەبێتە مەلێکی باڵشکاو
ناتوانێ بفڕێ.

باش بە خەونەکانتەوە بچەسپێ
چونکە ئەگەر خەونەکان بمرن
ژیان دەبێتە کێڵگەیەکی وشکەڵاتوو
بەستوو بە شەختە.

## جازونیا

ئاهـ، ئەی درەختی زیوین
ئاهـ، ئەی رووباری رۆحی درەخشان

لە _هارلم کلوپ_
شەش ژەنیاری حەکیمی جاز
جاز دەژەنن
کچە سەماکارەکە
بە چاوانی بوێرەوە
فستانی حەریریی زێڕینی
بەرز دەکاتەوە

ئاهـ، ئەی درەختی زیوین
ئاهـ، ئەی رووباری رۆحی درەخشان

چاوانی حەوا
لە یەکەمین باخچەدا
کەمێ بوێربوون؟
ئەوەندەی کلیۆپاترا دڵڕەفێن بوو
لە پۆشاکی زێڕینیدا؟

ئاهـ، ئەی درەختی درەخشان
ئاهـ، ئەی رووباری رۆحی زیوین

لە _هارلم کلوپ_
شەش ژەنیاری حەکیمی جاز
جاز دەژەنن

## راو

کوڕێکی بە هەیکەل هات
حۆرییەکی لەسەر شانەکانی بوو
کلکی حۆرییەکە
تا خوار باسکی شۆڕ ببۆوە

چونکە کوڕێکی راوچی بوو
ماسییێکی بۆ خۆی دۆزیبۆوە
نیوەی ماسی بوو
نیوەشی کچ
تا زەواجی لەگەڵ بکا.

## سروودی بارانی ئەپریل

لێگەڕێ با باران ماچت بکا
لێگەڕێ با باران دڵۆپە زیوینییەکانی
دابارێنێتە سەر سەرت
لێگەڕێ با باران بتلاوێنێتەوە
با باران گۆمی جێگیرت لە شۆستەدا
بۆ درووست دەکا
با باران جۆگەی ڕۆیشتووت
لە بۆڕییەکاندا بۆ درووست دەکا
با باران بە شەو لە سەربانتدا
گۆرانی خەوت بۆ بژەنێ و
منیش بارانم خۆشدەوێ.

## گۆرانی بۆ ئەمەریکا دەچڕم

منیش هەروەها

منیش هەروەها گۆرانی

بۆ ئەمەریکا دەچڕم

من برا ئەسمەرەکەم

کاتێ میوان دێن

دەمنێرن تا لە مەتبەخ نان بخۆم

بەڵام من پێدەکەنم و

نانێکی زۆر باش دەخۆم تا بەهێز بم.

بەیانی کە میوان دێن
لەسەر سفرە دادەنیشم
ئەو کاتە کەس ناوێرێ بڵێ:
بڕۆ لە مەتبەخ نان بخۆ.
سەرباری ئەوەش دەبینن
کە من چەند جوانم و
هەست بە شەرمەزاری دەکەن
منیش هەروەها ئەمەریکییم.

---

_لانگستون هیوز (1902_1967) شاعیری ئەمەریکی.
سەرچاوە:alharakat.blogspot.com
drbugnah.net
ibtesamah.com

مایا ئەنجیلۆ

## دەرس

هەمدیس جارێکیتر بەردەوام دەمرم
دەمارەکان دەپسێن و
وەک لەپی بچووکی
منداڵە خەوتووەکان دەکرێنەوە
زاکیرەی گۆڕستانە کۆنەکان
گۆشتی گەنیو و کرم
قایلم ناکەن و لە بەرگریی دەموەستێنن
ساڵەکان و بەزینی سارد
لە قووڵایی هێڵەکانی
سەر رووخسارم دەژین
وەڕسبوون لە چاوم دەبوژێننەوە
لەگەڵ ئەوەش من بەردەوام دەبم لە مردن
چونکە حەز دەکەم بژیم.

## ڕەدکردنەوە

خۆشەویست، لە چ ژیان و خاکێکیتردا
لێوەکان و دەستەکان و
پێکەنینی بوێری بێ ئیحترامتم ناسی؟
عاشقی ئەو شتە شیرینانەتم..
گرێنتی چییە کە ئێمە جارێکیتر
لە هەندێ جیهانیتردا یەکتر دەبینینەوە؟
زەمەنی ئاییندە مێژوونووس نییە
ڕووبەڕووی خێراکردنی جەستەم دەبمەوە
من لەبەر مەرگ داناهێنم
تەنیا لەپێنا ئەوەی
جارێکیتر لە دیدارێکی شیریندا بتبینمەوە.

---

_مایا ئەنجیلۆ (1928_2014) ژنە شاعیری ئەمەریکی.
_سەرچاوە: drbugnah.net
_ adab.com

**چارلس سیمیک**

چارلس سیمیک رستەیەکە.
سەرەتا و کۆتایی هەیە.

ئەو رستەیە لێکدراوە یا سادەیە؟
ئەوە پەیوەندی بە کەش و
ئەستێرەوە هەیە لەسەرەوە.

بابەتی ئەو رستەیە چییە؟
بابەتەکەی خۆشەویستمان چارلس سیمیکە.

ژمارەی کارەکانی ئەو رستەیە چەندە؟
خواردن، نووستن،
نووستن لەگەڵ ژن،
ئەوانە بەشێکن لە کارەکانی.

بەرکار چییە لەو رستەیە؟
ئەی بچووکەکانم بەرکار هێشتا نەهاتووە.

ئەی کێ ئەو رستە سەیرە دەنووسێ؟
بێزارکەر، کچێکی لە خۆبایی و
داواکارێک بۆ دۆزینەوەی وەزیفە.

ئایا هەموویان بە خاڵ
یا نیشانەی پرسیار کۆتایی پێ دەهێنن؟
بە پرژانی حوبر و
نیشانەی سەرسوڕمان کۆتایی پێ دێنن.

---

_چارلس سیمیک (1938_     ) شاعیری ئەمەریکی
_سەرچاوە: العودة الى مكان مضاء بكوب حليب
ترجمة: سامر ابو هواش.

نیکی جیوڤانی

## هەڵبژاردنەکان

ئەگەر نەمتوانی ئەو کارە بکەم کە دەمەوێ
کەوایە کاری من ئەوەیە
ئەو کارە نەکەم کە نامەوێ.

ئەوانە هەمان شت نین
بەڵام باشترین شتە
کە دەتوانم ئەنجامیدەم.

ئەگەر نەتوانم
ئەوە بەدەستبێنم کە دەمەوێ
کەوایە کاری من ئەوەیە
حەزم لەو شتە بێ
کە بەدەستمهێناوە و
رازییم بەوەی هێشتا بەلایەنی کەم
شتی زیاتر هەن کە حەزیان پێبکەم.

لەگەڵ ئەوەی ناتوانم
بچمە ئەو شوێنەی کە پێویستم پێیەتی
کەوایە دەبێ بچمە ئەو شوێنانەی
کە نیشانەکان ئاماژە
بە جوولەی تەریبیی
نەک لابەلا دەکەن.

کاتێ ناتوانم بەڕاست گوزارشت
لەو شتە بکەم کە هەستی پێدەکەم
ئەو هەستانە مومارەسە دەکەم
کە ناتوانم گوزارشتییان لێبکەم و
لەوەشدا هیچ شتێ یەکسان نابێ.

دەزانم بەڵام ئەوە تاکە هۆیەکە
کە تەنیا مرۆڤ لەنێ هەموو ئاژەڵەکاندا
فێر دەبن کە بگرین.

---

_نیکی جیوڤانی (1943_ ) ژنە شاعیری ئەمەریکی.
_سەرچاوە: drbugnah.net

سکوت فیتزجیرالد

**جوانبوو**

جوانبوو بەڵام وەک کچی نێو گۆڤارەکان نا
جوانبوو بەو شێوازانەی کە بیری پێدەکردەوە
جوانبوو بۆیە بە تروسکانەوەی چاوەکانی
دەدرەوشایەوە کاتێ لە شتێ دەدوا کە خۆشیدەویست.
جوانبوو بەو توانایەی کە خەڵکی دەخستە بزە
هەتا ئەگەر خۆی غەمباریش بووا
نا، جواننەبوو بە شێوەیەکی کاتیی..
بە جوانیی شێوەی..
جوانبوو بە شێوەیێ
کە قووڵ بەنێو رۆحیدا خۆیدا پەخشان دەبێ
ئەو جوانە.

---

_ سکوت فیتزجیرالد (1896-1940) شاعیری ئەمەریکی.

_سەرچاوە: drbugnah.net

# شیعری شاعیرانی فەڕەنسا

جاك پرێڤێر

## **کۆد**

پاشا: ئەی گاڵتەجاڕ بە پێکەنینم بێنە.

گاڵتەجاڕ: گەورەم

وەزیری یەکەمت بێ مێشکە

وەزیری دووەمت گەمژەیە

وەزیری سێیەمت گێلە و

وەزیری چوارەمت...

پاشا لە پێکەنیندا دەنگی نامێنێ و

دواتر دەڵێ: بوەستە ئەی گاڵتەجاڕ

ڕێگاچارەیەکم پێبڵێ..

گاڵتەجاڕ: گەورەم ڕێگاچارە ئەوەیە

کە تۆ مەلیکی بێ مێشکانی.

## ڕێژەی لەدایکبوون

سەر لە ژوورەوەیە
"ناتالی" هاوار دەکا
دکتۆر قاچێکی دەگرێ تا ڕایکێشێتە دەرەوە.

"ناتالی" لە یەکەم چرکەوە
لە یەکەم چرکەیدا
بە ڕووی ژیاندا هاوار دەکا
ژیان ڕەتدەکاتەوە و سەرەوژێر دەیبینێ.

"ناتالی" هاوار دەکا
ئا ئەلێرەوە
حیکایەتەکە دەسپێدەکا.

ئەو بچووکە هاوار دەکا
ئەوە لەدایکبوونێکی نوێی تۆقێنەرە
ئەوەتە حیکایەتەکە لە نوێوە دەسپێدەکاتەوە.

## حەقی تەماشاکردن

ئێوە
من سەیری ئێوە ناکەم
ئەوەم خۆشدەوێ
کە خۆشمدەوێ و
هەر ئەوەش تەنیا تاکە شتێکە
کە سەیرم دەکا و دەمبینێ
ئەوەم خۆشدەوێ
کە خۆشمدەوێ و
سەیریان دەکەم
ئەوە ئەوانن کە ئەو حەقەیان پێداوم.

## تەمبەڵ

بە سەر دەڵێ: نەخێر
بەڵام بە دڵی دەڵێ: بەڵێ
بەو کەسانەی کە خۆشیدەوێن دەڵێ: بەڵێ
بە مامۆستا دەڵێ: نەخێر
ئەو وەستاوە و لێی دەپرسن
هەموو بابەتێ دەورووژێندرێ
لە ناکاو پێکەنینێکی شێتانە رایدەپێچێ و
هەموو شتێ دەسڕێتەوە
ژمارەکان و وشەکان
مێژووەکان و ناوەکان و رستەکان
سەرباری هەڕەشەکانی مامۆستا و
گاڵتەجاڕیی منداڵە ناتواناکان
بە تەباشیری رەنگاوڕەنگ
لەسەر تەختەڕەشە بەدبەختەکە
وێنەی رووخساری بەختەوەریی دەکێشێ.

## گۆرانی پاسەوانی زیندان

بە خۆت و ئەو کلیلە خوێناوییەت
روو لە کوێ هەنگاو دەنێیت
ئەی پاسەوانی جوان؟
_ئەگەر هێشتا کات مابێ
دەچم ئەو کەسە ئازاد دەکەم
کە خۆشمدەوێ
من ئەو ژنەم بە سۆز و دڵڕەقییەوە
لەنێو ئارەزووە نهێنییەکانم
لەنێو ئازارە قووڵەکانم
لەنێو درۆکانم لەپێناو ئایندە
لەنێو گەمژەییەکانی باوەڕ ئەسیر کرد
دەمەوێ ئازادی بکەم

هەتا ئەگەر لەبیریشم بکا
هەتا ئەگەر لێم ڕاکا
هەتا ئەگەر بگەڕێتەوە و
هەمدیس منی خۆشبوێتەوە
یا ئەگەر کەسێکیتری خۆشبوێ
یا ئەگەر حەز لە یەکێکیتر بکا و
من تەنیا بمێنمەوە و دوور بڕۆم.
من هەمیشە تا کۆتایی رۆژگارم
تەنیا نەرمایی ئەو مەمکانەت
کە خۆشەویستیی کۆیکردوونەتەوە
لە دەستە بەتاڵەکانمدا دەپارێزم.

## لای ژنە گوڵفرۆشەکە

پیاوێ دەچێتە دوکانی
ژنە گوڵفرۆشێک و
چەپکە گوڵێ هەڵدەبژێرێ
گوڵفرۆش گوڵەکان بۆ دیاری دەپێچێتەوە
پیاوەکە بۆ گەڕان بە دوای پارەدا
دەست دەخاتە نێو گیرفانی
بەڵام لە هەمان کاتدا
دەستەکەیتری دەخاتە
سەر دڵی و بەردەبێتەوە
پارەیەکی ئاسنین
دەکەوێتە سەرزەوی و دەخولێتەوە
دواتر گوڵەکان دەکەون

پیاوەکە و گوڵەکان لە هەمان کاتدا دەکەون
گوڵفرۆشەکە لەوێ
لای ئەو پارە ئاسنینەی کە دەخولێتەوە
لای ئەو گوڵانەی پەرش و بڵاوبوون
لای ئەو پیاوەی وا خەریکە دەمرێ وەستاوە
دیارە کە ئەو رووداوە زۆر غەمناکە
ئەرکیشە کە دەبێ تۆ کارێ ئەنجام بدەیت
بەڵام نازانێ چۆن دەستپێبیکا
نازانێ لە کام کۆتایی دەستپێبیکا
زۆر شت هەن کە دەکرێ ئەنجامیان بدا
لەگەڵ ئەو پیاوەی وا خەریکە دەمرێ
لەگەڵ ئەو گوڵانەی پەرش و بڵاوبوون
لەگەڵ ئەو پارەیەی
ئەو پارەیەی
کە دەخولێتەوە و
لە خولانەوەدا ناوەستێ.

## چێشت

قاوەی لە فنجان کرد

شیری لە فنجانی قاوە کرد

شەکری لە فنجانی قاوە و شیر کرد

بە کەوچکێکی بچووک تێکیدا

قاوەی بە شیری خواردەوە فنجانەکەی دانایەوە

بێ ئەوەی هیچ قسەیەکم لەگەڵ بکا.

جگەرەی داگیرساند

بە دووکەڵی جگەرە بازنەیەکی کێشا

سۆتەکەی فڕێدایە نێو تەبڵە

بێ ئەوەی هیچ قسەیەکم لەگەڵ بکا.

شەپقەکەی لەسەر کرد

بێ ئەوەی تەماشام بکا رینکۆتی پۆشی

چونکە کەش باراناوی بوو، چووە بەرباران

بێ هیچ وشەیێ

بێ ئەوەی تەماشام بکا

منیش سەرم خستە نێو دەستەکانم و گریام.

## مەوسیمێکی جوان

برسییە، لەدەستچووە، بەستوویەتی
تەنیایە و سەنتێکیشی پێنییە
کچێکی شازدە ساڵان
هێشتا لە مەیدانی کۆنکۆرد وەستاوە
لە نیوەڕۆی پازدەی _ئاب_دا.

## شەرابی ئەلیکانت

پرتەقاڵ لەسەر مێز
پۆشاکت لەسەر فەرش
تۆیش لەنێو جێخەوی مندا
ئێستا شیرینە بۆ ئێستا
سەرمای شەو
گەرموگوڕیی ژیانم.

## خۆرگیران

لویسی چواردەم
کە مەلیکی خۆریشیان پێیدەگوت
زۆربەی کاتەکانی ژیانی
لەسەر کورسی پیساییکردن دادەنیشت.
لە کۆتاییەکانی حوکمیدا
لە شەوێکی تاریک و نووتەک
مەلیکی خۆر لە جێخەوەکەیدا هەستا و
چووە سەر کورسی گووکردن و بزربوو.

# گۆرانی

ئێمە لە چ رۆژێکداین؟

ئێمە لە هەموو رۆژەکانداین دۆستەکەم

ئێمە هەموو ژیانین خۆشەویستەکەم

ئێمە یەکترمان خۆشدەوێ و دەژین

ئێمە دەژین و یەکترمان خۆشدەوێ

ئێمە نازانین ئەو ژیانە چییە و

ئێمە نازانین لە چ رۆژێکداین و

ئێمە نازانین خۆشەویستیش چییە.

## بۆ تۆ ئەی خۆشەویستم

چوومە بازاڕی مەلفرۆشان و
مەلم بۆ کڕیت، ئەی خۆشەویستم.
چوومە بازاڕی گوڵفرۆشان و
گوڵم بۆ کڕیت، ئەی خۆشەویستم.
چوومە بازاڕی ئاسنگەران و
کۆت و پێوەند
کۆت و پێوەندی پتەوم بۆ کڕیت،
ئەی خۆشەویستم
دواتر چوومە بازاڕی کۆیلەفرۆشان و
بە دواتدا گەڕام
بەڵام نەمدۆزیتەوە ئەی خۆشەویستم.

## نزیکەی

له "فۆنتانا بلو"
بەرانبەر هوتێلی
"سزای رەش"
پەیکەری _گا_یێک هەیە
که "رۆز بونیر" دایتاشیوه.
کەمێ ئەولاتر
دارستانێ هەیە
کەمێ ئەولاتر
جەستەی جوان و
دارستان و بەدبەختیی و
له تەنیشت ئەو وشەیەشدا
بەختەوەریی هەیە
بەختەوەریی و چاوانی گەشاوه
بەختەوەریێ دڕکی سنەوبەر له لەپی دەستیدا

بەختەوەریێ کە بیر لە هیچ شتێ ناکاتەوە

بەختەوەریێ لەو _گا_یە دەچێ

کە "رۆز بونیر" دایتاشیوە و

دوای ئەوە بەدبەختیی

بەدبەختیی بە سەعاتی زێڕینییەوە

بە شەمەندەفەرێکی ئامادە بۆ سەرکەوتن

بەدبەختیێ کە بیر لە هەمووومان دەکاتەوە

لە هەمووان،

لە هەمووان،

لە هەمووان، لە هەمووان، لە هەمووان و

تەقریبەن لە هەموو کەسەکانیش دەباتەوە.

## پاریس لە شەودا

سێ دنکە شقارتەی
یەک بە دوای یەک داگیرساو لە شەودا.
یەکەمیان: بۆ بینی رووخسارت بە تەواوی.
دووەمیان: بۆ بینی چاوەکانت و
ئەوەی کۆتایی: بۆ بینینی بزەکانت.

هەموو تاریکیش
با بۆ ئەوە بێ
لە ئامێزمت بگرم.

## کاروباری عائیلی

دایک لە رستن و چنین کار دەکا
کوڕ لە جەنگ
دایک ئەوە ئاسایی دەبینێ.
باوک..ئەی باوک چی دەکا؟
ئەو کاری ئازاد دەکا
ژنەکەی لە رستن و چنین کار دەکا
کوڕەکەی لە جەنگ
خۆشی کاری ئازاد
باوک ئەوە ئاسایی دەبینێ.
ئەی کوڕەکە ئەو دۆخە چۆن دەبینێ؟
کوڕەکە بە رەهایی هیچ نابینێ
دایکی لە رستن و چنین کار دەکا و
باوکی کاری ئازاد و
خۆشی لە جەنگ

کاتێ جەنگ کۆتایی دێ
لەگەڵ باوکیدا کاری ئازاد دەکا
جەنگ بەردەوام دەبێ
دایک لە رستن و چنین کار دەکا
باوک لە کاری ئازاددا
بەردەوام دەبێ
کوڕە دەکوژرێ
ئیدی وجودی نامێنێ
دایک و باوک دەچنە گۆڕستان
ئەوان ئەوە ئاسایی دەبینن
باوک و دایک
ژیان بەردەوام دەبێ
ژیان لەگەڵ رستن و چنین و
جەنگ و کاری ئازاد
کاری ئازاد، جەنگ، رستن و چنین
جەنگ،کاری ئازاد، کاری ئازاد
کاری ئازاد
ژیان لەگەڵ گۆڕستان.

## بۆ ئەوەی وێنەی مەلێ بکێشیت

یەکەمجار وێنەی قەفەزێ
بە دەرگایەکی کراوە بکێشە
دواتر وێنەی شتێکی جوان بکێشە
شتێکی ساکار
شتێکی باش
شتێکی بە سوود
لە پێناو باڵندەیەکدا.
دواتر تابلۆکە
بە درەختێکەوە هەڵواسە
لە باخچە
لە بێستان
لە دارستان و
خۆت لە پشت درەختەکەدا حەشاردە
بێئەوەی لێوت بزوێ

بێئەوە بجوولێی
هەندێجار باڵندە بە خێرایی دێ
دەشکرێ ساڵانێکی زۆر
بخایەنێ و نەیەت
بێئومێد مەبە
چاوەڕێکە
ئەگەر وا بخوازێ
چەندین ساڵ چاوەڕێکە
خێرایی و لەسەرخۆیی
هاتنی باڵندە
پەیوەندییان بە سەرکەوتنی
تابلۆوە نییە.
کاتێ کە باڵندە دێ
کە هات
بە بێدەنگیی و
قووڵییەکی زۆرەوە چاودێریی بکە و
چاوەڕوانبە تا دەچێتە
ناو قەفەز

کە چووە ژوورەوە
بە هێوریی دەرگاکەی لەسەر داخە و
دواتر یەکە یەکەی
شیشەکانی قەفەزەکە بسڕەوە
ئاگاداریشبە
دەستت بە هیچ یەک
لە پەڕەکانی مەلەکە نەکەوێ
دواتر وێنەی درەختێ بکێشە
جوانترین لقوپۆپی بۆ هەڵبژێرە
لە پێناو باڵندەکەدا
سەوزیی گەڵاکان و
تازەیی _با_ و
تیشکی خۆر و
جوولەی زیندەوەرانی نێو گیا
لە گەرمایی هاویندا بکێشە
دواتر چاوڕێکە
تا مەلەکە بخوێنێ
ئەگەر سترانی نەچڕی

ئەوە ئاماژەیەکی خراپە
ئاماژەیە بۆ ئەوەی
کە تابلۆیەکی خراپە
بەڵام ئەگەر گۆرانیی گوت
ئەوە ئاماژەیەکی باشە
ئاماژەیە بۆ ئەوەی
دەتوانی ئیمزای خۆتی
لەسەر بکەیت.
لەو کاتەدا
زۆر بە هێوریی
پەڕەمووچەیێ
لە باڵندەکە دەربێنە و
لە گۆشەیەکی تابلۆکەدا
ناوی خۆتی لەسەر بنووسە.

## کاتێکی بەسەرچوو

بەرانبەر دەروازەی کارگە
لە ناکاو کرێکارێ دەوەستێ
هەوای جوان لە بەروانکەکەی دەریدێنێ
دەخولێتەوە
چاوێ بە خۆری خڕی سوور دادەخشێنێ
کە لە ئاسمانی رەساسیدا بزە دەکا
بە ئولفەتەوە غەمزەی بۆ دەکا
_دەی پێمبڵێ ئەی خۆر..
ئەی دۆست
ئەوە گەمژەیی نییە
رۆژێکی وا جوان
بدەیتە خاوەن کار!؟

## خێزانە سەردەستەکان

لویسی یەکەم

لویسی دووەم

لویسی سێیەم

لویسی چوارەم، لویسی پێنجەم

لویسی شەشەم، لویسی حەفتەم

لویسی هەشتەم، لویسی نۆیەم

لویسی دەیەم

لویسی یازدەم لویسی دوازدەم

لویسی سێزدەم

لویسی چواردەم

لویسی پازدەم لویسی شازدەم

لویسی حەڤدەم

لویسی هەژدەم و

ئیدی هیچ کەس نەما

ئەوانە چ جۆرە بەشەرێکن

کە ناتوانن تا بیستیش بژمێرن؟

## پێکهاتەیەکی فڕەنسی

ناپلیۆن گەنجێکی لاواز و
ئەفسەرێکی تۆپهاوێژبوو
دواتر بووە ئیمپراتۆر
ئیدی کرشی دانا و
وڵاتانی زۆریشی هەبوو
بەڵام کاتێ مرد
کرشەکەی هەر مابوو
خۆشی بچووک ببۆوە.

---

_جاك پرڤێر (1900_1977) شاعیری فڕەنسی.

_سەرچاوەqiraa.club

_hamedtaher.com

_ جاك پريڤر، قصائد مختارة، ترجمة؛ سامي مهدي.

شارل بۆدلێر

**رووباری لەیادکردن**

وەرە نێو دڵم، ئەی رۆحی دڵڕەقی کەڕ
ئەی پڵنگی پەرستراو و دڕندەی بێباک
دەمەوێ پەنجە لەرزیوەکانم
لە قووڵایی چڕستانی پرچت نوقمکەم و
سەری بەئێشم لەنێو تەنورە عەتراوییەکانت بنێژم و
وەک گوڵێکی پەژموردە
بۆنی شوێنەواری نەرمی
خۆشەویستی کۆچکردووم بکەم
دەمەوێ بخەوم، بخەوم، نەک بژیم
دەمەوێ لە خەوێکی خۆشتر لە مەرگ بخەوم و
ماچەکانم بەبێ پەشیمانیی
بەسەر جەستەی جوانی
بریقەداری مانەندی مست پەخشانکەم و
بۆ ئەوەی رۆندک و دەرسەکانم

بنێژم و هێوریان بکەمەوە
هیچ شتێ ناگاتە دەنگی ناو جێخەوت
لەیادکردن دەتوانێ
لە دەوری دەمت نیشتەجێبێ و
ڕووباری لەیادکردن
لە ماچەکانتدا کۆدەبێتەوە و
منیش وەک شەهیدێکی گوێڕایەڵی
بێتاوانی مەحکوم
خۆم ڕادەستی قەدرم دەکەم و
هەڵبژێرێکی شادیشم
بەڵام هێشتایش ترس
لە ئازارم زیاد دەبێ و
بۆ ئەوەی رقیشم غەرقکەم، دەخۆمەوە
شەرابی لەیادکردن و ئاوی سوپاسگوزاریی
لەسەر هەموو لاکانی
پێستی جوانت دەخۆمەوە
ئەو پێستە جوانەی کە بە ڕەهایی
هیچ دڵێ نەیتوانی دیلی بکا.

# غەریب

_ئەی پیاوی ڕاڕا پێمبڵێ
کێت زیاتر خۆشدەوێ
باوکت، دایکت، خوشکت، یا برات؟
_باوک و دایک و خوشک و برام نییە.

_برادەرەکانت؟
_تۆ باسی شتێ دەکەی من نازانم چییە.

_نیشتمانت؟
_نازانم لە کوێیە.

_جوانیی؟
_لەبەر رازیکردنی خۆشمدەێ
ئەگەر پەرستراوێکی نەمربێ.

_زێڕ؟

_زۆر رقم لێیەتی.

_باش، تۆ چیت خۆشدەوێ

ئەی تەنیای بێهاوتا؟

_هەورەکانم خۆشدەوێ..

پەڵە هەورەکان..

لەوێ..

لە بڵندایيەکان..

هەورە سەرسوڕهێنەرەکان.

## مرۆڤ و دەریا

ئەی مرۆڤی ئازاد، دەریا هەمیشە
وەک خۆشەویستی دڵت دەمێنێتەوە.
دەریا ئاوێنەتە، لەنێو شەپۆلە ئەبەدییەکانیدا
بە حەزەوە لە رۆحت رادەمینیّ و
خۆشت قوڵاییت کەمتر نییە لە قوڵایی ئەو
پێتخۆشە لە ئامێزی وێنەتدا نوقم بیت و
بە چاوەکان و باسکەکانت
باوەشی پیادا بکەیت
لە کاتێکا دڵت لەنێو مەیلی خۆیدا
بە بیستنی ژاوە ژاو و
سەدای شەپۆلی دەریای شکۆدار رادەبوێریّ
ئێوە هەردووکتان ئاڵۆز و نهێنی پارێزن
ئەی مرۆڤ
لەبەر توند پارێزییتان

بۆ حەشاردانی نهێنییەکانتان
کەس نەیتوانی
پەی بە نهێنییەکانی ناخت ببا.
ئەی دەریا
کەس زێڕە شاراوەکانت پێنازانێ.
لەگەڵ ئەوەشدا
ئەوەتە چاخەکان تێپەڕین و
ئێوەش چونکە
کووشتارگە و مەرگتان خۆشدەوێ
بێ پەشیمانی و
بێ بەزەییانە لە ململانێدان.
ئای کە ئێوە دوو زۆرانبازی ئەبەدین
ئەی برا پێداگرەکان،
لەسەر دڕیی و لاساریی.

## سروود

بۆ ئەو کەسەی
نە لەو خۆشەویستتر و
نە لەو جوانتر هەیە..
ئەو کەسەی، دڵم پڕ دەکا لە ڕووناکیی.
بۆ فریشتە و پەرستراوی نەمر
سڵاوی لێبێ لە نەمرییدا
ئەو مانەندی هەوایێکی تێراو بە نمەک
لە ژیانما پەخشان دەبێ و
تامی خلود دەڕژێنێتە نێو ڕۆحی تینووم.
ئەی هاوبەشی هەمیشە شەونماوی
ئەی ئەو کەسەی کە بە عەتری بەهادار
کەشەکان عەترپرژێن دەکا
ئەی پشکۆی لە یادکراو

ئەوەی کە بە نهێنی لە شەودا
بۆنی باشیی پەخشان دەکا
چۆن راستگۆیانە گوزارشتت لێبکەین؟
ئەی ئەو خۆشەویستییەی خراپە ناناسێ
ئەی ئەو دنکە مسکەی بە شاراوەیی
لە قوولایی ئەبەدییەتم دەخەوێ..
بۆ ئەو کەسەی
نە لەو شیرینتر و
نە لەو جوانتر هەیە و
ئەفرێنەری شادییەکان و لەشساغیشمە
بۆ فریشتە و پەرستراوی نەمر
سڵاوی لێبێ لە خلودیدا.

## بۆ کچێکی مالاباری

پێیەکانت وەک دەستەکانت نەرمن و
سمتی سفتت، غیرەی زیباترین
ژنی سپیپێستیش دەوروژێنێ.
جەستەی نەرمی پایەدارت
لای هونەرمەندی خاوەن خەون خۆشەویستە و
چاوەکانت فراوان و مەخمەڵین
ڕەشاییان لە ڕەشایی پێستت تۆخترە.
لەو وڵاتە گەرم و شینەی
کە خوا تۆی تیا هێنایە وجود
ئەرکت داگیرساندنی پایپی گەورەکەت و
پڕکردنی بتڵی ئاو و شووشەی عەتر و
دەرکردنی مێش و مەگەزی
ناو جێی حەوانەوە و جێخەو بوو..

لەو کاتەی کە سپێدە
گۆرانی دەخاتە نێو دارکاژەکان
دەچیتە بازاڕ بۆ کڕینی مۆز و ئەناناس و
لە رۆژیشدا کوێت بوێ
پێیە رووتەکانت روو لەوێ راپێچت دەکەن و
بە زمزەمەوە ئاوازە کۆنە ناڕۆشنەکان دەڵێیتەوە.
کاتێکیش شەو پۆشاکی قورمزی خۆی پەخشان دەکا
بە هێوری جەستەت دەخەیتە سەر حەسیر و
خۆت رادەستی ئەو خەونانە دەکەی
کە رێک وەک تۆ
پڕن لە چۆلەکەی رەنگاوڕەنگی دلڕفێنی گەشاوە..
ئەی بۆچی حەز بە بینینی
فڕەنسای نیشتمانمان دەکەی؟
ئەی کچی نوقمبوو لە شادیدا
ئەو وڵاتە زۆر قەرەباڵغە
بە ئازار، گەردەلوول بە خەڵکەکەی دەکا
تۆیش رادەستی باسکەکانی
دەریاوانێکی بەهێز دەبیت و

به دەست ئاماژەی ماڵئاوایی
لە دارخورما خۆشەویستەکانت دەکەیت.
لێرە جلێکی ئاوریشمی تەنک دەپۆشیت
تەنیا نیوەی جەستەت دادەپۆشێ
لەوێ لە ژێر بەفر و زەمهەریر هەڵدەلەرزیت
لەو کاتەیش کە کەمەربەندی دڵڕەق
فشارت بۆ دێنێ
بۆ ئازادیی پڕ لە چێژی رابردووت دەگریت و
دەبێ خۆراکت لە دەوروبەرمان کۆکەیتەوە و
عەتری شوێنە جوانەکانی جەستەی نامۆت دەفرۆشیت و
دوای چاوە شێواوەکانت دەکەویت
لەنێو تەمی چڵکنمان و
تارمایی درەختە دوورەکانی گوێزی هندی پەرشبوو
لێرە و لەوێ.

---

_شارل بۆدلێر (1821_1867) شاعیری فڕەنسی.
_سەرچاوە: adab.com

ئارسەر رامبۆ

## کۆمێدیا لە سێ ماچدا

رووتبوو لەو شتانەی کە دایدەپۆشن
درەختگەلێکی بێچاوەڕووی گەورەش بە گەڵاکانیان
خراپ لە شووشەی پەنجەرەکە دەدەن
لە نزیکەوە.. لە نزیکەوە.

لەسەر کورسییەکی گەورە دانیشت
دەستەکانی تێکئاڵاند،
لە ناوەڕاستی رووتییدابوو
لەسەر عەردی ژوورەکەش
بە ئازادیی دەلەرینەوە
مەبەستم پێیە نایابەکانییەتی.. نایابەکانی.

ڕەنگم ڕەنگی مۆم بوو، سەرنجمدا
تیشکی هەڵفڕیو ئاوێتە دەبن و
لە نێو زەردەخەنەیدا هەڵفڕ هەڵفڕیانە و
لەسەر مەمکیشی هەنگ.

قاچە نەرمەکانیم ماچکرد..پێکەنی
ئەو لەناو بەدپێکەنینی لێکترازا
بووە بلووری چریکە و کریستاڵ.

پێیەکانی لە ژێر کراسێکی تەنکدا
روخسەتیان وەرگرت: دەکرێ کۆتایی بێ؟
یەکەم لاواندنەوەی لێ بەدەرکەوت،
پێکەنینی هەڕەشەئامێزی، بۆ سزادانم.

بە دڵسۆزییەوە لە ژێر لێوەکانمدا
چاوە ترساو و گوناحەکانیم ماچکرد
بەرەو دواوە پاڵی بە سەرێکەوە نا
کە هەستی بە هیلاکیی دەکرد.. "ئۆهـ، ئەوە باشترە".

"رێم پێدەدەی تەنیا بە وشەکان؟"
ئەو ماچانەی کە مابوون
لەسەر مەمکیدا چاپم کردن
وامکرد ماچ پێبکەنێ
پێکەنینێ کە ئارەزوو دەکا زۆر...

رووتبوو لەو شتانەی کە دایدەپۆشن
درەختگەلێکی بێچاوەڕووی گەورەش
بە گەڵاکانیان،
پیس لە شووشەی پەنجەرەکە دەدەن
لە نزیکەوە.. لە نزیکەوە.

## بۆهیمیەتی من

دەڕۆم، دەستەکانم
لە نێو گیرفانە کونەکانمدان.
پاڵتۆکەشم دەچێ تا کەمال بگرێتە ئامێز
لە ژێر ئاسماندا رێدەکەم
خوای قەسیدە، ئیلهامبەخشی من
من دڵسۆزت بووم
ئۆوهـ، لەو خۆشەویستییە درەوشاوانەی
کە خەونم پێیانەوە دەبینی.

تاکە پانتۆڵم کونێکی گەورەی تیابوو
"پەنجە بەستراو"،
رۆچوو لە خەون رێک وەک خۆشەویستیی
من قافییەکان کە دوژمنی منن دەخوێنم
هوتێلم لەوێ بوو لە "ورچی گەورە"دا و
ئەستێرەکانم لە ئاسماندا
دەنگی حەریری نیانیان لێدەهات.

له لێواری ڕێگاکان دانیشتبووم،
دەنگیم دەبیست
لەو شەوە دڵڕفێنانەی ئەیلول
هەستم بە بوونی دڵۆپەکانی شەونم دەکرد
لەسەر تەوێڵم
ڕێک وەک عەرەقێکی دروست و بەهێز.

لەوێ، کە لە ناوەڕاستی سێبەرێکی غەریبدا
شیعرم دەنووسی
دەتگوت قیسارەیە
وەتەرە لاستیکییەکان ڕادەکێشم
بۆ پێڵاوی بریندارم
پیاوێک لە تەنیشت دڵی مندا.

## هەست

لە شینایی ئێوارانی هاویندا
خۆم رادەستی خشەخشی سونبولەکان دەکەم و
بە رێگا دژوارەکاندا رێدەکەم
لەگەڵ گیای تەڕ رێکدەکەوم و
بە خەونبینییەوە هەست
بە رتوبەت دەکەم لە پێیەکانمدا
لێدەگەڕێم _با_ لە سەری کۆتمدا نووقم ببێ
نە قسە دەکەم و نە بیر دەکەمەوە
کەچی خۆشەویستیی رەها لە رۆحمدا هەڵدەزنێ و
بەرەو سرووشت کۆچ دەکەم
دوور، وەک بۆهیمییەک
خۆشحاڵ، وەک ئەوەی لەگەڵ ژنێکدابم.

---

_ئارسەر رامبۆ (1854_1891) شاعیری فڕەنسی.
_سەرچاوە: adab.com

ئاراگۆن

## منت دۆزییەوە

تۆ منت دۆزییەوە
وەک ئەو بەردانەی
خەڵک لە کەناردا هەڵیاندەگرنەوە.
وەک شتێکی نامۆ، نادیار،
کە کەس نەتوانێ بە کاری بێنێ.
وەک قەوزەیەکی دەرکراو لە زۆنگاو.
وەک تەمێک کە هیچی نەوێ
جگە لەوەی بە پەنجەرەدا
بچێتە ژوورەوە.
وەک فەوزای ژووری هوتێل
کە رێکنەخرابێ.

وەک کاغەزێ کە پاشماوەی
چەوریی پێوە ماوە و
رۆژێ دوای جەژن فڕێدەدرێ.
وەک موسافیرێکی بێ بلیت
کە لەسەر
شۆستەی
شەمەندەفەر
دانیشووە.
وەک تۆڕی راو
کە ئاوی پیسی رووبارەکان
فڕێیاندابێتە کێڵگە مەهجورەکانیان.
وەک بووکەشووشەیەکی دارینی شکاو
کە خۆی لەگەڵ لایتی سەیارە
بە یەکدادابێ.
وەک شەوبێدارێک
کە لە بەیانیی
رۆژێکی بێ نووردا دەگەڕێتەوە.
وەک خەونێکی پەرش

لە تاریکایی زیندانە رەشەکاندا.
وەک شێتایەتی مەلێکی
زیندانیکراو لە ماڵدا.
وەک شوێنەواری سووری ئەنگوستیلە
لە پەنجەی عاشقێکی فێڵلێکراو.
وەک وتارێکی پارچە پارچەی پەخشان
لە _با_ی شەقامەکاندا.
وەک شوێنەواری بزمار لەسەر دەست
کە هاوینی رابرد، جێیهشت.
وەک نیگا وێڵەکانی کائینێک
کە خۆی دەبینێ لە دەستچووە.
وەک جانتا جێهێڵراوەکان
کە لە وێستگەدا ئازار دەچێژن.
وەک دەرگایێ لە شوێنێ لە شوێنەکان
یا لاکانی پەنجەرەکان
کاتێ بەریەک دەکەون.
وەک خەرەندێ لە دڵ
یا درەختێ کە برووسک لێیدابێ.

وەک بەردێ لە کەناری رێگا

لە یادی شتێکدا.

وەک شەڕێ کە رەنگی مۆری

جێزللـە کاڵناکاتەوە

وەک حۆریێ کە لەسەر بەلەمێ

بە رووی دەریادا رەسمکراوە و

هیچ سوودێکیشی نییە.

وەک یادەوەری چەقۆیێ

کە لە گۆشتدا رۆچووە

دوای زەمەنێکی درێژ.

وەک ئەسپێک کە رادەکا

تا لە زۆنگاو ئاوی سوێر بخواتەوە.

وەک سەرینێ کە بە هۆی

شەوێکی پڕ لە کابووس دڕا.

وەک جنێودان بە خۆر

لە کاتی بوونی تانە لە چاودا.

وەک تووڕەییێکی دیار

کە هیچ شتێ

لە ژێر ئاسمانەکاندا ناگۆڕێ.
تۆ منت لە شەودا دۆزییەوە
وەک گفتوگۆیێک
کە چاکناکرێتەوە.
وەک غەریبێکی وێڵ
بۆ ئەوەی بخەوێ
لە تەویلەدا راکشا.
وەک سەگێکی بەستراو بە زنجیرێ
کە پیتی ناوی دۆستەکانی لەسەرە.
وەک پیاوێ لە رۆژگاری زوودا
پڕ لە ترس و ژاوەژاو.

---

_ئاراگۆن (1897_1982) شاعیری فڕەنسی.
_سەرچاوە: adab.com

پۆل ئێلوار

## ئــــازادیی

لەسەر دەفتەرەکانی قوتابخانە
لەسەر مێزم و
لەسەر درەختەکان
لەسەر لم
لەسەر بەفر
ناوت دەنووسم.

لەسەر هەموو لاپەڕە خوێندراوەکان
لەسەر هەموو لاپەڕە سپییەکان
لەسەر بەرد
لەسەر خوێن
لەسەر گەڵا و خۆڵەمێش
ناوت دەنووسم.

لەسەر وێنە زێڕینەکان
لەسەر چەکی جەنگاوەران
لەسەر تاجی پادشاکان
ناوت دەنووسم.

لەسەر بێشەڵان و بیابان
لەسەر گیا و
لەسەر گوڵە زەردەکان
لەسەر سەدای منداڵییم
ناوت دەنووسم.

لەسەر شتە
سەرسوڕهێنەرەکانی شەوان
لەسەر نانی سپی ڕۆژەکان
لەسەر وەرزە دەسگیراندارەکان
ناوت دەنووسم.

لەسەر پارچە کاغەزە لازەوەردییەکانم
لەسەر زۆنگاوی ژەنگاوی خۆر
لەسەر دەریاچەی مانگی زیندوو
ناوت دەنووسم.

لەسەر کێڵگەکان و
لەسەر مەوداکان
لەسەر باڵی مەلەکان
لەسەر هاڕینگەی سێبەرەکان
ناوت دەنووسم.

لەسەر نەسیمی سپێدە
لەسەر دەریا
لەسەر کەشتییەکان
لەسەر چیایێکی سەرکەش
ناوت دەنووسم.

لەسەر هاڵاوی هەورەکان
لەسەر ئارەقەی برووسک
لەسەر بارانێکی چڕ و سارد
ناوت دەنووسم.

لەسەر شێوە درەوشاوەکان
لەسەر زەنگی رەنگەکان
لەسەر حەقیقەتی فیزیایی
ناوت دەنووسم.

لەسەر راڕەوە بێدارەکان
لەسەر رێگا راخراوەکان
لەسەر گۆڕەپانە هەڵچووەکان
ناوت دەنووسم.

لەسەر ئەو چرایەی دادەگیرسێ
لەسەر ئەو چرایەی دەکوژێتەوە
لەسەر دەرگایماڵەکان
ناوت دەنووسم.

لەسەر میوەی لەتبوو بۆ دوو لەت
لە ئاوێنە
لە ژوورمدا
لەسەر قەروێڵەم
کە سەدەفێکی بەتاڵی حەلەزوونە
ناوت دەنووسم.

لەسەر سەگی چڵێس و میهرەبانم
لەسەر گوێیە رەپەکانی
لەسەر پێیە بێهەستەکانی
ناوت دەنووسم.

لەسەر سەکۆی بەر دەرگام
لەسەر شتەماڵییەکان
لەسەر شەپۆلی ئاگری پیرۆز
ناوت دەنووسم.

لەسەر هەموو گۆشتێکی حەڵاڵ
لەسەر نێوچەوانی برادەرانم
لەسەر هەموو دەستێکی درێژکراو
بۆ تەوقە
ناوت دەنووسم.

لەسەر رووکاری سوپرایزەکان
لەسەر لێوە بەخەبەرەکان
رێک لەسەر بێدەنگیی
ناوت دەنووسم.

لەسەر حەشارگە وێرانەکانم
لەسەر چراکانم
لەسەر دیوارەکانی دوژمنانم
ناوت دەنووسم.

لەسەر دیارنەمانی ناچاریی
لەسەر گۆشەگیرییێکی رووت
لەسەر سەکۆکانی مەرگ
ناوت دەنووسم.

لەسەر لەشساغی گەڕاوە
لەسەر ئەو ترسەی کە نەما
لەسەر ئومێدی بێ بیرەوەریی
ناوت دەنووسم و
بە قودرەتی تەنیا وشەیەک
ژیانم لە نوێوە دەستپێدەکەمەوە
من بۆ ئەوە لە دایکبووم
تا بتناسم و ناوت لێبنێم ئەی  ئازادیی.

## دوا قەسیدەم

وێنەی خاکێکی وشکەڵان و
کەسانێکی ماندووم کێشا
هەمیشە لە دوورەوە
وێنەی شادییەکانم کێشاوە
وێنەی خاکێکی پەستم کێشا
کە خەڵک تێیدا لەماڵەکانیاندان
وێنەی ئاسمانە لە یەکچووەکان و
دەریاییێکم کێشا
کە خاوەنی کەشتی و
هەور و _با_ و بارانە.

هەمیشە وێنەی
ئاسمانە لەیەکچووەکانم کێشاوە
کە خەڵک تێیدا لە ماڵەکانیاندان
رۆژگاریٚ هەژاربووم و
رۆژگارێکیش کە کارم کرد
خۆشبەختانە کەسم وەڕس نەکرد
داوای هیچم لە کەس نەکرد ئ
ێستاش وا دەچم
تا لە دەروازەی دۆزەخ بدەم.

---

_پۆل ئێلوار (1895_1952) شاعیری فڕەنسی.
_سەرچاوە: adab.com

ئالان بۆسکیە

## هەڕەشە

هەمیشە هەمان حیکایەتی قەدیمە
شاعیر لە گەنجایەتیدا بە حیساب
دەیەوێ هەموو خەڵک و جیهان بگۆڕێ
بە عەبقەریەتی خۆی.

هەمیشە هەمان حیکایەتی قەدیمە
کاتێ شاعیر پێدەگا
لە خۆی دەڕوانێ و گومانی نییە
کە ئەو تاکە کەسە
هێزی خۆشویستنی گەلی هەیە و
دەتوانێ بە شیعرێک
بەختەوەریی بە گەلەکەی بدا.

هەمیشە هەمان حیکایەتی قەدیمە
کەمیی حەز و
کەم گوێگرتن بۆی..
مادەم ئاوا پەیوەنیان لەگەڵ پچڕاندوە
خۆی دەکاتە شاعیرێکی ئاڵۆز و
بۆ نەوەکانی داهاتوو دەنووسێ.

هەمیشە هەمان حیکایەتی قەدیمە
بۆ مەرگ دەنووسێ و
باوەڕی وایە
رووبارەکان و
بۆقە شڵەژاوەکان و
کلکدارە دوورەکان لێی تێدەگەن.

هەمیشە هەمان حیکایەتی قەدیمە
شیعرەکەی
جگە لە هەڕەشە
هیچ شتێکیتر نییە.

## نیگایێ لە مێژوو

ئایا ئەسکەندەری گەورە
حەبی دژ بە ئازاری شکۆی دەخوارد؟
ئایا کریستۆف کۆڵۆمبۆس
لە گەشتە دەریاییە نادیارەکانیدا
بەڵگەنامەی بیمەی لەگەڵ خۆیدا دەبرد؟
ئایا شارلمان لەسەر زینی ئەسپەکەی
لەسەر پردی ئەرکۆل
دیداری تەلەڤزیۆنیی ئەنجامدەدا؟
ئایا پۆناپارت هێورکەرەوەی
بۆ ئەعسابی پڕ لە تۆڵەسەندنەوەی هەبوو؟
ئایا جیروم بۆش لەبەرانبەر باخچەی چێژ

داوای هاوکاری لە حکومەت دەکرد؟
ئایا ئارسەر رامبۆ
لە دۆزەخە حەبەشەییەکەیدا
بە دۆڕانی بەرانبەر گەنگەرینا و
وشکبوونی پەخشانی
باجی خۆڕووتکردنەوەی خۆی دەدا؟
ئێمەیش کە ئیتر نامانەوێ
بەرگەی کەمترین
سەرکێشی بگرین
بۆ پەککەوتنمان ناوێ هەیە
ئەویش نیعمەتی بەختەوەرییە.

## ژیـــان

له بیست ساڵییدا
ئارەزووم بوو گەردوون بگۆڕم
هۆ و مەبەستەکەیشم لا گرنگ نەبوو.
له بیست و پێنج ساڵییدا
سەرکەوتوو بووم
ئەڵمان بەرانبەرم کەوتبوونە سەر ئەژنۆ
فڕەنسا ئازاد بوو
ژنەکانیش لەسەر قەروێڵەمدا.
له سی ساڵییدا
پلانم بوو بەختەوەریی ببەخشمە گەل
دڵێکم هەبوو گەورەتر له رووبارێکی پڕ.
له چل ساڵییدا

وەک سەگێکی بێئومێد

کە ئێسک دێنێتەوە

لەسەر شیعرەکانم پێویست بوو

شکۆم بۆ بگەڕێننەوە.

لە پەنجا ساڵییدا

بێ خۆخەڵەتاندن

چێژی دۆستایەتی

هاوسەر

رازیکردنی جەستە و

نوێکردنەوەی رۆحمم بەسە.

لە شەست ساڵییدا

تا سەرنجی گەنجەکان بۆ خۆم راکێشم

جیرە جیری دەرگاکانم لێدێ

منێک کە ئیتر جگە لە

ریخۆڵەیەکی حەقیر هیچیتر نیم.

---

_ئالان بۆسکیه (1919_1998) شاعیری فڕەنسی.

_سەرچاوە: elaph.com

رینیه چار

## ئامادەبوونێکی هاوبەش

تۆ ئەی چیای فێڵلێکراوان
لای ترۆپکی
بورجە خرۆشاوەکانت
رۆشنایی
ئەخیرت
زەردهەڵدەگەڕێ
جگە لە بۆشایی و هەرەس
هیچ شتێکیتر نییە.
جگە لە تەنگەبەرییێکی
خنکێنەر و حەسرەت
هیچ شتێکیتر نییە.
هەموو شاعیرە
ناخۆشەویستەکانی "ترۆبادۆر"

لە ڕێی هاوینێ
لە هاوینەکان
مەملەکەتی گوێڕایەڵی
ڕەشبینی خۆیان بینی
سپی دەچێتەوە
ئاه_ئەی بەفری ڕەقی دڵڕەق
ئەو بەفرەی لای پێیەکانی
کار لە بەرگەگرتنمان دەکا و
حەز دەکا لە سەهۆڵبەنداندا بمرین
لەو کاتەی کە ئێمە لە لمەکاندا دەژین.

---

_رینیه چار (1907-1988) شاعیری فڕەنسی.
_سەرچاوە: adab.com

ڤیکتۆر هۆگۆ

## کرمی خاک عاشقی ئەستێرەیێکە

بێ رووخسەت رادەکا

بەرەو فەزاییێکی نەمری پاک

بەرەو رووناکییەکی وەفادار بۆ هەمووان

بەرەو بەرائەتی ئاسمانێکی لازەوەردی..

تا شانازی پاکیزەییت

بە قوڕ و غوبار و رێگاکانمان پیس نەبێ

تا هەورەکان و گەردەلوولەکان و

هەموو ئەو شتانەی

بەسەر سەرماندا تێدەپەڕن

بتوانن بە ژێر پێیەکانتدا تێبپەڕن

چونکە تۆ دەزانی

کە تۆ ئەستێرەیەکی بێ خولگەیت و
مرۆڤیش بێ ڕێنمایی ڕێگا دەبڕێ
چونکە تۆ دەزانیت کە زوڵم
لە نێو ماڵی زیندووواندا نیشتەجێیە و
دڵمان شەڕگەی ململانێیە
شەهوەتی ستەمکاری و
هەموو ئەو شتانەی کە دەمانەوێ
لە خۆمانەوە دژایەتی بکەین
تێیدا کۆدەبێتەوە
لەو شوێنەی کە شێرەکان و
گورگەکان و پڵنگە برسییەکان
باشیی و پاکیزەیی نێچیر دەکەن.

---

_ڤیکتۆر هۆگۆ (1802_1885) شاعیری فڕەنسی.
_سەرچاوە: adab.com

ئەلفرێد دی موسیە

## غـــەم

هێز و ژیانم لە دەستدا
برادەرەکان و خۆشییەکانم
هەتا ئەو شانازییەشم لە دەستدا
کە وای لە خەڵک دەکرد
باوەڕ بێنن من بلیمەتم.

کە درکم بە حەقیقەت کرد
باوەڕم هێنا ئەو دۆستمە
کاتێ تێیگەیشتم و هەستم پێیکرد
لێی بێزاربووم و قووتمدا.

ئەوانەی بە هۆیەوە بە ناوبانگبوون
خستییانە لاوە
لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو هەر نەمرە.

خوا قسە دەکا
پێویستە ئێمەیش
تەنیا وەڵامدەینەوە
تاکە خێرێک کە لەو جیهانەدا
بۆ من ماوەتەوە ئەوەیە
کە هەندێجار دەگریم.

---

_ئەلفرێد دی موسیە (1810_1857) شاعیری فڕەنسی.
_سەرچاوە: nizwa.com

رینیه دومال

## من مردووم

من مردووم چونکە ئارەزووم لە دەستداوە
بۆیە ئارەزووم لە دەستدا چونکە لامواب‌وو
هەموو شتم بە دەستهێناوە
چونکە لامواب‌وو هەموو شتم بە دەستهێناوە
هەوڵم نەدەدا هیچ ببەخشم
کاتێکیش هەوڵمدا ببەخشم هیچ شتێکم نەبوو
چونکە هیچ شتێکم نەبوو
هەوڵمدا خۆم ببەخشم
کاتێ هەوڵمدا خۆم ببەخشم هیچ شتێکم نەبوو
کاتێکیش کە هیچ شتێکم نەبوو
ئارەزووم دۆزییەوە
لەسەر بنەمای وجودی ئارەزووشە کە ئێمە دەژین.

---

_رینیە دومال (1908_1944) شاعیری فڕەنسی.

_سەرچاوە: nizwa.com

جان لۆپ دابادی

## من دەزانم

کاتێ زلحۆرتێک بووم و بەرز
وەک سێ دارسێو
بە دەنگی بەرز دەدوام
تا وەک پیاوێک دەرکەوم
دەمگوت: من دەزانم
دەزانم.. دەزانم.. دەزانم..
ئەوە دەستپێکبوو، لە بەهاردابوو
بەڵام کاتێ بوومە هەژدە ساڵ
گوتم: من دەزانم
بەڵێ، ئەوجارە من دەزانم.

ئەوڕۆ
کە ڕۆژگار خولی پێخواردووم
سەیری ئەو زەمینە دەکەم
کە سەدان هەنگاوم لە سەری ناوە
کەچی هەرگیز لەوە ناگەم
کە چۆن دەخولێتەوە!

هەرچییەک کە فێریبووم
تەنیا سێ یا چوار وشەیەکن
ئەو ڕۆژەی کە تێیدا
کەسێ تۆی خۆشدەوێ
کەش جوان دەبێ
ناتوانم لەوە باشتر بڵێم
کە کەش زۆر جوان دەبێ.

من لە پایزی تەمەنمدام
شتێ کە لە ژیاندا
سەرسام دەکا ئەوەیە
ئێمە زۆرترینجار
شەوەکانی حوزن لە یاد دەکەین
بەڵام تەنانەت
تاکە بەیانییەکی بەختەوەرییش
لە یاد ناکەین.

بە درێژایی گەنجایەتیم
ویستوومە بڵێم:
من دەزانم و لەگەڵ ئەوەشدا
زۆر گەڕاوم و دواتر
تێگەیشتووم کە کەم دەزانم..

کاتژمێری گۆڕەپان

پەنجا زەنگی لێدا و

منیش هێشتا

لە پەنجەرەکەدا وەستاوم و

تەماشا دەکەم و دەڵێم:

ئێستا من دەزانم

دەزانم کە ئێمە

هەرگیز نازانین ژیان چییە

خۆشەویستیی، پارە،

برادەرایەتیی، گوڵ

هەرگیز لە هەڵلای شتەکان و

رەنگەکانی نازانین

ئەوە هەموو شتێکە کە دەیزانم

بەڵام ئەوەیە کە من دەیزانم.

---

_جان لۆپ دابادی (1938_ ) شاعیری فرەنسی.

_سەرچاوە: nizwa.com

# شیعری شاعیرانی یۆنانی

کۆنستەنتین کافافی

**ئەوێ شەوێ**

ژوورێکی هەژارانەی هەرزانبەها بوو
لە گۆشەیەکی شاراوە
لەسەر مەیخانەیەکی گومانلێکراو..
دەتتوانی لە پەنجەرەوە
ئەو گەڕەکە تەنگ و پیسە ببینیت و
گوێت لە دەنگی ئەو کرێکارانەبێ
کە خۆشحاڵانە دەیانخواردەوە و
گەمەیان بە کارت دەکرد لە تابقی عەردیی.
لەوێ لەسەر قەروێڵەیەکی ئاسایی هەرزانبەها
جەستەی خۆشەویستم و
لێوی سووری هەوەسبازیم کردە موڵکم
ئێستا، دوای ئەو هەموو ساڵە
کە تەنیام لە ماڵەوە و دەنووسم
هەست دەکەم من جارێکیتر
مەستم بە شەرابی ئارەزوو.

## **رۆژانی** 1903

خێرا رۆیشت

جارێکیتر نایبینمەوە

دوو چاوی شاعیر و

رووخساری کاڵی لە شەقامی تاریکدا

جارێکیتر نایانبینمەوە

ئەو چاوانەی کە رێککەوت زەفەری پێبردن

ئیتر بۆیان غەمبار نیم

دوو چاوی شاعیر

رووخساری کاڵ

ئەو لێوانە

هەموو ئەو شتانەم

بۆ تا ئەبەد لە دەستدان.

## له شاری ئۆسرۆنییه

له درەنگایی شەوی رابردوو
_ریمۆن_ی هاوڕێمانیان،
که له باڕێکدا بەشەڕ هاتبوو
به برینداری هێنا.
له رێی پەنجەرەی کراوەدا
مانگ جەستەی جوانی
لەسەر قەرویڵەدا رووناک کردەوە
هەموو برادەره تێکەڵەکان له دەوری بووین
سوری، یۆنانی، ئەرمەنی..
ریمۆنیش یەکێک بوو له ئێمه
شەوی رابردوو
لەو کاتەی که مانگ
رووخساری پڕ له شەهوتی
ریمۆنی رووناک دەکردەوە
_خارمیدیس_ی
خۆشەویستی ئەفلاتونمان بیرهاتەوە.

## مانەوە لە قەسیدەدا

سەعات نزیکەی یەکی بەیانی
یا یەک و نیو بوو لە گۆشەیەکی باڕ
لە پشت پەرژینێکی دارین
جگە لە ئێمە و رووناکییێکی کاڵ و
باڕمەنێ کە وەنەوەزی دەدا
ئەو شوێنە کەسیتری لێ نەبوو
کەس نەیدەتوانی بمانبینێ
ئێمە بە ئاگری شەهوەت دەسووتاین
پۆشاکەکانمان تەنک و نیمچە کراوە بوون و
یولیۆی پیرۆز گەرمای بەتینی شکاند و
خۆ رووتکردنەوەی خێرای جەستەکان و
لەززەتی هەوەسبازیی لەنێو
پۆشاکی نیمچە کراوە و گەڕانەوە بۆ رابردوو
بۆ بیست و شەش ساڵی رابرد
رابرد بەڵام هێشتا
لەنێو ئەو قەسیدەیەدا ماوە.

## لەسەر پشتی کەشتی

ئەو وێنە بچووکەی کە بە قەڵەم ڕەساس
بۆ ئەو پیاوە کێشراوە
بێگومان تەواو لەو دەچێ.
ئەو وێنەیەم لە ئێوارەیەکی سیحراوی
لەسەر پشتی کەشتیدا بە خێرایی کێشا و
دەریای ئەیونی بە دەورماندا درێژ دەبۆوە
ئەو وێنەیە لەو دەچێ
بەڵام بیرم دێتەوە نازدارتر بوو
تا ئاستی پەرستن هەستیار دیاربوو
ڕووناکیی لە ڕووخساریدا تیشکی دەدا و
ئێستا بۆ من جوانتر دیارە
کاتێ ڕۆحم لە دەرەوەی زەمەن بۆ منی دێنێ
دەرەوەی زەمەن.
ئەو شتە وەستاوانە لە زەمەنە دوورەکان
وێنە.. کەشتی و ئەو ئێوارەیە.

## دەنگەکان

دەنگی بەرزی خۆشەویستیێ
دەنگی ئەوانەی مردن
یا ئەوانەی لە دەستماندان و
وەک مردوو وان و
هەندێجار لە خەوندا لەگەڵمان دەدوێن و
هەندێجاریش کە بیردەکەینەوە
دەیانبیستین کە لە دەنگیاندا
سەدای قەسیدە یەکەمەکانی ژیانمان دێ
بۆ تاوێ دەیانبیستین
کە وەک مۆسیقایەکی دوور
لە شەودا ون دەبن.

## شار

گوتت: دەچمە وڵاتێکیتر
دەچمە دەریاییێکیتر
دەچمە شارێکی باشتر
لەو شارەی کە تێیدا دەژیم
لێرە، هەرچی دەکەم کۆتاییەکەی دۆڕانە و
دڵم مردووە و وەک تەرم نێژراوە
رۆحم چ ئازارێ دەچێژێ لێرە؟
روو لە هەر کوێ بکەم و
سەیری هەر لایێ بکەم
لێرە وێرانی سووتاوی ژیانم دەبینم
زەمەنێکی درێژم بەڕێکرد
بێ ئەوەی هیچ شتێ بکەم

تۆ نە خاکێکی نوێ و

نە دەریاییێکی نوێ نابینیەوە.

ئەو شارە راوت دەنێ

لە هەمان شەقام نیشتەجێ دەبیتەوە

پرچت لە هەمان ئەو ماڵانەدا دەوەرێ

هەمیشە لێرە کۆتاییت پێدێ و

هەموو شوێنەکانیتر لەبیرکە

تۆ نە کەشتیت هەیە و نە رێگا

ئەو ژیانەیش کە لێرە بە فیڕۆتدا

لە هەموو شوێنەکانیتریش بە فیڕۆتدا.

## لای کۆشکی جگەرەفرۆشی

لەگەڵ ئەوانیتر
لە تەنیشت پەنجەرەی ڕۆشنی
کۆشکی جگەرەفرۆشیی وەستابوو
چاوەکانیم بینی
بە شەرم و ڕاڕاییەوە
گوزارشتم لە هەوەسی جەستەیی کرد و
دواتر بە هەنگاوی بە ترسەوە
لەسەر شۆستە ڕۆیشتم
هەتا بزە و ئاماژە دەستیپێکرد
دواتر لەناو تاکسی
دوو جەستە یەکتریان لەمس کرد و
دەستەکان تێکئاڵان و
لێوەکان پێکگەیشتن.

## پەنجەرەکان

لەو حوجرە تاریکانەی کە کاتیان تیا دەکوژم
دەچم بە دوای پەنجەرەکاندا دەگەڕێم
کاتێ پەنجەرەیێ دەکرێتەوە
هەست بە شادیی دەکەم
بەڵام ناتوانم پەنجەرە بدۆزمەوە
یا پەنجەرە هەر وجودی نییە
لەوانەشە ئەوە باشتربێ
چونکە رەنگە رووناکیی ترسێکی نوێ بێ
کێ چوزانێ چی لێ ئاشکرا دەبێ؟

## خۆری ڕەسەن

چەند باش ئەو ژوورە دەناسمەوە!
ئێستا خۆیی و دەوروبەری بە کرێ دراون
ئیتر ماڵەکە نووسینگەی بریکار و
بازرگان و کۆمپانیاکانە.
ئاهـ، ئەو ژوورە چەند ناسراوە لای من
لە تەنیشت دەرگا،
ئا ئەلێرە قەنەفە و
بەرانبەریشی فەرشێکی تورکی لێبوو
لێرە ڕەفەیەک هەبوو
دوو گوڵدانی زەردی لەسەر بوو
لە لای ڕاست دۆلابێکی ئاوێنەدار هەبوو
لە ناوەڕاست مێزێکی
بە کار ڕاهاتوو دانرابوو
سێ کورسی ڕاحەتی گەورەی
لە دارحەیزەرانیش.

لای پەنجەرەکە قەروێڵەیەک هەبوو

کە زۆر سێکسمان لەسەری کردبوو.

ئای لەو هەموو شتە کەساسە

دەبێ هێشتا لە شوێنێ لە شوێنەکاندا مابن

لای پەنجەرەکە قەروێڵەیێ هەبوو

خۆری رەسەن دەگەیشتە ناوەڕاستی..

ئەو عەسرە، سەعات چوار

تەنیا بۆ یەک هەفتە جیابووینەوە

بەڵام حەسرەت

ئەو هەفتەیە بۆ تا ئەبەد درێژەی کێشا.

## لە بارەی ئەمۆنیس

لە بیست و هەشت ساڵییدا مرد، لە ساڵی 610.

•

رافائیل داوات لێدەکەین
چەند بەیتێ بۆ سەر کێڵی
ئەمۆنیسی شاعیر بنووسیت..
شتێکی جیا
بە زەوقێکی باش و سەنگین.
تۆ هێزیت..
تۆ بە تواناترینی بۆ نووسینێ
شیاوی ئەمۆنیسی شاعیر بێ
کە یەکێ بوو لە ئێمە.
بێگومان تۆ لە بارەی
شیعرەکانییەوە دەنووسی
بەڵام لەبارەی جوانیشییەوە بنووسە
لەبارەی ئەو جوانییە نیانەی

که خۆشمانویست
هەمیشە گریکیبوونەکەت جوان و مۆسیقییە
بەڵام ئێستا ئێمە پێویستمان
بە هەموو تواناکانتە
تا حوزن و خۆشەویستییمان
بگوازیتەوە نێو زمانێکی بێگانە
عاتیفەی مصرییت
لە زمانێکی بێگانە بە دەستبێنە
رافائیل بەیتەکانت وا بنووسە
شتێکی لە ژیانی ئێمە تێدابێ
بە جۆرێ ریتم و
هەموو رستەکانی ئاشکرای بکا
کە ئەسکەندەرییێک
لەسەر ئەسکەندەرییێک دەنووسێ.

---

_کۆنستەنتین کافافی (1863_1933) شاعیری یۆنانی.
_سەرچاوە:adab.com

یانیس ریتسۆس

## وەسیەت

دەڵێ: باوەڕم بە شیعر
بە خۆشەویستیی
بە مەرگە
بۆیە باوەڕم بە نەمرییە
بۆیە شیعر دەنووسم
جیهان دەنووسم
من هەم
جیهان هەیە
لەسەری پەنجەم رووبار دەڕوات
شینایی ئاسمان
حەوت شینایییە
ئەو پاکیزەییە لە نۆژەنەوە
حەقیقەتی یەکەمە
ئەوە ئارەزووی ئەخیرمە.

## روونیی

با شتەکان وەک خۆیان
ناوەزەند بکرێن
بڵێ: ڤێت نام
بڵێ: نەوت
بڵێ: یارۆس ولیرۆس
بڵێ: دیونیزوس
ب 52
پنتاگۆن
بەهای شتە رووتەکان
وشە رووتەکان
چرای شەقام
سعاتی هەڵنەکردوو
ناوەڕاستی شەو
کات بە تەواوی
ئامانج
بە وردیی.

## پۆشاک دەپۆشێ و دایدەکەنێ

پۆشاک دەپۆشێ و دایدەکەنێ
پۆشاکی ئاگرە
رووتییەکەی ئاگرە
بزمارەکان دەتوێنەوە
رووبارێ لە ئاسن
بە ژێر درەختەکاندا تێدەپەڕێ
سێ پەنجەرە دەکرێنەوە
چۆلەکەکان لە ناوەوەدا
بە چیلکەداری دەنووکیانەوە
تەماشا دەکەن
لەوێ دوازدە
پێشڕووی شووشەیی سوور هەیە
شەشیان لەوان زێڕن.

## ئەوان

ئەوانەی خۆیان
لە پشت خۆیان حەشار دەدەن
ئەوانە بوون لە نێوان پەپوولە و
شتڵی برنجی گوڵگرتوودا
درەختەکانیان سووتاند
ئەوانە بوون چۆلەکە و
منداڵەکانیان سووتاند
ئەوانە بوون ئاوەکانیان سووتاند
رێک ئەوانە بوون کە خۆیان
لە پشت خۆیان حەشار دەدەن.

## هەرسێکیان بە یەکەوە

ئەوەی دوو هەنگاو
گەڕایەوە دواوە
تا ئاماژە بە تاوانبار بکا
ئەوەیتر کە دەستی خستە گیرفانی
تا ئاماژە بە تاوانبار نەکا
سێیەمییان ئەوەی چاوی داخست
تا نەبینێ
گوللـەباران کران.

## چرکەساتی حەقیقەت

زۆرێک لە مردووەکان زیندوون

زۆرێک لە زیندووەکان مردوون

لەسەر کورسی دادەنیشێ

قۆچپەکانی دەژمێرێ

تۆ لەگەڵ کێیت؟

تۆ لە چ دۆخێکدای؟

تۆ چی دەکەیت؟

چەکووشێ دەگرمە دەست و
هەوا دادەتاشم
پەیکەرێکی کراوەت لێدەخولقێنم
دەچمە ناوی و
لەوێ نیشتەجێ دەبم.
•

لە ناوەڕاستی قەسیدە
تۆ و هەمدیس تۆ
هەناسەت
هەموو وشەکان و
هەموو بێدەنگییەکان پڕ دەکا.
•

جەستە ئاسمانێکە

هیچ فڕینێک

شپرزەی ناکا.

•

خۆمان رووتکردەوە

دەرەوەمان لە پشت دەرگا و

ماڵەکان و

سەگەکان و

باخچەکان و

پەیکەرەکان و

مەرگدا

قفڵدا

•

مردووەکان

چۆن بە بێ خۆشەویستیی دەژین؟

•

چەترەکەت لە شەمەندەفەردا لەبیرکرد
کەوایە بیرت لە من دەکردەوە
پرچی تەڕتم شانەکرد و
شەیەکەم لە ژێر قەسیدە دانا.
•

---

_یانیس ریتسۆس (1909_1990) شاعیری یۆنانی.
_سەرچاوە:
adab.com_
jehat.com_

سـاڤـۆ

## هەڵبژادە

به هەموو ئینسانێ رابگەیەنه

ئێستا

ئەوڕۆ

بە ئاوازێکی شیرینەوە

گۆرانی بۆ خۆشیی

هەموو ئەوانە دەچڕم

کە هاوڕێیەتیان کردم.

•

ژنێ لە تەنیشت تەختم

بە لەعنە زێڕینییەکانییەوە وەستابوو

بەرەبەیانیش رێک لەو چرکەیەدا

بە خەبەری هێنام.

•

کاتێ ئیرۆسم

لەو ڕێگایە بینی

کە بەرەو ئێمە دەهات،

لە ئاسمانەوە هاتبوو.

عەباییێکی ئەرخەوانیی تاریکی

پاسەوانێکی لەبەربوو.

•

---

_ساڤۆ(630_570)  پ.ز.. ژنە شاعیری یۆنانی.

_سەرچاوە: adab.com

جۆرج سیفیرس

**پارچەیەکی خەواڵوو**

کاتێ کە لە شەقامێکی چۆل هەنگاوی دەنا
هەستی کرد لە پشتییەوە
چەقۆیەکی بریسکەدار
تاریکایی جەستەی گەرمی دەبڕێ
ئاوڕی نەدایەوە
نووکی چەقۆ رۆچووە نێو لای چەپی سینگی
لە رێی سینگی هەڵزڕاویدا
بینی کە دەبریسکێتەوە
بە پەنجەکانی چەقۆکەی گرت
رایکێشایە دەرەوە و
جگەرەکەی خۆی پێداگریساند.

---

_جۆرج سیفیرس (1900-1971) شاعیری یۆنانی.

سەرچاوە: avb.s-oman.net

کوستاس کاریوتاکیس

## وێناکردنی خۆکووشتن

کلیلی دەرگا دەسوڕێنن
نامە قەدیمەکانیان
کە باش حەشاریانداوە دەردێنن
بە بێدەنگیی دەیانخوێننەوە و
بۆ دواجار پێیەکانیان
لە زەویدا دەخشێنن.
دەڵێن: ژیانمان کارەسات بوو
ئەی خوایە پێکەنینی خەڵک
چەند ترسناک بوو
فرمێسک و
ئارەقە و
خولیا و
دیمەنە هاوشێوەکانیش.

لای پەنجەرە دەوەستن
لە درەختەکان
لە منداڵەکان
لە سرووشت
لە کرێکارانی بیناسازی
کە لە دوورەوە
چەکووش دەوەشێنن
لەو خۆرەی کە دەیەوێ
بۆ ئەبەد ئاوابێ رادەمینێن.
کار لە کار ترازا
ئەوەیە نامەیماڵئاوایی
کورت و قووڵ و سادە
لێوانلێو لە خەمساردیی و لێبووردەیی
بۆ ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە و دەگری.

تەماشای ئاوێنە دەکەن
تەماشای سعات دەکەن
دەپرسن:
خۆکووشتن شێتییە
یا هەڵە؟
دەچرپێنن:
تازە کار لە کار ترازاوە
بەڵام بێگومان
لە ناخەوەدا
جێبەجێکردنەکەی دوادەخەن.

---

_کوستاس کاریوتاکیس (1896_1928) شاعیری یۆنانی.
_سەرچاوە: anolgy.com

مارثا پاپادۆپۆلوس

**بەرائەت**

بەرائەت یانی

کاتێ رەشایی تاریکیی

دەورت توند بگرێ و

تۆ لە خۆتدا خۆت غەرق بکەیت.

یانی تاریکیی بخۆیتەوە و

لە نوور لە دایکبیت و

نیگات بکەیتە پەیکەرێکی پیرۆز.

یانی لە هەڵشاخانت

بەسەر کێوێکی زۆر بەرزدا

تەحدی بەرد بە بەرد بکەیت

تا دەگەیتە خۆر

بۆئەوەی بە رەنگەکانی گزنگ

حەقیقەت لە رووخسارتدا

چەخماخە بدا.

بەرائەت یانی
سیمفۆنیای رۆح
داهێنانی شیعر بە خوێنی دڵ
گوڵاودار بە دەستەکانت
لەو کاتەی کە تۆ
ئازاری پیرۆز رادەخەیت و
خۆشەویستیی لەسەر دەچێنی.

## تەنیایی

تەنیایی یانی
لە ماڵێکی
پڕ لە ئاوێنەدا بژیت
لەو کاتەی
کە هەزاران
وشەی مردوو
لە گۆڕ هەڵدەستنەوە
تا وەڵامی پرسیارەکانت بدەنەوە و
تۆیش هیچت دەسنەکەوێ و
لەگەڵ سێبەرەکان بدوێیت و
کاتێکی درێژ بە خۆت پێبکەنیت.

---

_مارثا پاپادۆپۆلوس (1967_ ) ژنە شاعیری یۆنانی.

_سەرچاوە: ankawa.com

یانیس ئیڤانتیس

## هەمیشە من لێرەم

هیچ کێشەیەک نییە
من لێرەم
هەمیشە لێرەم.

من بووم 2000 ساڵ بەر لە زایین لە میسر
گۆرانی ژەنیاری راکردووم نووسی.
من بووم 800 ساڵ بەر لە زایین
لە _ئیبونیا_ ئۆدیسام نووسی.
من بووم 600 ساڵ بەر لە زایین
_تا و تا چینگ_م لە چین نووسی.
من بووم لە سەدەی یازدە
مەسنەویم لە ئێران نووسی.

من بووم لە رافینا لە تاراوگە
کۆمێدیام نووسی کە _بۆکاشیۆ_
بە خودایی وەسفی کرد و
من بووم قەسیدەی
_ژنی زاکیتۆس_م نووسی
من بووم هەردوو قەسیدەی
_کیهلی_ و مانسراسبیتا_م نووسی

هیچ کێشەیەک نییە
من لێرەم
هەمیشە لێرەم.

---

_یانیس ئیڤانتیس (1949_     ) شاعیری یۆنانی.

سەرچاوە: انا_الاخر، مختارات شعریە، ترجمە: رفعت سلام.

# شیعری شاعیرانی ئیسپانیا

رافائیل ئەلبرتی

**کە ڕۆما جێدێڵم**

کە ڕۆما جێدێڵم
کێ منی بیر دێتەوە؟
لە پشیلە بپرسن
لە سەگ بپرسن
لە پێڵاوی دڕاو
لە گڵۆپی ڕێگایەکی نادیار بپرسن
لە ئەسپی مردوو
لە باڵکۆنی بریندار
لە _با_ی ڕاگوزەر بپرسن
لە دەروازەی ڕەشی بێ ماڵ
لە ئاوی ڕۆیشتوو بپرسن
کە لە ژێر پرد ناوم دەنووسێ
کە ڕۆما جێدێڵم
سەبارەت بە من لەوانە بپرسن.

## گۆرانی 15

دەزانم برسییەتی
بە خەولێکەوتن نامێنێ
بەڵام پێویستە من
بەردەوامبم لە گۆرانی.
دەزانم زیندان
خەونەکان هەورین دەکا
بەڵام پێویستە من
بەردەوامبم لە گۆرانی.
دەزانم مەرگ خەون دەکوژێ
بەڵام پێویستە من
بەردەوامبم لە گۆرانی.

## گۆرانی 12

گۆرانیم دەوێ:
دەمەوێ ببمە گوڵێک بۆ وڵاتم
چێڵێکی وڵاتەکەم بمخوا
جوتیارێکی وڵاتەکەم
بمخاتە سەر گوێی
مانگی وڵاتەکەم
گوێم بۆ بگرێ.
دەریاوان و
رووبارەکانی وڵاتەکەم تەڕم بکەن.
منداڵێکی وڵاتەکەم بمقرتێنێ و
خاک لە دڵی
وڵاتەکەمدا بمنێژێ
چونکە وەک دەبینن
من تەنیام بەبێ وڵاتم
لەگەڵ ئەوەش کە بێ وڵاتم نیم.

## بۆ ئەرنستۆ گیڤارا

منداڵبووی تۆم ناسی
لەوێ، لە دێی قورتوبەی ئەرجەنتینی
لەنێوان دارچنار و
کێڵگەکانی گەنمەشامی
لە نێوان
گاڕانی چێڵی کێڵگە کۆنەکان و
کرێکاراندا یاریت دەکرد.

ئیدی نەمدیتیەوە
تا ئەو کاتەی زانیم
بوویتە نوورێکی سوورپۆش
بوویتە باکوور
بوویتە ئەو ئەستێرەیەی
کە پێویستە هەر چرکەیێ
تەماشای بکەین
تا بزانین ئێمە لە کوێین.

## کڵێسەی قەدیس پەترۆس

حەزرەتی مەسیح پێمبڵێ:
بۆچی خەڵک ئەوەندە
پێیەکانم ماچ دەکەن؟
من قەدیس پترۆسم
وەک دەبینی
لێرە لەناو برۆنز
بەبێ جوولە دانیشتووم
ناتوانم تەماشای هیچ لایێ بکەم و
ناتوانم رێبکەم
چونکە پێیەکانم بەستوویانە.
ئەی گەورەی من
پەرجوویێکم بۆ بسازێنە
وا بکە دابەزمە کەنار رووبار و
جارێکیتر ببمەوە تۆڕەوان
وەک پیشەی پێشینەی خۆم.

## گۆرانی فریشتەیەکی بەدبەخت

تۆ ئەی راگوزەر:
ئاوەکان رامدەماڵن تا جێمبێڵن
لە شەپۆل بە دوامدا بگەڕێن.

ئەوەی دەڕوا و ناگەڕێتەوە:
_با_یەکان لە سێبەردا
دەکوژێنەوە و دادەگیرسێن
لە بەفردا بە دوامدا بگەڕێن.

ئەوەی هەموو بە لایەوە دەنێن:
لمە جوولاوەکان
لەگەڵ کەس نادوێن
لە هەوادا بە دوامدا بگەڕێن.

## شەو

ببە، کلیلی ڕۆما، ببە
لە ڕۆما شەقامێ هەیە
لەو شەقامەدا ماڵێ
لەو ماڵەدا ژوورێ
لەو ژوورەدا قەروێڵەیێ
لەسەر ئەو قەروێڵەیەدا ژنێ
ژنێکی عاشق
کلیل دەبا
قەروێڵەکە جێدەهێڵێ
ماڵەکە جێدەهێڵێ
دەگاتە شەقام
شمشێرێکی بە دەستەوەیە
بە نێو شەودا ڕەتدەبێ

هەر کێی کە تێدەپەڕێ دەکوژێ
دەگەڕێتەوە شەقامەکەی
دەگەڕێتەوە ماڵەکەی
بەرەو ژوورەکەی سەردەکەوێ
دەچێتە سەر قەروێڵەکەی
کلیل وندەبێ
شمشێر وندەبێ
ڕۆماش بەبێ خەڵک
بەبێ مردوو
بەبێ شەو
بەبێ کلیل و
ژن دەمێنێتەوە.

_ڕافائیل ئەلبرتی (1902_1999) شاعیری ئیسپانی.
_سەرچاوە:adab.com
alhayat.com_

فدریکۆ گارسیا لۆرکا

## سرووودی ئارەزووی یەکەم

لە سەحەرێکی سەوزدا
دەمویست ببمە دڵێک
دڵێک.

لە ئێوارەیەکی سووردا
دەمویست ببمە بولبولێک
بولبولێک.

ئەی ڕۆح ببە
وەک ڕەنگی پرتەقاڵ
ئەی ڕۆح ببە
وەک ڕەنگی خۆشەویستیی.

لە سەحەرێکی پڕدا
دەمویست وەک دڵێک
ببم بە خۆم و
لە کۆتایی ئێوارەشدا
دەمویست دەنگم ببێتە بولبول.

ئەی ڕۆح ببە
وەک ڕەنگی پرتەقاڵ
ئەی ڕۆح ببە
وەک ڕەنگی خۆشەویستیی.

## سروودی سوارچاکێک

"قورتبە" من دوور و تەنیام.
ئەسپێکی رەش.. مانگێکی گەورە و
زەیتون کیسەکەم پڕ دەکا
لەگەڵ ئەوەیش کە رێگاکان شارەزام
بەڵام هەرگیز ناگەمە "قورتبە".

بەنێو رێگاکان.. بەنێو _با_یەکان
ئەسپێکی رەش..مانگێکی سوور
مەرگ لێم دەڕوانێ، لەسەر بورجەکانی "قورتبە".

ئاهـ، ئەو رێگایە چەند درێژە!
ئاهـ، ئەی ئەسپی ئازام!
ئاهـ، دەبێ ئەو مەرگە چاوەڕێم بکا
بەر لەوەی بگەمە "قورتبە".

"قورتبە" من دوورم و تەنیا.

## قەسیدەی کۆتری رەش

لەنێوان چڵەکانی درەختی "غار"دا

دوو کۆتری تاریکم بینی

یەکەمیان

خۆر و

دووەمیان

مانگ

پێمگوتن: ئەی دراوسێکانم

قەبری من لە کوێیە؟

خۆر گوتی:

لە کلکی مندایە و

مانگ گوتی:

لە ناخی مندایە و

لەو کاتەی کە خاک
کەمەربەندم بوو
نەسرینێکی مەڕمەڕی و
کچێکی رووتم بینی
هەر یەکێکیان ئەویتریان بوو
بەڵام کچەکە
هیچ کەس نەبوو
پێمگوت: ئەی نەسرین
قەبرم لە کوێیە؟
خۆر گوتی:
لە کلکی مندایە و
مانگ گوتی:
لە ناخی مندایە..

لەنێوان چڵەکانی درەختی "غار"دا
دوو کۆتری رووتم بینی
هەر یەکێکیان ئەویتریان بوو و
هەردووکیشیان هیچ کەس نەبوون.

## گۆرانی دارپڕتەقاڵێکی وشک

ئەی داربڕ، سێبەرم ببڕە
لە ئەشکەنجە و
لە بێبەرهەمیی لە خۆ روانینم دەربازمکە.

بۆچی لەنێوان ئاوێنەکان لەدایکبووم؟
"ئەمڕۆ" بە دەورمدا دەخولێتەوە و
شەویش لەنێو هەر ئەستێرەیەکدا کۆپییێکی من دەخولقێنێ.

دەمەوێ لە خۆم نەڕوانم و بژیم
خەونیش بەوە دەبینم
کە مێروولە و دڕک ببینم
بوونەتە چڵ و باڵندەکانم.

ئەی داربڕ، سێبەرم ببڕە
لە ئەشکەنجە و
لە بێبەرهەمیی لە خۆ روانینم دەربازمکە.

## ئەی درەخت..ئەی درەخت

ئەی درەخت..
ئەی درەختی
وشکی سەوز.

کچێ بە رووخساری جوانییەوە رۆیشت
زەیتون کۆدەکاتەوە
ئەو _با_ یەی بە بورجەکان دەورە دراواە
کەمەری کچەی گەمارۆداوە
چوار سوارچاک بەسەر پشتی
ئەسپی ئەندەلوسییەوە تێپەڕین
جلەکانیان سەوز و لازەوەردییە و
عەباکانیشیان رەش
_ئەی کچ وەرە بۆ قورتبە.
بەڵام کچە گرنگیی پێنەدان.
سێ "زۆرانبازی گا" تێپەڕین

کەمەرییان باریکبوو

ڕەنگی پۆشاکییان پرتەقاڵیی بوو

شمشێریان لە زیوی بڵێسەدار بوو

_ئەی کچ وەرە بۆ ئیشبیلیا.

بەڵام کچە گرنگیی پێنەدان.

کاتێ ئێوارەی بنەوشەیی داهات

لەنێو ڕووناکیی ڕاکردوودا

گەنجێ تێپەڕی، گوڵی وەک مانگی بە کۆڵەوە بوو

_ئەی کچ وەرە بۆ گرانادا.

بەڵام کچە گرنگیی پێنەدا.

کچە بە ڕووخساری جوانییەوە

هێشتا زەیتون کۆدەکاتەوە و

باسکی _با_ی باراناویش

کەمەری گەمارۆ داوە.

ئەی درەخت

ئەی درەختی

وشکی سەوز.

## له بەرەبەیاندا مرد

شەوێ بە چوار مانگ و درەختێکی تەنیا
بە سێبەرێکی تاک و تەنیا و
مەلێکی تەنیا.

لە جەستەمدا بە دوای
شوێنەواری لێوەکانتدا دەگەڕێم
کانیی _با_یەکان ماچ دەکا
بێ ئەوەی دەستیان لێدا.

ئەو _نەء_ەی کە پێشکەشت کردین
لە نێو بۆنی دەستم هەڵدەگرم
وەک لیمۆیەک لە مۆم سپی هەڵگەڕا.

شەوێ بە چوار مانگ و درەختێکی تەنیا
لەسەر نووکی دەرزی
غەزەلت گوت خۆشەویستم.

## قەسیدەی مەرگی رەش

دەمەوێ وەنەوزێ بدەم، وەنەوزی سێو
دەمەوێ لە ئاپۆرەی قەبرەکان دوورکەومەوە
دەمەوێ وەک خەوی ئەو منداڵە بخەوم
کە دەیویست لە خەمی دووریی دەریاکان
دڵی خۆی دوولەت بکا.

نامەوێ جارێکیتر پێمبڵێن
تەرم چۆن خوێنی خۆی دەپارێزێ
چۆن دەمی وردوخاش
لە سروود گوتن بۆ قومێ ئاو بەردەوام دەبێ
نامەوێ نە گوێم
لەو وەرزانەی ئەشکەنجە بێ
کە گیا بۆ ئێمەی هێنایەوە و
نە لەو مانگەیش کە لە بەرەبەیاندا کارەکانی دەکا و
لووتیشی وەک لووتی مارەکانە.

دەمەوێ نیو چرکە بخەوم
چرکەیەک..
خولەکێک..
ماوەیەکی درێژ
بەڵام دەمەوێ بزانن
کە هێشتا من زیندووم
من لەنێوان لێوەکانمدا
خۆراکی زێڕینی جەنگم هەیە
من هێشتا هاوڕێ بچووکەکەی _با_یێکی نامۆم
من خۆم سێبەری مەزنی
فرمێسکەکانی خۆمم.
کە بەرەبەیان دێ
شتێ لە جل و بەرگم پێدادە
چونکە دەزانم بەرەبەیان
مێرووڵەم بەسەردا پەخشان دەکا و
هەندێ ئاویش بڕژێنە سەر پێڵاوەکانم
تا کاتێ چنگی دووپشکی بەرەبەیان دێ
هەڵە لێم تێبگا.

چونکە من دەمەوێ
وەنەوزی سێو، وەنەوز بدەم و
فێری گۆرانی نوح بم
کە لە هەموو زەمین دەمشواتەوە
چونکە دەمەوێ
لەگەڵ ئەو منداڵە بژیم
ئەوەی دەیویست
لە خەمی دووریی دەریاکان
دڵی خۆی دوولەت بکا.

## سەما

"کارمن"
لە شەقامەکانی ئیشبیلیە سەما دەکا
پرچی سپییە و گلێنەکانیشی بریقەدار
منداڵان پەردەکان داخەن.

مارێکی زەرد
لە دەوری سەریدا پێچ دەخوا و
لەگەڵ عاشقانی زەمەنی رابرد
بە سەمایەکی خەواڵو رێدەکا
منداڵان پەردەکان داخەن.

شەقامەکان چۆلن و لە قووڵاییاندا
دڵگەلێکی ئەندەلوسی دیارن
بە دوای درکە دێرینەکاندا دەگەڕێن
منداڵان پەردەکان داخەن.

## قیسارە

گریانی قیسارە دەسپێدەکا
جامەکانی کازیوە دەشکێن
گریانی قیسارە دەسپێدەکا
شکۆ نییە بێدەنگیکەین
بێپچڕان دەگری
وەک چۆن ئاوەکان دەگرین
وەک چۆن _با_
لەسەر بەفری کەوتوو دەگری

مەحاڵە بێدەنگیکەین

شتە دوورەکانیش دەگرین

لمی گەرمی باشوور

کە تینووی کامیلیای سپییە دەگری.

تیرێکی بێئامانج

لەبەر بێئایندەیی دەگری و

یەکەم چۆلەکەی مردووی سەر چڵیش.

ئۆۆهـ، ئەی قیسارە

ئەی دڵی بریندار هەتا مەرگ

بە پێنج شمشێر.

---

_فدریکۆ گارسیا لۆرکا (1898_1936) شاعیری ئیسپانی.

_سەرچاوە:adab.com

مانوێل مۆنتالبان

**ژمارە سێ**

دەمەوێ بۆ تاهەتا
لە بورجێ بژیم
سێ پەنجەرەی تێدابێ
لەنێو ئەو بورجەدا
سێ نووری جیاواز
بە یەکەوە هەڵکەن
تا رۆحم رووناک بکەنەوە.

سێ کەس و
سێ نوورم دەوێ
لەو بورجە مەزنەدا.

جا لێرە لەنێو مرۆڤەکاندا
کە خێر و شەڕ
لێکجیا نابنە و لە جەنگدان
ژمارە دوو
یانی ململانێ
ژمارە دوو
یانی هەڕەشە.

بۆیە دەمەوێ بۆ تاهەتا
لە بورجێ بژیم
سێ پەنجەرەی تێدابێ.

---

_مانوێل فازکیز مۆنتالبان (1939_2003) شاعیری ئیسپانی.
_سەرچاوە: adab.com

خۆسیە گۆیتیسۆلۆ

**بیۆگرافیا**

(لە لاویمەوە کەساسێکی غەمباربووم، هەمیشە پڕ لە ترس،
هەمیشە پڕ لە خەم... مەزمور88)

کە بچووکبووم هەمیشە غەمباربووم
باوکم تەماشای دەکردم
سەری بادەدا و دەیگوت:
ئەی بچووکی خۆم
تۆ بە کەلک هیچ نایەی.

دواتر چوومە قوتابخانە
نانم هەڵدەگرت و ماڵئاواییم دەکرد
بەڵام غەم هەر لەگەڵمدابوو
مامۆستا بە قاڕە قاڕەوە دەیگوت:
ئەی منداڵی بچووک
تۆ بە کەلک هیچ نایەی.

دوای ئەوە جەنگ هەڵگیرسا، مەرگم بینی و
جەنگ کۆتاییهات
هەموو لە یادیان کرد
من هێشتا بە غەمبارییەوە
لە بارەی خۆمەوە دەمبیست:
تۆ بە کەلک هیچ نایەی.

کاتێ شەرواڵی درێژیان لەبەر کردم
غەم تاوێ شەرواڵی خۆی گۆڕی و
ئەوجارە برادەرەکانم گوتیان:
تۆ بە کەلک هیچ نایەی.

لە شەقام، لە هۆڵەکانی مەحازەرەدا
رقدارێ کە فێری زوڵم و
یاساکانی زوڵم و
تەراتیلی غەم ببوو
هەمیشە راوی دەنام و دەیگوت:
تۆ بە کەلک هیچ نایەی.

لە حوزنەوە بۆ حوزن
لە پەیژەکانی ژیان کەوتمە خوار و
ئەو کچەی کە خۆشمدەویست
رۆژێ بە خۆشحاڵییەوە پێیگوتم:
تۆ بە کەلک هیچ نایەی.

ئێستا بە یەکەوە دەژین
پاک و شیکپۆش
دەچمە دەرەوە
کچێکی بچووکمان هەیە و
جار جار بە خۆشحاڵییەوە پێیدەڵێم:
تۆ بە کەلک هیچ نایەی.

## ئاوا

زۆرجار ئاوا بە خێرایی دێم
ئەژنۆت لە ئامێز دەگرم
دەست بە پرچت دادێنم
ئاهـ ئەی خوای من
زۆرن ئەو شتانەی دەمەوێ پێتبڵێم
_دەسماڵێکت بۆ دەکڕم.
_دەبمە پیاوێکی ساڵح.
_بە یەکەوە سەفەرێ دەکەین.
نازانم.. نازانم چیم بەسەر دێ..

دەمەوێ ئاوا بمرم
ئاوا، لە نێوان باسکەکانتدا.

---

_خۆسیە گۆیتیسۆلۆ (1928_1999) شاعیری ئیسپانی.
_سەرچاوە: adab.com

خوان رامۆن خیمێنز

## من، من نیم

ئەوەی لە تەنیشتم دەڕوا و نایبینم من نیم.
ئەوەی کە دەمەوێ
جار جار سەردانی بکەم و
جار جاریش دەمەوێ لە یادی بکەم.
ئەوەی کە قسە دەکەم، بێدەنگدەبێ.
ئەوەی کە رقم هەڵدەستێ، لێبووردە دەبێ.
ئەوەی کە سەیران دەکا، کاتێ من لە ماڵم.
ئەوەی کە بە پێوە دەمێنێ، کاتێ من دەمرم.

---

_خوان رامۆن خیمێنز (1882_1958) شاعیری ئیسپانی.

_سەرچاوە: adab.com

ئەنتۆنیۆ ماشادۆ

## روئـــیـــا

سەیرە
دوێنێ لە خەونمدا
کانییەکم بینی
لەناو خۆشەویستییمدا
هەڵدەقووڵا و
گوتم: ئەی کانی
ئاوی ژیانێکی نوێت بۆ هێناوم
کە پێشتر نەمخواردبێتەوە؟

سەیرە
دوێنێ لە خەونمدا
شانەیێ هەنگم لەنێو دڵمدا بینی
هەنگی زێڕین
هەنگوینی بێگەردی
لە دۆڕانە کۆنەکانم دەخولقاند.

سەیرە

دوێنێ لە خەونمدا

خۆرێکی کڵپەدارم بینی

نووری بۆ دڵم دەنارد

دەڵێم کڵپەدار

چونکە هەستم

بە گەرمییەک کرد

وەک ئەوەی لە ئاگردانەوە هاتبێ

بە رووناکییەکانی چاوانمی

پڕ لە فرمێسک کرد.

سەیرە

دوێنێ لە خەونمدا

خوام لەناو خۆشەویستییمدا بینی

ئایا رۆح خەوتووە؟

ئایا ئاودێری هزرەکانم وشکهەڵاتوون؟

ئایا پێکەکان وشکهەڵاتوون؟

نەخێر

رۆحم نەخەوتووە

ئەو بە خەبەرە

نە خەون دەبینێ و نە دەخەوێ

ئەو تەنیا رادەمینێ

ئەو تەنیا لە کەناری بێدەنگییدا

چاودێری دەکا.

---

_ئەنتۆنیۆ ماشادۆ (1875_1939) شاعیری ئیسپانی.

_سەرچاوە: adab.com

گلۆریا فیورتیس

**منداڵانی سۆماڵ**

من دەخۆم

تۆ دەخۆی

ئەو دەخوا

ئێمە دەخۆین

ئێوە دەخۆن

ئەوان نا.

## دژی ئەتۆم

دەبێ بێحەسانەوە
دژ بە ئەتۆم بەرگری بکەین
تا ئەمەریکا بە کاری نەهێنێ.
ئەگەر تفەنگ بێدەنگم بکا و
گوللـە لاڵم بکا و
بیرم وشکم بکا و
خۆشەویستەکەشم لێم تێنەگا
من هاوار دەکەم و
بە _بژی ئاشتی_
زەمین بریندار دەکەم بە دەنگم
لەناو بێدەنگیی جەستەی لاڵمدا.

---

_گلۆریا فیورتیس (1917_1998) ژنە شاعیری ئیسپانی.
_سەرچاوە: adab.com

گوستاڤۆ بیکیر

**دڵۆپە فرمێسکێ لە چاوی دیاربوو**

دڵۆپە فرمێسکێ لە چاوی دیاربوو
لەسەر لێوەکانی منیش، رستەی "ببەخشە"
کبریا دوا و دڵۆپە فرمێسکەکەی سڕییەوە
لە نێوان لێوەکانی منیشدا رستەکە مرد
بە رێگایەکدا دەڕۆم و
ئەویش بە رێگایێکیتر
بەڵام کە بیر لە خۆشەویستنی
یەکتر دەکەینەوە
من دەڵێم:
بۆچی ئەو رۆژە من بێدەنگبووم و
ئەویش دەڵێ: نازانم من بۆچی نەگریام؟

## ئەمڕۆ زەمین و ئاسمان بزەم بۆ دەکەن

ئەمڕۆ زەمین و ئاسمان بزەم بۆ دەکەن
ئەمڕۆ خۆر دەگاتە قووڵایی رۆحم
ئەمڕۆ بینیم.. بینیم و تەماشای منی دەکرد
ئەمڕۆ باوەڕم بە خوا هێنا.

## ئەو گوڵە چۆن دەژیێ؟

ئەو گوڵە چۆن دەژیێ
کە لە تەنیشت دڵتی دادەنێیت؟

قەت لە گوڵێ رانەماوی
لە تەنیشت بورکان گەشە بکا؟

## شیعر چییە؟

لەو کاتەی لەنێو رامانما

رامانی شینی خۆت دەچێنی

دەپرسی: شیعر چییە؟

ئەوە تۆی لێم دەپرسی؟

شیعر.... تۆی.

**هەناسە ساردەکانی _با_،**

**دەچنەوە لای _با_**

هەناسە ساردەکانی _با_،
دەچنەوە لای _با_.

فرمێسکەکان ئاون،
دەچنەوە لای دەریا.

پێمبڵێ ئەی ژن
کاتێ خۆشەویستیی لەیاد دەکەین
ئەو بەرەو کوێ رێگا دەگرێ؟

---

_گوستاڤۆ بیکیر (1836-1870) شاعیری ئیسپانی.
_سەرچاوە: adab.com

لویس ثرنودا

**لە دوورەوە**

لە دوورەوە لە پشت پەنجەرە
نوور تیشک دەدا
کاژێرەکانی بەدگومانی دێنێتەوە یاد
ژیانێ هەیە و تۆ تەنیایت
نە مردوویت و نە زیندوو
گوێ بۆ ترپەی بێهێزی دڵت دەگری
لە رێگا لاتەریکە پیسەکاندا
بێ ئامانج رێدەکەی
وەک قەدەری مرۆڤێکی بۆش
لە زەینتدا بە دوای نوور و ئیماندا دەگەڕێیت
کەچی رێک لەو کاتەدا
لە دەرەوە
تاریکیی
لەززەت لە ئاهەنگی
سەرکەوتنی دەبا.

## بۆچی...؟

بۆچی شیعرەکانت
ئەگەر بێقیمەتیش بن
دەدەیتە کەسانێ
کە لە شیعرەکانت بێقیمەتترن؟
ئەوە تۆیت کە دەدوێی
بۆیە لە هەموو کەس بێقیمەتتری
چونکە فێری بێدەنگیی نەبوویت
ئەوانە وشەن لە _با_دا
هەتا ئەگەر سەداشیان هەبێ
سەدا رەدی ئەو شتە دەداتەوە
کە بە لایەوەی دەنێی.

---

_لویس ثرنودا (1902_1963) شاعیری ئیسپانی.

_سەرچاوە:tumbrl.com

گیراردۆ دیگۆ

## له یادکردن

له یادکردن
تێره به ئیشراقی له یادکردن و
زاکیرەی هەتیویش
زاکیره هیلاکی دەکا
له یادکردن
وەک بەفر سپییه
له دۆڵدا
زاکیرەش رەشه
وەک بەفرێ
لەسەر مێژوودا.

---

_گیراردۆ دیگۆ (1898_1987) شاعیری ئیسپانی.

_سەرچاوە:tumbrl.com

# شيعرى شاعيرانى ئەرمەنيا

زاریە خراخونی

## گۆرانی سەری ساڵ

ئەگەر رۆژێ روویدا
هەموو پیاو و ژن و منداڵەکان
_هەموو کەس، هەموو جیهان_
یانی پێنج ملیار مرۆڤ
بە بیری پەشێو و
دڵی مەستیان بە _با_ی ئازادیی
لە ناکاو دەرگا و پەنجەرەکانیان کردەوە و
رژانە نێو شەقام و کێڵگە و بێستانەکان و
بە یەکدەنگیی و بەهێزەوە بانگیاندا:
_ئاشتیی، ئاشتیی، ئاشتیی..

ئەی برایان...
ئەگەر رۆژێ لە ناکاو روویدا
خەڵکی شار و دێ
گەنج و پیریان
_هەموو کەس_
یانی پێنج ملیار
یا پێنج ملیار و نیو مرۆڤ
ئەگەر لە سینگیاندا
دەنگی ئاشتییان دۆزییەوە و
ئاوێتەی بوون و
رژانە نێو گۆڕەپان و
دەستیان خستە نێو دەستی یەکتر و
بازنەیەکیان درووستکرد و
بە دەوری جیهاندا سەمایان کرد
سەمایان کرد و بە بوێرییەوە بازیاندا و
گۆرانیان چڕی:
_بەختەوەریی، بەختەوەریی، بەختەوەریی

ئەی برایان...
دواتر لە حەوت تا حەفتا ساڵان زیاتر
گەورە و بچووک و کوڕان و کچان
_هەموو کەس_
رەنگە شەش ملیار مرۆڤ
ئەگەر بە رۆحی پڕ و
چاوی لێوانلێویان لە دەریای بەختەوەریی
دەست لە نێو دەست رایانکرد و
ئەوانەی بەرانبەریان لە ئامێزگرت
مەست بە خۆشەویستیی لە ئامێزیان گرتن و
ئاهەنگیان بۆ ئەو جەژنەی
کە لە یاد ناکرێ سازدا و بانگیاندا:
ئازادیی، ئاشتی، بەختەوەریی..
ئەی برایان..
ئاهـ بە راستی ئەو کاتە
جەژنی سەری ساڵ
دەبێتە موڵکی هەموو کەس
لە هەموو رۆژەکاندا.

# غـروب

کاتێ جوانیی غروب زیاتر دەبێ
هەموو شتێکی دەوروبەری دەمرێ.

کاتێ غروبیش دەمرێ
جوانیی هەموو شتێکی
دەوروبەری زیاتر دەبێ.

غروب وەک هەموو شتە جوانەکان دەمرێ
غروب جوانە وەک هەموو ئەو شتانەی کە دەمرن.

غروب زۆر جوانە چونکە دەمرێ
چونکە غروب جوانە بە خێرایی دەمرێ.

## بێ هاوشێوە

هیچ دڵۆپێ نییە لەویتر بچێ
هەرگیز دوو گەڵا
دوو مێروو
دوو بەرد
دوو گوڵ
دوو مانگ
یا دوو هەور نادۆزرێنەوە
بە تەواوی وەک یەک بن.
لە ناوەوە و
دەرەوەی جیهان
لە خوارەوەی
تا سەرەوەی
هیچ شتێ نییە بە رێککەوت

هاوشێوەیەکی تەواوی هەبێ
من چاڵێکی قووڵم و
تۆش بەرزاییەکی بەرز
یا بە پێچەوانە
کەوایە ئێمە هەردووکمان
بۆچی چاوڕوانین
هاوشێوە بین و
ببین بە هەمان شت
وەک نور لە نوردا؟

---

_زاریە خراخونی (1926_2015) شاعیری ئەرمەنی.

_سەرچاوە:aztagarabic.com

یەگیشە چارنێتز

**هەزاران هەزار کتێبم خوێندەوە**

هەزاران هەزار کتێبم خوێندەوە
ئایە یەکێکی باشم تێیاندا دۆزییەوە؟
مەمکی هەزاران ژنم گرت
کامیان زانیان خۆشیانبوێم؟
هەتا چوومە فڕەنساش
رژامە نێو موزیک و
ئاوازی سەما
بەڵام بە کام بەهرە
سەرسام بووم
لە دڵم شیرینتربێ
لە بەهرەی "سایات نۆفا"؟
لەگەڵ گەورەکان
لەسەر هەمان خوان

خۆراکم خوارد
لەگەڵ هەژاران
عەرەقم خواردەوە
بەڵام کوا تەرازووی داد لە کوێ بوو
لە هەزاران وشەی پیاوەکان
وەک عەشقی پیرۆزی تۆم نەدۆزییەوە
هیچ شتێ ئەوەندەی عەشقی تۆ
دڵڕفێن نییە
بە ماندوویەتی
رووم لە هەموو شتێ وەرگێڕا و
خۆم هاوێشتە نێو بێستانەکان
هیچ میوەیەکم نەدۆزییەوە
لە تۆ شیرینتر.

---

_یەگیشە چارنێتز (1897_1937) شاعیری ئەرمەنی.

_سەرچاوە: adab.com

ئیکنا ساری ئەسڵان

## تۆ خۆشەویستییت

سەرمام بوو گەرمت کردمەوە
تینووم بوو ئاوت پێدام
ئێشم هەبوو لە ئێشەکانمدا نیشتەجێ بوویت
هەڵەم کرد رێی راستت نیشاندام
زوڵمم کرد رووناکت کردمەوە
هەڵوەریم منت گەشاندەوە
نەخۆش کەوتم چاکت کردمەوە
هەڵەم کرد راستت کردمەوە
فەرامۆشبووم بوویتە قەدەرم
ونبووم منت دۆزییەوە
مردم، دەی ژیانم بۆ بگەڕێنەوە
دەی ژیانم بۆ بگەڕێنەوە ئەی خۆشەویستیی.

---

_ئیکنا ساری ئەسڵان (1945_     ) شاعیری ئەرمەنی.

_سەرچاوە: adab.com

هۆڤهانیس تۆمانیان

**هەڵبژاردە**

مەلێکم بریندار کرد، گوناحم کرد

لەو کاتەوە چەندین ساڵ تێپەڕیون

کەچی من هێشتا خەون بەو مەلە و

باڵە خوێناوییەکانییەوە دەبینم.

*

لەوێوە بە دەستی پڕ لە چڵەوە

ئاماژەم بۆ دەکا تا بە خێرایی بگەڕێمەوە

دەزانم ئەوە تۆی بانگم دەکەی

ئەی دارستان و چڕستانەکانی نیشتمانم.

*

لە چیاکانی ئەرمینیادا
ڕێگاکانمان ئاسان بوون
ڕێگاکانمان تاریک بوون
ئێمە لەوێ لە دژواریی و تاریکییدا دەژیاین
دەچووینە نێو ناخۆشیی
تا بە ئازادیی هەناسە بدەین
لە چیاکانی ئەرمینیا
لە چیا دژوارەکانی ئەرمینیا.
*

زۆر لەمێژە ئێمە ئەو زێڕەمان
لە کۆڵکردوە کە لە ڕۆحێکی قووڵ لە دایکبووە
ڕۆحی گەل لەسەر ڕێی مانەوە
لە چیاکانی ئەرمینیا
لە چیا بەرزەکانی ئەرمینیا.
*

چاوەکانمان بە حوزنەوە
لەنێو تاریکیی خاکدا
لە ئەستێرە دوورەکان دەڕوانن
ئاهـ، بەو نزیکانە گزنگ دەبریسکێتەوە و
بەیانی هەڵدێ.

---

_هۆڤهانیس تۆمانیان (1869_1923) شاعیری ئەرمەنی.
_سەچاوە: mnaabr.com

هۆڤهانیس کریکوریان

## ئەرمینیا

نیشتمانم بە قەبارەیەکە
کاتێ دەچمە شوێنە دوورەکان
دەتوانم لەگەڵ خۆمدا بیبەم
ئەو وەک دایکێکی پیر و
منداڵێکی تازە لە دایکبوو بچووکە
لەسەر نەخشەش
تەنیا دڵۆپە فرمێسکێکە
نیشتمانم بە قەبارەیەکە
دەتوانم لە نێو دڵمدا بیپارێزم
تا هیچ کاتێ لە ناکاودا ونی نەکەم.

---

_هۆڤهانیس کریکوریان (1945_ ) شاعیری ئەرمەنی.

_سەچاوە: mnaabr.com

هاموساهیان

## درەخت مەبڕن

لە پێناو تابوتی مندا درەخت مەبڕن
لە قەدی درەختێکم دانێن
لە رۆخ دارستان
لەسەر گردێ
تا بچم رەگەکانی بدۆزمەوە
تا بچم رەگەکانی لە باوەش بگرم
کێ دەزانێ
رەنگە رۆژێ لە رۆژان
ببمە خونچەیێ لە جیهانی نوردا.

---

_هاموساهیان (1914_1993) شاعیری ئەرمەنی.

_سەرچاوە:wehda.alwehda.gov.sy

باروير سيڤاک

**باشترین**

باشترین خەندە
بە دڵنیاییەوە خەندەیەکە
بە چاوانی داخراو.
باشترین خەونەکان
ئەو خەونانەن
بە چاوانی کراوە.
بەڵام باشترین گۆرانی
ئەو گۆرانییەیە کە لە دوورەوە
بە نێو پەنجەرەی کراوەدا دێ و
رەوانترین قسەش
ئەو قسەیە کە لە بێدەنگییەکی بێدەنگ
گوزارشتی لێدەکرێ و
لەوانەیە باشترین گەلیش
ئەو گەلە بووبێ کە ئیمپراتۆریەتی
فراوانی نەبووبێ.

باشترین ئیمان

ئەو ئیمانەیە کە ناگۆڕدرێ بۆ ئاین و

بێگومان باشترین ماسکیش

رووخساری مرۆڤە

باشترین نواندن

نواندنی فاشیلە

باشترین خۆشەویستیی

ئەو خۆشەویستییەیە

کە هێشتا تەواو نەبووە

باشترین ئێش و ئازار

ئێش و ئازاری گوڵە لەنێو گۆرانیدا و

باشتیر مەیمون _وەک دیارە_

مرۆڤە و

باشترین مرۆڤیش

بە بێ هیچ گومانێک

رێگام پێبدەن بیڵێم: ئەوە منم.

---

_باروير سيڤاک (1924_1971) شاعیری ئەرمەنی.

_سەرچاوە:aztagarabic.com

زاهراد

## دەبێ شیعر وەک تۆو وابێ

دەبێ شیعر وەک تۆو وابێ
کاتێ کۆتایی دێ
کۆتایی نایە
بەڵکو خونچەیێ دەبەخشێ و
لە ژیان لەگەڵماندا بەردەوام دەبێ.

_زاهراد (1924_2007) شاعیری ئەرمەنی.
_سەرچاوە:wehda.alwehda.gov.sy

# شیعری شاعیرانی نەمسا

راینەر ماریا ریلکە

**وەک دەست**

چاوەکانم بکوژێنەوە، هێشتا دەتبینم.
گوێم کەڕکە، هێشتا دەتبیستم.
هەتا بەبێ قاچ رێ بەرەو تۆ دەبڕم و
بەبێ دەمیش ناوت دەدرکێنم.
بازووەکانم بشکێنە،
بە دڵم وەک دەست
لە ئامێزت دەگرم.
دڵم بوەستێنە، مێشکم ترپە ترپ دەکا
ئەگەر گڕت لە نێو مێشکیشم داگیرساند
لەنێو هەر دڵۆپە خوێنێکم
هەست بە سووتانت دەکەم.

---

_راینەر ماریا ریلکە (1875_1926) شاعیری ئەمسایی.
سەرچاوە:al-maseera.com

ئێریش فرید

## سەرکەوتنەکانی ئیرۆس لە جەنگدا

لە دەستپێکی ئەو پیرییەدا
ئارەزوو گەورەترە لە ئێستێتیک
هێز بەهێزترە لە شەهوەت و
ئیرۆس بزە دەکا.

لە لێژایی ئەو پیرییەدا
غەریبی مەزنترە لە شەهوەت
حەز گەورەترە لە ترس و
ئیرۆس بزە دەکا.

لە وەرینی ئەو پیرییەدا
ترس گەورەترە لە غەریبی
هیلاکی مەزنترە لە ترس و
ئیرۆس هەڵدەچێ لە بزەدا.

**بێ گاڵتە**

گەنجەکان بۆ گاڵتە

بەرد لە بۆقەکان دەگرن..

بۆقەکان

بە جددی

دەمرن .

**هزرين**

کاتێکی درێژه من دەجریوێنم
بەڵام هێلکەکە سەهۆڵە
من کاتێکی درێژه دەجریوێنم
بەڵام هێلکەکە ئاسنە.

کاتێکی درێژه من دەجریوێنم و
ناتوانم لەوە تێبگەم و
ئەوەی کە دەیزانم
ناشێم بیکەمە بورهان.

کەللـەسەر هێلکەیەکی کەڕە و
دڵ بەردێکەو
خوێن سەهۆڵەو
دەستەکانیش ئاسنن.

## گەرماو

من شانازی
بە بێ دەنگی خۆمەوە دەکەم:
من وام لێدێ
لە نێو بەردەکاندا خۆم بشۆم.

بەردێک
خۆی رووت دەکاتەوە
بۆ ئەوەی
لەناوە مندا خۆی بشوا.

## زەمەنی بەردەکان

زەمەنی رووەکەکان
دواتر کاتی ئاژەڵەکان هات
دواتر زەمەنی مرۆڤەکان هات
ئێستا زەمەنی بەردەکان دێ

ئەوەی گوێبیستی قسەی بەردەکان بێ
دەزانێ هەر بە تەنیا بەردەکان دەمێننەوە.

ئەوەی گوێبیستی قسەی مرۆڤەکان بێ
دەزانێ هەر بە تەنیا بەردەکان دەمێننەوە.

## دوای ــ با ــ ی مەوسیمی

شاری باران
لەوێ ـ با ـ بۆ خۆی
کەشتییێک دروست دەکا
بۆ کۆترەکان و
بۆ خۆڵ و
هەر سێ کوڕەکەی .

دەیانەوێ
لە لافاودا بژین و
ئاسمان ئاشت بکەنەوە.

دادوەری ئەو جیهانە
هەمدیس خۆڵاویەو
هەمدیسیش کەڕ.

## گۆڕینەوە

دارستانەکە دێ
کتێبێکی بەتاڵی درەختم پێشکەش دەکا
من لەسەر لاپەڕەی یەکەم دەنووسم:
کەسک.

من لەسەر لاپەڕەی دووەم دەنووسم:
کەسکێکی تاریک.
لەسەر لاپەڕەی سێیەم:
تاریک.

ئێستا "شەو"دێ
لەسەر لاپەڕەی چوارەم و
پێنجەم و
دەیەم
دارستانەکە دەنووسێ.

## ئەوە چییە؟

عەقڵ دەڵێ: ئەوەیان بێ عەقڵییە.
خۆشەویستی دەڵێ:
ئەوە هەر ئەوەیە کە هەیە.

حیسابکردن دەڵێ: ئەوە بەدبەختییە
ترس دەڵێ: ئەوە زیاتر نییە لە ژان
ڕوانین دەڵێ: ئەوە بێڕوانینییە.
خۆشەویستی دەڵێ:
ئەوە هەر ئەوەیە کە هەیە.

شانازی دەڵێ: ئەوە پێکەنیناوییە
ئاگاداری دەڵێ: ئەوە بێ عەقڵییە
ئەزموون دەڵێ: ئەوە مومکین نییە.
خۆشەویستی دەڵێ:
ئەوە هەر ئەوەیە کە هەیە.

## بەڵام لەوانەیە

وشە گەورەکانم، من لە مردن ناپارێزن و
وشە بچووکەکانیشم  لە مردن نامپارێزن.
بە رەهایی هیچ وشەیەک و
هیچ بێدەنگییەکی نێوان
وشە گەورە و بچووکەکان
من لە مردن ناپارێزن..

بەڵام لەوانەیە بەشێک لەو وشانە و
بەڵام لەوانەیە بە تایبەتی وشە بچووکەکان
یان هەروەها بێدەنگی نێوان وشەکان
کەسانێک لە مردن بپارێزن
لەو کاتەی کە من مردووم.

## له جیاتی پاشەکی

هەروەها ئەو شتانەیش
کە من دژ بە ژیان نووسیومن.
بۆ ژیان نووسراون.

هەروەها ئەو شتانەیش
کە من بۆ مردن نووسیومن
دژ بە مردن نووسراون .

## هاوڵاتیبوون

دەستی سپی

پرچی سوور

چاوانی شین

بەردی سپی

خوێنی سوور

لێوانی شین

ئێسکی سپی

لمی سوور

ئاسمانی شین.

## ترس و گومان

گومان مەکە
لەوەی
کە پێت دەڵێ:
"ئەو" ترسی هەیە.

بەڵام ترست هەبێ
لەوەی
کە پێت دەڵێ:
"ئەو" گومانی نییە.

## پرسیاری بچووک

باوەڕ دەکەی کە تۆ
هێشتا بچووکی
تا پرسیاری ئاوا
گەورە بکەیت؟
دواتر گەورەکان
تۆیان دەبێ، بچووکەکە
بەر لەوەی
تۆ تەواو گەرە بووبی.

## نادیار

من لە ژیاندا
بە نێو شیعرەکاندا تێپەڕیم

من لە شیعرەکاندا
بە نێو ژیاندا تێپەڕیم

ئایە لە کۆتاییدا
کامە ڕێگا
باشتر دەبێ؟

## Frau Welt — جیهان خان

من هاتمه
جیهان و
ئێستا
له کۆتاییدا
زۆر دوورم.

به بەرزی جێگای پرسیاره:
چۆن من ئامادەبووم
بۆ لای ئێوه بێم؟

ئەو دێ و به نزمییەوه دەڵێ:
تۆ نایێی
تۆ وای لەناو
ڕۆیشتنندای .

## مافی چاپ و بڵاوکردنەوە

چەند ساڵ
دوای
مردنی
خوداوەند
مافی
دانەر
بە بیانی و
بە ئەڵمانی
دەکوژێتەوە؟

## تابلۆیەکی موحەجەبە

ئەوان عاشقی ئازادیین
وەک عەشقیان
بۆ ژنەکانیان
لە تاریکیی بولێڵدا.
ئەوان هەست ناکەن و ناوێرن
تەماشای باوەشی کراوەیان بکەن.

## تەنگەتاوی هیچ فەرمانێک ناناسێ

به داخەوە ئەوڕۆ
هیچ کاتمان نییە
بۆ دوژمنداری.

یەکێ ئەوەی گوت
کە من بەر لە چەند ساڵێ
وەکو توندڕەوێک دەمناسی.

---

_ئێریش فرید (1921_1988) شاعیری نەمسایی.

_سەرچاوە:

Von Bis nach Seit

Reich der Steine

دوریس میرینگر

## گەشتیارەکان

ئێمە موسافیرین
ئێمە موسافیرین
بەڵام بەرەو کوێ؟
من پرسیم..

بەرەو نیشتمان..
بەڵام کوانێ نیشتمان؟
دووبارە پرسیمەوە..

لێرە لە ناخمدایە
دەنگێکیتر ئەوەی پێگوتم.

## چۆلەکەیێ لەسەر درەختی باوی

مناڵگەلێ دەگرین
چۆلەکەیێ لەسەر درەختی باوی دەخوێنێ
رەوە سەگێ لە شەودا دەحەپێنن و
چاوە نەفرەتلێکراوەکان لە گۆماودا چاوەڕوانی مانگن.
بگەڕێوە ماڵ.. راوت دەکەن.. بگەڕێوە ماڵ
ئەوان گاڵتەت پێدەکەن وەک چۆن
پێشتر گاڵتەیان پێکردی
لەگەڵ ئەوەی کە دەگەڕێیتەوە و
هێشتایش دەبێ کۆچبکەیت
بیرێکی قووڵ، وشک، لە رێگادا،
رەنگە _با_یەکان و سەبر هێشتا نەتناسنەوە
بەڵام ئەگەر جارێکی دیکە لەسەر درەختی باوی
دەست بە گۆرانی چڕین بکەیتەوە بەردبارانت دەکەن.

---

_دوریس میرینگر (1920_  ) ژنە شاعیری نەمساوی.
_سەرچاوە: adab.com

یۆهانا ڤارنەر

## نوێژێ بۆ هێز

ئەی خودا
هێزم پێببەخشە
بۆ خۆشویستنی مرۆڤ
وەک خۆشویستنی خاک و
ئاو و گیا و درەخت
چونکە خۆشویستنی ئەوانە
هیچ گران نییە
ئەی خودا
بەڵام خۆشویستنی مرۆڤ
پێویستی بە هێز و
بەرەکەتی تۆیە.

---

_یۆهانا ڤارنەر (1914 _ 2002) ژنە شاعیری نەمساوی.

_سەرچاوە adab.com

پیتەر تورینی

## تەماشای فیلمێ دەکەم

تەماشای فیلمێ دەکەم و
تۆ لەگەڵم نیت
من لە شارێکیترم و
تۆ لەگەڵم نیت
پێڵاوێکی نوێ دەکڕم و
تۆ لەگەڵم نیت
تەماشای دەریا دەکەم و
تۆ لەگەڵم نیت و
کاتێکیش کە پێت دەگەم
تۆ هەرگیز لەگەڵ من نیت.

## منداڵیی مەملەکەتێکی ترسناکە

ئەو دەستانەی لەمست دەکەن لێتدەدەن.

ئەو دەوەی دڵتدەداتەوە لەسەرت هاوار دەکا.

ئەو باسکەی هەڵتدەگرێ وردت دەکا.

ئەو گوێیانەی دەتبیستن هەموو شت هەڵە تێدەگەن.

ئەو لێفەی گەرمت دەکاتەوە

دەگەڕێتەوە لای برا گەورەت.

ئەو دیوارەی بە رەنگ وێنەی لەسەر دەکێشیت

هەموو ساڵ جارێ بۆیە دەکرێتەوە.

ئەو رستەیەی ئەخیر جار گوتت پڕوپووچ دەبێ.

ئەگەر بتەوێ هێڵکاری و وێنەکانت ببەیتە

شوێنێکی دیکە

ئیتر  ئەوە کاری غەریبەکان نییە

بۆ کوێ بڕۆم ئەگەر نزیکترین نزیکەکانم

ئاوا بۆ من غەریب بن؟

هەرگیز ناچمە هیچ شوێنێ.

## له ساڵەکانی کۆتاییدا

پلانێکم داڕشت
بۆ سەفەرکردن لەگەڵ دایکم
ئەو دایکەم
کە جگە لە جارێک هیچ جاریتر
لە شوێنی نیشتەجێبوونی دەرنەچووبوو
دەیویست بچێتە هەموو شوێنێ.
کەتەلۆگی سەفەرم بۆی هێنا و
پێشنیازی کاتەکانی سەفەرم بۆی کرد
لەبەر هۆکاری پڕوپووچ
دوامخست و
لەگەڵ ئەوەشدا
هەمیشە زیاتر و زیاتر
دەیویست ئەو شوێنانە بناسێ
کە دەمانەوە سەردانیان بکەین
دەتگوت دەیزانی
کە هەرگیز پێیان ناگا.

## له کۆتایی ئاسۆدا

له کۆتایی ئاسۆدا
ئاگرێ داگیرساوه
هەندێ له پیاوانی ئاگرکوژێنەرەوەی
ئەو دەوروبەرەم تێگەیاند و
به خێرایی لەگەڵیاندا بەرەو
شوێنی ئاگرکەوتنەوەکەدا بەڕکەوتم
لەوێ هیچ ماڵێ ئاگری نەگرتبوو
نه کادان و
نه گومەتی کا ئاگریان نەگرتبوو
تۆ لەوێ وەستابووی
ئاماژه به دڵی سووتاوت دەکەیت
بزه دەکەیت و داوام لێدەکەیت
منیش لەگەڵ تۆ دڵم بسووتێنم
بریا پیاوانی زیاتری
ئاگرکوژێنەرەوەم
لەگەڵ خۆمدا هێنابووا.

## هەموویان مردوون

ئێستا هەموویان مردوون
باوکە ئیتاڵییەکەم
کە هەموو ژیانی خۆی
لە رێی گوندی _کیرتنەری_ دانا و
کەچی نەشیدۆزییەوە.
دایکم
ئەوەی هەموو ژیانی
هەر بزەی دەکرد
سەرباری ئەو ئازارانەی
کە پێیوە دەیناڵاندن
پلکم _بیا_
ئەوەی کە سەیارە لێیدا
_تیلیۆ_ی مامم
ئەوەی کە لەگەڵ ترِی ئەخیریدا
لەسەر کورسی بەربۆوە

باپیرم کە ناوی _باستیان تیرۆر_ بوو
ئەوەی کە لە بیست و چوار ساڵییدا
عەرەق و
جگەرە و
ژیانی لێ وەدەغەکرا
ئێستا هەر کاتێ بمەوێ
دەتوانم بە ئارەزووی خۆم
درۆیان بۆ هەڵبەستم.

---

_پیتەر تورینی (1944_     ) شاعیری نەمساوی.
_ سەرچاوە:antolgy.com
adab.com_

ڕۆزا ئاوسلێندەر

**وشە**

لە دەستپێکدا
وشە هەبوو
وشەش
لای خودا بوو

خودا وشەی
دایە ئێمە و
ئێمەشماڵمان لەناو
وشە دایە

وشە خەونی ئێمەیە و
خەونیش
ژیانی ئێمە.

## کلیلی من

کلیلی من
خانووەکەی ونکرد.

من لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێک دەڕۆم
کەچی بە هیچیان ناکا.

من کلیلسازەکەم دۆزیەوە
کلیلی من
بە گۆڕەکەی ئەوی کرد.

**ژوور**

هێشتا ژوور ماوە
بۆ شیعرێک.

هێشتا شیعر
ژوورێکە
کە یەکێک بتوانێ تێیدا هەناسە بدا.

## من تەنیا دەزانم

تۆ لێم دەپرسی: من چیم داوایە؟
ئەوە نازانم من.

من تەنیا دەزانم کە من خەون دەبینم
کە خەون منی خۆشدەوێ و
من بە هەورەکانیەوە هەڵواسراوم.

من تەنیا دەزانم
کە من مرۆڤەکانم خۆشدەوێ
چیاکان، باخچەکان، دەریا
تەنیا دەزانم
کە ماڵی گەلێک مردوو لە ناو مندایە.

من چرکەساتەکانی خۆم دەخۆمەوە
تەنیا دەزانم
ئەوە گەمەی زەمەنە دێت و دەڕوا.

## ڤینیسیای من

ڤینیسیا شاری منە
من لە شەپۆلێکەوە بۆ شەپۆلێک
لە پردێکەوە بۆ پردێک
هەستی پێدەکەم.

من لەناو هەموو تەلارەکانی
نۆکەندی گەورەدا دەژیم.

ناقوسەکانی من
زەنگی شیعر لێدەدەن.

ڤینیسیای من
غەرق نابێ.

## جاروبار درەختێک دەدوێ

جاروبار
درەختێک بوێرانە
لە پەنجەرەوە دەدوێ
جاروبار
کتێبێک وەکو ئەستێرە
لە ئاسمانی من دەدرەوشێتەوە
جاروبار
مرۆڤێک
کە من نایناسم و
ئەو وشەکانی من دەناسێ.

## هەناسەی من

لەناو قووڵاییی خەونەکانم
زەمین فرمێسکی خوێنین دادەبارێنێ
ئەستێرەکان لە چاوەکانمدا بزە دەکەن

مرۆڤەکان پرسیاری
رەنگاوڕەنگم لێدەکەن
دەڵێم: برۆنە لای سوکرات.

رابردوو غەرقی کردووم
من واریسی ئایندەم
هەناسەی من یانی ئێستا.

## بەڵام من دەزانم

بەر لە دایکبوونم
پەپوولەیێ بووم من؟
درەختێک بووم
یاخود ئەستێرەیێک؟

من ئەوەم لە یادکردووە
بەڵام دەزانم کە من
هەبووم و هەر دەشبم

چرکەساتەکان
لەنێو ئەزەلدا .

## من کێم؟

ئەگەر بێئومێدبم
من شیعر دەنووسم.

من خۆشحاڵم
کە شیعرەکان لەناو مندا
خۆیان دەنووسن

کێم من
ئەگەر نەنووسم؟

---

_ڕۆزا ئاوسلێندەر (1901_1988) ژنە شاعیری نەمساوی.

_سەرچاوە:deutschelyrik.de

کریستیان ڤالنەر

## قەسیدەی خۆشەویستیی

خۆراک گرانتر دەبێ
چاکسازی خوێندنگە باڵاکان
شکستییان هێنا
سەرەتان لە زیادبووندایە
سوپا هێشتا لێرەیە
خوشکم شیعرەکانی
"شتیفتر" دەخوێنێتەوە
مامم وەسیەتەکەی خۆی دەگۆڕێ
باوکم هێشتا سۆسیال دیموکراتە و
منیش ناتوانم لە ئێستادا
لەگەڵتدا زەماوەند بکەم.

---

_کریستیان ڤالنەر (1948_ ) شاعیری نەمساوی.

_سەرچاوە: adab.com

# شیعری شاعیرانی ئەڵمانیا

گۆته

# *Ginkgo Biloba

ئەو گەڵای درەختە
لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتۆتە باخچەکەم
نهێنییێک لە من و لەوانەی
حەز بە زانین دەکەن دەشارێتەوە.

ئەوە یەک زیندەوەرە
خۆی کردۆتە دوو لەت؟
یا دوو لەتە وایکردوە
جیهان بە یەک بەش بیبینێ؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە
من مانایەکی ڕاستم دۆزییەوە
هەست ناکەن لە گۆرانییەکانم
من هەم یەک و هەم دووم بە یەکەوە؟

---

_یوهان ڤۆلفگەنگ فۆن گۆتە (1749_1832) شاعیری ئەڵمانی.
_سەرچاوە: medienwerstatt.de
*Ginkgo Biloba: ناوی کۆنترین جۆری درەختە کە تا ئێستا لەسەر گۆی زەوی مابێ.

برتۆلد برێشت

**سروودی دایکێکی ئەڵمانی**

کوڕم من بووم
پۆستاڵ و کراسی خاکیم پێشکەش کردی
ئەگەر ئەوەم بزانیبا کە ئەوڕۆ دەیزانم
خۆم بە پەتی سێدارە هەڵدەواسی.

کوڕم کاتێ باسکتم بینی
کە بۆ سڵاو لە هیتلەر بەرزکراوەتەوە
نەمدەزانی ئەو دەستەی سڵاو لە هیتلەر دەکا،
گۆجە دەبێ.

کوڕم گوێم لێبوو
لەبارەی چاخی پاڵەوانەکانەوە دەدوای
من نەمدەزانی تۆ یەکێکی لەوان
کوڕم تۆم بینی لە پشت هیتلەرەوە
بەرەو جەنگ هەنگاوت دەنا و
نەمدەزانی ئەوەی لەگەڵی بڕوا
هەرگیزا و هەرگیز ناگەڕێتەوە.

ئەی کوڕی من تۆ پێتگوتم:
رووخساری ئەڵمانیا دەگۆڕدرێ و
نەمدەزانی دەبێتە خۆڵەمێش و
بەردی خوێنین.

کوڕم تۆم بینی
کراسی خاکیی دەپۆشیت و
رێم لێ نەگرتی
چونکە ئەوەم نەدەزانی کە ئەورۆ دەیزانم
نەدەمدەزانی ئەو کراسەت دەبێتە کفنت.

## ئەو نەخشەی کە نابەزێندرێ

لەسەردەمی جەنگی جیهانیی
لە ژێرزەمینی زیندانی
_سان کارلۆ_ی ئیتاڵی
پڕ لە سەربازی گیراو و سەرخۆش و دز
سەربازێکی سۆسیالیست بە بزمار لەسەر دیوار
بە هەڵکۆڵینەوە نووسی: بژی لینین.

بەرز، بە زۆر دەبینرا
لەو ژوورە نیمچە تاریکەدا
بەڵام بە حەرفی تۆقێنەر نووسرابوو.
کاتێ پاسەوانەکان بینییان
نەققاشێکیان بە گەچەوە نارد
ئەو نەخشە سامناکەی
بە فلْچەیەکی دەسکدار گەچکرد
ئێستا لە سەرەوەی ژوورەکە
بە گەچ نووسراوە: بژی لینین.

نەققاشێکیتر بە فڵچەیەکی پان
هەموو شتێکی ڕەنگڕێژ کرد
چەند کاژێرێ نەخشەکە ونبوو
بەڵام بەیانی ڕەنگەکە وشکبوو
لە نوێوە نەخشەکە دەرکەوتەوە: بژی لینین.

ئێستا پاسەوان دەیەوێ
بە چەقۆ نەخشەکە بسڕێتەوە
بۆ ماوەی چەند سەعاتێ بەردەوام
حەرف حەرفی هەڵدەکۆڵی و
کاتێ کۆتایی هات
لە سەرەوەی ژوورەکەدا
بە بێ ڕەنگ بەڵام بە چاڵێکی قووڵ
لەسەر دیوار دیارە
ئەو نەخشەی کە نابەزێندرێ: بژی لینین.

سەربازەکان گوتیان:
ئێستا دیوارەکە بڕووخێنن.

## هەڵەی جەنەڕاڵ

ئەی جەنەڕاڵ
زرێپۆشەکەت بەهێزە
دەتوانێ دارستان وێران بکا و
سەد مرۆڤ بهاڕێ بەڵام هەڵەیەکی هەیە
ئەو پێویستی بە لێخوڕە.

ئەی جەنەڕاڵ
بۆمهاوێژەکەت بەهێزە
ئەو لە گەردەلوول خێراتر دەفڕێ و
لە فیل زیاتر بار هەڵدەگرێ بەڵام هەڵەیەکی هەیە
ئەو پێویستی بە فڕۆکەوانە.

ئەی جەنەڕاڵ
مرۆڤ زۆر پێویستە دەتوانێ بفڕێ و
دەتوانێ بجەنگێ بەڵام هەڵەیەکی هەیە
دەتوانێ بیر بکاتەوە.

## پرسیارەکانی کوڕە بچووکەکەم

کوڕە بچووکەکەم لێمدەپرسێ:
بیرکاری بخوێنم؟
ویستم پێیبڵێم بۆ بخوێنی؟
دوو پارچە نان زیاترە لە یەک پارچە
دەتوانی ئەوەش بزانی.

کوڕە بچووکەکەم لێمدەپرسێ:
فڕەنسی بخوێنم؟
ویستم وەڵامی بدەمەوە جا بۆچی
ئیمپراتۆریەت رووخا
دەستت بخە سەر زگت و بناڵێنە
جا تێدەگەن کە تۆ چیتە.

کوڕە بچووکەکەم لێمدەپرسێ:
مێژوو بخوێنم؟
ویستم پێیبڵێم بۆ بخوێنی؟
خۆت فێرکە چۆن سەری خۆت
بخەیتە ناو زەوی
ڕەنگە بەو کارە ڕزگارتبێ.

پێمگوت:
بەڵێ بەڵێ
بیرکاری فێربە
فڕەنسی فێربە
مێژوو فێربە.

## لەسەر کێڵی M

لە قرش رزگارم بوو
پڵنگم نێچیر کرد
بەڵام مێرووەکان راویانکردم.

## دەمەوێ لەگەڵ ئەوە بمێنمەوە

## کە خۆشمدەوێ

دەمەوێ لەگەڵ خۆشەویستەکەم بڕۆم
بیر لە ئاقیبەت ناکەمەوە
بیر لەوە ناکەمەوە
کە ئەوە کارێکی باشە یا نا
ناشمەوێ بزانم
کە ئەو منی خۆشدەوێ یا نا
من تەنیا
دەمەوێ لەگەڵ خۆشەویستەکەم بڕۆم.

## گۆرانی خۆشەویستیی 2

حەفت گوڵ بۆ چڵ
حەفت بۆ _با_ و
یەکێکیان دەمێنێ تا بیدۆزمەوە
حەفت جار بانگت دەکەم
شەش جار دوور بمێنەرەوە
بەڵام لە حەفتەمین جار بگەڕێوە
ئەگەر بانگەوازمت قبوڵ کرد.

## کۆچی دوایی لینین

کە لینین کۆچی دوایی کرد
وەک ئەوە وابوو
درەخت بە لق و پۆپەکانی بڵێ:
من کۆچ دەکەم.

## کتێب سووتاندن

کاتێ رژێم  بە ئاشکرا
فەرمانی سووتاندنی کتێبیدا
فەرمان بە_گا_یەکان کرا
عارەبانە پڕ لە کتێبەکان بەرەو سووتانگە رابکێشن
شاعیرێکی راونراو، یەکێ بوو لە نایابەکان
زانی ناوی لە لیستی ئەو کەسانە نییە
کە کتێبەکانیان دەسووتێنرێ
بە توڕەییەوە لە پشت مێز دانیشت و
نامەیەکی خێرای بۆ دەسەڵاتداران نووسی:
بمسووتێنن.. بمسووتێنن
سوکایەتیم پێمەکەن.. لەسەر من مەوەستن
من هەمیشە حەقیقەتم نەگوتوە؟
من لە کتێبەکانمدا نەمنووسیون؟
ئەها ئێوەش وا هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکەن
وەک ئەوەی درۆزن بم
من فەرمانتان پێدەکەم بمسووتێنن.

## دژوارییەکانی حوکم

وەزیرەکان لە بیر ناکەن
هەمیشە بۆ گەل دووپاتی بکەنەوە
کە مومارەسەکردنی حوکم چەند زەحمەتە.
بێ ئەوان دنکە گەنم
لە جیاتی ئەوەی
روو لە سەرەوە باڵابکەن
نغرۆی ژێرزەمین دەبوون
ئەگەر حیکمەتی راوێژکار نەبووایە
نەدەتوانرا خەڵووز لە کان دەربهێنرێ.
بەبێ وەزیری پڕوپاگەندە
ژنەکان نەیاندەتوانی زگیان ببێ
بەبێ وەزیری جەنگ
بۆ جەنگ نەبوو هەڵبگیرسێ.
ئایا بۆ خۆر هەبوو
بەبێ رازیبوونی رێبەر زوو هەڵبێ؟
ئەوە کارێکی گوماناوییە

وا دانێ ئەوە روویدا
گومانی تیا نییە کە لە شوێنێکی هەڵە روودەدا
ئەگەر حوکمڕانیی کارێکی ئاسان بێ
بۆ پێویستمان بە عەقڵە رووناکەکانی رێبەر دەبوو؟
ئەگەر کرێکار بیزانیبووا ماکینە بخاتەگەڕ و
جووتیار بیزانیبووا چۆن دەچێنێ
بۆچی پێویستمان بە پیشەسازی خاوەن کارگە و
خاوەنی زەوی دەبوو؟
کە هەموو گەمژە بن
پێویستمان بە کەمینەیەکی زیرەک هەیە
ئەگەر حوکمڕانیش تا ئەو ئاستە
سەخت و پڕ لە رەنج بێ
ئایا پێویست دەبێ لەسەر کەسێ
فێری بەدڕەفتاریی فێڵبێ؟

---

_برتۆلد برێشت (1898_1956) شاعیری ئەڵمانی.

_سەرچاوە: myportail.com

adab.com_

میشایل ئاوگستین

## لە پێناو زیندانییێکدا

ئەو هێڵە تەریبانەی
هیچ چارێکیان نییە و
بەریەک دەکەون لە ناکۆتادا
غەمبارم دەکەن

ئەو زستانەی رۆژێ بۆ ئەوە نەژیا
هاوین ببینێ
غەمبارم دەکا

ئەو سەدایەی کە خەون بەوە دەبینێ
بۆ یەکجاریش بێ
خۆی وشەی یەکەمی هەبێ
غەمبارم دەکا

ئەو پرسیارەی
کە هەموو خۆیان وا دەردەخەن
وەڵامەکەی دەزانن
غەمبارم دەکا

ئەو ئایندەیەی
لەگەڵ هەر چرکەیێ کە تێدەپەڕێ
دەچێتە ناویەک و
رابردووش گەورە دەبێ
غەمبارم دەکا

ئەو گەرۆکەی
خۆشبەختیی لە غەفڵەتدا دۆزیەوە و
هێشایش لای ئاشکرانەبووە
کە خۆشبەختییەکەی لەمێژە
دەستی بە لەناوچوون کردوە
غەمبارم دەکا

ئاوێنەی ئەو مەغسەلەی
کە ترس ئابڕووی دەبا
لەو کاتەی خاوەنەکەی
تێیدا سەیری خۆی دەکا
غەمبارم دەکا

نووسەری مردووان
چونکە هەمیشە ناچارن
لە شوێنی زیندووان
بە دوای چارەدا بگەڕێن
غەمبارم دەکەن

ئەو قەسیدەیە
غەمبارم دەکا

---

_میشایل ئاوگستین (1953_ ) شاعیری ئەڵمانی.
_سەرچاوە: adab.com

کورت شڤیتەرز

**دیوار**

پێنج. چوار. سێ. دوو. یەک
دیوار
دیوار
دیوار دیوار دیوار
دیوار دیوار دیوار
دیوار_ دیوار_ دیوار_
دیوار
دیوارەکان
دیوارەکان
دیوارەکان دیوارەکان دیوارەکان
دیوارەکان_ دیوارەکان_ دیوارەکان
دیوارەکان
دیوار دیوار دیوار
دیوار دیوار دیوار
دیوار
دیوار

---

_کورت شڤیتەرز (1887_1948) شاعیری ئەڵمانی.
_سەرچاوە: adab.com

رۆبێرت گێرنهاردت

**باش و خۆشەویستە**

باش و خۆشەویستە
کاتێ نانی باشی باکوور دێ.
وەک باوانمان پارچە پارچە
بە زەیتی باشی باشوور دەیبرژێنین.
پێک پێک شەرابی باشی رۆژئاوا
لەگەڵ نان دەخۆینەوە
تا میحەنتی خۆشەویستییمان
لە رۆژهەڵات لە بیرکەین.

---

_رۆبێرت گێرنهاردت (1937_2006) شاعیری ئەڵمانی.

_سەرچاوە: adab.com

کریستیان مۆرگنشتێرن

## **دوو کەر**

جارێ کەرێکی رەزا قورس
بە ژنەکەی خۆی گوت:

من زۆر گەمژەم و
تۆش وەک من گەمژەیت
دەی وەرە با بە یەکەوە بمرین.

بەڵام وەک ئەوەی کە زۆرجار روودەدا
هەردووکیان تاسەر
زۆر بەختەوەرانە ژیان.

## کورسییێکی لەراوە لە باڵکۆنێکی وێرانەدا

من تاکە کورسییێکی لەراوەم
لە _با_دا دەبزوێم
لە _با_دا.

کەش ساردە لە باڵکۆنەکەدا و
من لە _با_دا دەبزوێم
لە _با_دا.

بە درێژایی رۆژ
من دەبزوێم و دەلەرمەوە و
درەختی زەیزەفونیش دەهەژێ و دەلەرێتەوە
کێ چوزانێ چی ناتوانێ ببزوێ
لە _با_دا
لە _با_دا
لە _با_دا.

## تارمایی

تارمایێ هەیە دەسەسڕەکان دەخوا
لەگەڵت دێتە سەفەر
هەموو شتەکانی نێو جانتاکەت دەخوا
ئەو شتانەی لەسەر قەوێڵەکەتن
ئەوانەی لەسەر مێزەکەتن
وەک باڵندە لە دەستت دەڕفێنێ
شتگەلی زۆر جار لە دوای جار وندەبن
ئەی دەریاوان بە هەژدە چارۆگەوە لە دەریا دەدەی
دوور دەڕۆیت و دواتر لە غوربەت
بە هەشت یا حەوت چارۆگە دەگەڕێیتەوە
ئای لە خەمی ژنیماڵەوە!

---

_کریستیان مۆرگنشتێرن (1871_1914) شاعیری ئەڵمانی.
_سەرچاوە: کریستیان مورغنشتیرن (سماء و أرض) قصائد و نصوص مختارة.

زیبیل فۆلک

## زگی کەشتی

زگ باشترین شوێنە لە کەشتیدا
تا بتگەیەنێتە ئەو شوێنەی کە خۆت دەتەوێ
وەک زۆرلێکراوێ نا بەڵکو وەک دایکێ یا نەهەنگێ.

راکشێ کاتێ شەو
لە چارۆگەدا دەچەمێتەوە و رادەکشێ
رێبدە هەموو شتێ بڕوا و رابگوزەرێ
کەفی دەریا و ئەسترەکان.

ئیمانت بەهێزبێ کە تۆ دەگەیت
لەوەش دڵنیابە کە جیهان هیچ کەنارێکی نییە.

---

_زیبیل فۆلک، شاعیری ئەڵمانی.
_سەرچاوە: adab.com

گۆتهۆلد لیسینگ

## وەڵام

بەو داواییە رۆڵی دادوەری ئەخلاقم بینی
بێگومان ئەوە یارییێکی قورسە،
بە شاعیرێکی مەستم گوت:
وازبێنە، تۆ زۆر دەخۆیتەوە
هەر بزانە کەوتییە ژێر مێز.
پێیگوتم: تۆ هیچ زیرەک نیت
یەکێ دەتوانێ زۆر بخواتەوە
بەڵام هەرگیز ناتوانێ
بە تەواوی لێی تێر ببێ.

---

_گۆتهۆلد ئیفراهیم لیسینگ (1729_1781) شاعیری ئەڵمانی.
_سەرچاوە: ibtesamah.com

مارکوز بۆمهارد

## ئەستێرە و خەونەکان

هێشتا تۆ دەزانی کە من چۆن ویستم بۆ تۆ
ئەستێرە لە ئاسمان بێنمە خوار
بۆ ئەوەی خەونێکی خۆمانی پێ پڕکەینەوە ؟
بەڵام تۆ پێت وایە
ئەوان زۆر بەرز هەڵواسراون !
دوێنێ بە ڕێککەوت کەوتمە بەرامبەر ئاسمان و
ئەستێرەیەک کەوتە نێو دەستەکانم
ئەو هێشتا گەرم بوو کە پێی نیشاندام
لەوانەیە خەونەکان نەتوانن
یەکڕاست بۆ پڕکردنەوە بڕۆن
بەڵام جارێک هەر دێ !؟

---

_مارکوز بۆمهارد.. شاعیری ئەڵمانی.

_سەرچاوە: www.gedichte.vu

کلێمنس برێنتانۆ

## من دەزانم

من باش دەزانم، تۆ لە مندا چیت خۆشدەوێ
ئەوەیان ژیلەمۆیێکە لەنێو سینەمدا،
ئەوەیان ئارایشێکی سیحراویە
لە قوڵایی نهێنی ناوەوەی شەهوەتدایە
تیشکە لە منەوە دەردەچێ و بانگی تۆ دەکا
من لە بەردێکدا بنێژە
بەو شێوەیە لە ڕێگای هزرو ئامێزمەوە بانگت دەکەم
وەرە گەورەم
وەرە خۆشەویست لە لای من بمرە
وا پێویستە لەسەر تۆ،
وا پێویستە لەسەر تۆ.

---

_کلێمنس برێنتانۆ(1778_1842) شاعیری ئەڵمانی.

_سەرچاوە:www.zeno.org

هێرمان هێسه

## گۆرانی عەشق

وڵاتی من حەز دەکا لە کوێ بێ؟
وڵاتی من بچووکە
لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک دەڕوا
دڵی من لەگەڵ خۆیدا دوور دەبا
ئازارم پێدەدا
هێوریم پێدەدا
تۆی وڵاتی من.

---

_هێرمان هێسە (1877_1962) شاعیری ئەڵمانی.

_سەرچاوە:Die schoensten Liebesgedichte

ئۆلی کۆمامێندا

## هیچ شتێ دوای ئێستا

کاتێ کە نەماوم
ئیدی ئێش ئازار ناچێژێ
ترس باڵە هەڵفڕیوەکان دادەخا و
هاوار دەمی نییە و
بەڵام شادیی
شادیی لە کوێ دەژی بە بێ دڵی من؟

## لە لایەکی شەقام

ڕێگا زۆرترن لە ئامانج
ئەوەی گوت و ڕۆیشت.
لە شوێنێ لە شوێنەکان لەسەر ڕێگاکەیدا
لەنێو ئاراستەکان ونبوو
لە شوێنێ لە شوێنەکان لەسەر ڕێگاکەیدا مرد..
مردنی دووبارەبوونەوە.

## بێ چەتر

هەمووومان لە هەمان
فڕۆکەدا دەفڕین.
باڵەکانی مەشکێنن
هیچ چەترێ لە ئارادا نییە.

## گۆرانییەکی کۆنی نوێ

دارستان دەینووسێ
پژوپۆکان بەڕێوەی دەبا
چۆلەکەکان دەیخوێنن
_با_ سەمای پێدەکا
گۆرانیەکی کۆنی نوێ.

---

_ئۆلی کۆمامێندا (1923_ ) شاعیری ئەڵمانی.
_سەرچاوە: adab.com

# شیعری شاعیرانی عەرەبستان

عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی

**تنۆکی باران**

تەنیابووم
وەک دڵۆپی باران
ئاە.. ئەی خۆشەویستم
وەک دڵۆپی باران
خەم مەخۆ
بەیانی مانگ و
ئەستێرەی بەرەبەیان و
بوستانێ گوڵت بۆ دەسەنم
بەیانی ئەگەر گەڕامەوە لە سەفەر
بەیانی ئەگەر بەرد
لەنێو پەراسووم دەربچێ
بەڵام ئەمڕۆ تەنیام
ئەی خۆشەویستەکەم
وەک دڵۆپی باران.

## شتێ لەبارەی بەختەوەریی

ئەی موحەممەد
درۆیان کرد
کە گوتیان: بەختەوەریی نافرۆشرێ
رۆژنامەکان نووسیویانە:
دوێنێ شەو ئاسمان بۆقی باراندوە
ئەی برادەر بەختەوەرییان لە تۆ دزیی
بە حەبلی وشەکان
فریویاندای
ئەشکەنجەیاندای
لە خاچیاندای
تا پێتبڵێن: مرد

تا شوێنێکت لە ئاسماندا پێبفرۆشن

ئاه

گریان چ سودێکی هەیە ئەی موحەمەد

من شەرمەزارم

بۆقەکان بەختەوەرییان لێدزین و

من بە ئەشکەنجەوە

روو لە خۆری درەوشاوە لە رێگەدام

شەو خەنجەر و سەگیان چاند

سەقفی شەو بەسەریاندا دەڕوخێ

یاخیبە

ئەی موحەمەد

یاخیبە و

لە خیانەت ئاگاداربە.

---

_عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی (1926_1999) شاعیری عەرەب.

_سەرچاوە: adab.com

محەمەد ئەلماغوت

## هەڵبژاردەیەک لە دیوانی

## ـڕۆژهەڵاتی عەدەن، خۆراوای خواـ

ئەو شەوە
لە سەرما و دەسەڵات و مامۆستاکان
رامکرد و خۆم لەنێو
درەختی سنۆبەردا حەشاردا و
لەوێ بۆ یەکەمجار
گوێم لە دەنگی عەبدولوەهاب و
ئوم کەلسوم و
ئەسمەهان و
فەیرۆز و
عەبلە خووریی و
لە سێدارەدانی بە ئاشکرای دەریا و
مانەوە لە بیابان بوو.

•

جووتیاربووم و کێڵگەم نەبوو
کرێکاربووم و کارگەم نەبوو
وەرزشوانبووم و تیپم نەبوو
هونەرمەندبووم و جەماوەرم نەبوو
دوای چەندین توێژینەوە و ژمارە و
ئامار و راوێژ و تێڕوانین زانیم
کە من کۆیلەم و
پێویستە زنجیرەکانم بپسێنم
دوای پەنجا ساڵ لە ژمارە و
ئامار و راڤە و رامان و گفتوگۆ و
پێداچوونەوە و راگۆڕینەوە و
راسپاردە و هاوار
واملێهات شانازی پێوە بکەم.

•

ئەو هەورانەی لە وڵاتمبوون و
ئەو مەلانە لە ئاسمانم و ئەو تەمە لە لادێم و
ئەو یاسەمینە لە باڵکۆنم و
ئەو گمەی کۆترە لە پەنجەرەکانم و
ئەو حەنینە لە پەراسووەکانم و
ئەو هەموو نەخشەیە لە ئەدگارم و
ئەو هەموو غوبارە لە دوام و
ئەو هەموو ئاسۆیە لە پێشم و
ئەو هەموو پاڵەوانییە لە زاکیرەم و
ئەو هەموو دووکەڵە لە دووکەڵکێشمدامدا و
ئەو هەموو رێزە لە مەجلیسمدا و
ئەو هەموو پرسەیە لە گەروومدا و
ئەو هەموو داستانە لە دەفتەرەکانمدا
هەموو ئەو شتانەم بینی و
منیش وا ئەوەندەی کە لە پەنجەکانمدا ماون
دەفرۆشمە گەشتیارێک
کە لە بازرگانانی شوێنەوار و شتە دێرینەکانە.

•

ئەی ئاسنگرەکان

ئەی دارتاشەکان

ئەی بەردتاشەکان

ئەی بوقلێدەرانی نمایشی سەربازیی

ئەی تەپڵلێدەرانی تیمی دێدەوانیی

ئەی سیحرلێکراوانی گەڕەکە میللیەکان

ئەی گەڕۆکفرۆشانی مارکێتە بازرگانییەکان

ئەی ژنە زماندرێژەکانی ئەو پەنجەرە و ئەم پەنجەرە

ئەی شوفێری ئۆتۆمبێل و شاحینەکان

ئەی پۆلیسی هاتوچۆ

ئەی هاندەرانی یارییە وەرزشییەکان

ئەی وتاربێژ و هوتافکێشەکانی رێوڕەسمە رەسمییەکان

ئەی ئەوانەی بەیانیی تا ئێوارە

سەرەڕۆیی بە ئۆتومبێل دەکەن

دەنگی خۆتان و دەنگی فیکە و بوق و

چەکووشەکانتان نزم بکەن بە چرپەوە بدوێن و

لەسەر پەنجەی پێیەکانتانەوە بڕۆن نیشتمان لە حەزەردایە.

•

پاکیزەیی رەها

بەرائەتی رەها

خۆشەویستیی رەها

ئەوانە هەموویان

ئامانجی گەورەن و

گەردییان لەسەر نییە

بەڵام رقم لەو ئامانجانەیە

دەبێ لە هەر دەریایێ خنکاوێ هەبێ

لە هەر دارستانێ تەڵەیێ

لە هەر بیابانێ تینوویێکی هیلاک

دەرکراوێ لە هەر شەقامێ

ئەگەرنا ناگونجێ ژیان ببێتە

ژوورێکی ئەشکەنجەدانی جیهانیی.

•

ئەوانیدی دەیانەوێ بخۆن

من دەمەوێ برسیمبێ

دەیانەوێ بپۆشن

من دەمەوێ رووتبم

دەیانەوێ جێگیربن

من دەمەوێ دەربەدەربم

بۆیە لەگەڵ کەس ناچمە پێشبڕکێوە

چونکە هەموو دەیانەوێ ببەنەوە و

منیش دەمەوێ بدۆڕێنم.

•

فلاَن سەری خوشکی بڕێ
لە پێناو بەرگریکردن لە شەرەفی خێزان
فلاَن سەری کچەکەی بڕی
لە پێناو بەرگریکردن لە شەرەفی عەشیرەت
فلاَن سەرۆکەکەی خۆی تیرۆرکرد
لە پێناو بەرگریکردن
لە شەرەفی ولاَت، عەرش، سیستەم،
دابونەریت و
کێشەکە ئەوەیە ناکرێ شەرەف
وەسف بکرێ و
شێوەی
یا ڕەنگی
یا بۆنی
یا تەمەنی
یا وجودی
دەستنیشان بکرێ
چونکە وەک رووتیی و خوا وایە.
•

هەموو بە دوای ناوبانگ

پارە

خۆشەویستیی

سێکس

وەرزش

ئەسپسواریی و

خواردندا

رادەکەن و

منیش بە دوای هەژاراندا

ئەوە لە بەدبەختیی من و ئەوانە

تەنیا هەژارەکانن

بەر لە هەموو کەس

لە خەو رادەبن

تا هیچ کەس

بەر لەوان نەگاتە عەزاب.

•

ئەگەر پێغەمبەرایەتی پێویستی

بە شارەزایی و

مومارەسەکردنی

کێشە دژوارەکانی مرۆڤبێ

ئەوا شارەزایی من

بۆ نمونە:

لە برسییەتیدا

هێندە لەبارە

بمکاتە خوا

نەک پێغەمبەر.

•

ئەی چەکووشە نەمرەکان لەسەر دەرگاکان

ئەی وێنە نەمرەکان

لەسەر دیوارکان

ئەی پۆشاکە نەمرەکان

لە نێو دۆڵابەکان

ئەی گڵاسە نەمرەکان

لەسەر رەفەکان

ئەی پەیکەرە نەمرەکان

لە نێو گۆڕەپانەکان

ئەی سنوورە نەمرەکان

لە نێو کتێبەکان

ئەی نیشتمانە نەمرەکان

لە نێو نەخشەکان

ئەی بۆشایی ئەبەدی

چەند کاتی خۆش بەسەر دەبین

ئەو زستانە و

هەموو زستانەکان؟

•

جیهان نەتەوەی منی خۆشناوێ
نەتەوەم نیشتمانمی خۆشناوێ
نیشتمانم شارمی خۆشناوێ
شارم لادێمی خۆشناوێ
لادێم گەڕەکمی خۆشناوێ
گەڕەکم ماڵمی خۆشناوێ
ماڵم ژوورمی خۆشناوێ
ژوورم قەروێڵەمی خۆشناوێ
قەروێڵەم سەرینمی خۆشناوێ
سەرینم سەرمی خۆشناوێ
سەرم نێوچەوانمی خۆشناوێ
نێوچەوانم شیعرەکانمی خۆشناوێ
شیعرەکانم پەنجەکانمی خۆشناوێ
پەنجەکانم یەکتریان خۆشناوێ
هەمووشیان قەڵاییێکی خۆڕاگر و

چیاییێکی سەرکەش لە مندا

رووبەڕووی زەمەن دەبینن و

ئەو کوخە داروو‌خاوەی ناخم نابینن و

هەموویان حیلەی ئەسپ و

هاواری جەنگ و

نەخشەکانی سەر زین و

غوباری نوقمبووی

سمەکان لە هەوادا دەبینن و

پێی هەڵواسراوی منیش

لە جێپێی زیندا نابینن.

•

بۆ ئاشتەواییم نووسی جەنگ داگیرسان

بۆ سیستەمم نووسی فەوزا بەرپابوو

بۆ ئومێدم نووسی خۆکووشتن زیادی کرد

بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانم نووسی

ئاستی گەشەسەندن دابەزی

بۆ رێکخستنی خێزانم نووسی

شەقامەکان پڕبوون لە یاخی و شێت

بۆ خۆشەویستییم نووسی

تەڵاق و منداڵ لەبار بردن زیادیکرد

بۆ ژینگەم نووسی خاشاکی ئەتۆمیان

لەنێو ماڵاندا ناشت

بۆ خۆڕاگریم نووسی باڵیۆزخانەکان پڕبوون

لە داواکەری لجوئی سیاسی و

ئابووری و سێکسی و ئاینی

پێدەچێ من بە درێژایی ئەو ساڵانە

قولابم هەڵدابێ و

پەنجەرەم لە دەریای مردوودا جێگیر کردبێ.

•

بە پەیژەی هەورە خۆڵەمێشی و

شین و سوور و ئاگرینەکان

دەستم بە هەڵزنان کرد بەسەر ئاواتەکان

سەبر.. ئاگاداربوون

زانست.. زانیاریی

منداڵیی.. بەرائەت

سۆز.. بەهار.. پایز

هۆشمەندیی.. سرووش

کتێبە ئاسمانییەکان.. ئەفسانەکان

بەرخودان

بەرد

پێداگریی

خەیاڵ

باوەڕ بە خۆبوونێکی رەها

نەگەیشتمە هیچکوێ

جگە لە بۆشایی

چونکە هەنگاوی یەکەمم لەسەر شیعر نابوو.

•

بەیای باش ئەی غەم

ئەی شادیی

ئەی باران.. ئەی بەهار

ئەی پایز.. ئەی رق

هەمووتان پیلانتان لەسەر گێڕام و

وەک پێستی سەر ئێسک جێتانهێشتم

ئەوەم دەوێ کە دۆڕانێکی تەواو

منی بە دۆڕاندا

ئەوەی گەرووومی پڕ لە ئەشک و

ئەژنۆمی پڕ لە بەفر و

تەوێڵمی پڕ لە قانی مۆر و

ژوورمی پڕ لە تارمایی کرد

دەمەوێ تەنیابم لە خۆشەویستییم و

لە ئەشکەنجە و کبریا و

بەخشندەیی و رق و

لەسەر قەروێڵەمدا.

•

باران تەڕم دەکا و
_با_یەکان پێموە دەدەن و
شەپۆلەکان دوورم دەخەنەوە و
کفنەکان ڕاوم دەنێن و
نیشتمان بە درێژایی کات دەناڵێنێ و
منیش وەک دایکێکی
سەرسوڕماو وام
کە نازانێ هیچ بکا
جگە لە نوێژکردن و
لە باوەشکردنی کۆرپەکەی و
پەلەکردن
تا بەیانی دابێ.
•

برسییەتیی

قەهر

سەرما

خۆر

سۆز

وەفا

بەرد

زاکیرەیان نییە

تۆ زاکیرەت هەیە یا نا؟

من یادگەمم لە دەستنەداوە

نێرێک دوو بە قەد مێیێکە

تۆ دڵێکت هەیە

من دووان

تۆ بزەیەکت هەیە

من دووان

تۆ خاڵێکت هەیە

من دووان

تۆ فرمێسکێکت هەیە

من دوو فرمێسک

دڵێکت هەیە

من دوو، سێ، چوار

هەموو جیهانم هەیە و

تۆش تاکە میراتگری منی.

---

_محەمەد ئەلماغوت (1934_2006) شاعیری سوری.

_سەرچاوە: شرق عدن غرب الله

ئەدۆنیس

## گەڕەکی مەیدان

هاتم و
دەنگ هات و
شەو هات
ئاوێتەی ئاگر و
جەستەی رەنگەکان بووین و
وێنەی جوتێ مەمک و
رووخسارێکمان کێشا.
دەنگ کولێرەیەکی رەش بوو
شەو نالّە نالّ بوو
مانگیش رەنگپەڕیوێکی شکاو
لە ماڵێکی دارین
لە گەڕەکی مەیدان.

## شاعیرەکان

بێ شوێنن
جەستەی زەوی گەرم دەکەنەوە
کلیل بۆ فەزا درووست دەکەن
ماڵ و رەچەڵەکیان
بۆ ئەفسانەکانیان نەسازاندوە

نووسیویانە
وەک چۆن خۆر
مێژووی خۆی دەنووسێ

بێ شوێن...

## ئاوێنەی سەدەی بیستەم

تابووتێ رووخساری منداڵێ لەبەر دەکا
کتێبێ لە هەناوی قەلەڕەشدا دەنووسرێ
وەحشێ گوڵ و بەردی هەڵگرتووە و
هەنگاو دەنێ
شێتێ لە سییەکانمدا هەناسە دەدا:
ئەوەیە ئەوەیە سەدەی بیستەم.

## یەقین

گومانم نییە:
ئەو ئەسپانەی
کە بە ئەفسانە زین کراون
سوارەکانیان دەکوژن.

## ڕێگاکان

دوێنێم سبەینێیە و
گەردوونیش تەرتیلەیەکە
لە ڕووخسارمدا دەتوێتەوە و
خۆشەویستییشم دەتوێتەوە..
لە چاوەکانمدا بەرەبەیان لە دایکدەبێ
لە مندا هەموو ڕێگاکان دەستپێدەکا.

# نهێنی خۆمم هەیە

نهێنی خۆمم هەیە
تا بەسەر ماڵی عەنکەبوتدا ڕێبکەم
نهێنی خۆمم هەیە
تا لە ژێر برژانگەکانی خوایێدا بژیم کە نامرێ.
عاشقێکم لەنێو رووخسار و
دەنگی خۆمدا نیشتەجێم
نهێنی خۆمم هەیە
تا دوای مردنم نەوەیەک بنێمەوە.

## ئۆرفیوس

عاشقێکم و

بەردێ بەنێو تاریکایی دۆزەخدا

غلۆر دەکەمەوە

لەگەڵ ئەوەشدا

کاتێ کە لەسەر قەروێڵەی خوداوەندی قەدیم

ژوانم لەگەڵ بوونەوەراندا هەیە

دەدرەوشێمەوە

وشەکانم _با_ن

ژیان دەلەرێننەوە و

گۆرانییەکانم پڕووشکی ئاگرن

من زمانی خوداوەندێکم کە دێ

من ساحیری غوبارم.

## شێتایەتی

درۆیان کرد
هێشتا رێگام رێگامە و
ئەو شێتایەتیەش کە رێبەرایەتی کردم
میری شێتایەتییەکانە.

من گەورەی رووناکییم
بەڵام بۆ ئەوەی ئەوپەڕی مەوداکان بگرم
تاوێ خۆم رووت دەکەمەوە و
بە ناوی رووناکیمەوە
تاجێ دەخەمە سەرم و
دەبمە شا بەسەر تاریکییەکان.

## بۆدلێر

شیعرێ لە هەوەسەکانمدایە
لەنێوان پێڵوەکانم
لەسەر قەروێڵەکەم
شیعرێ جەستەیەکە
وەک خاکێکی غەریب
وەک خاکێکی دەستەمۆ
سێکسیش کراسێکە لە نوور.

## ـهەڵبژاردە لە قەسیدەی خولگەکانـ

ـ١ـ

ژیان
لە ماڵێکی فراوان
کە مەرگ پاسەوانییەتی
لەسەر کورسییەکی دێرین دادەنیشێ.
مەرگ
لە ماڵێکی تەنگ
کە بەشی هەنگاوێکی ژیان ناکا
لەسەر کورسییەکی نوێ دادەنیشێ.
دەی کوانێ کێشە؟

_٢_

ئەو عاشقەی
کە لەسەر قەروێڵەی برینەکانیدا دەخەوێ
هەرگیز خەبەری نابێتەوە
ئەوکاتە نەبێ
کە خۆی بە عاشقی
لەسەر قەروێڵەیەکیتردا دەبینێتەوە.

_٣_

ئاسان نییە مرۆڤ قۆناغی منداڵیی تێپەڕێنێ
دەکرێ پیربێ و هێشتایش هەر منداڵ بمێنێتەوە.
ئەگەر دەتەوێ بگەیتە قۆناغی پیاوەتی
پێوستە بژیت و بیر بکەیتەوە و کار بکەیت و
بێجیاوازی هەموو شتێ
ئاوێتەی هەموو شتێ بکەیت
جا راست دەبێتە چەپ و
رووناکیی بە تاریکیی و
دواوە دەبێتە پێشەوە یا بە پێچەوانەوە..
هەر بەڕاست دەتەوێ
منداڵیی تێپەڕێنی؟
یا خەون بەوە دەبینی
دەرزی رووگەی
ئەو کەشتییە چرادارە
لەسەر کەفی گومان بشکێنی
کە ئێمە پێی دەڵێین: زەمین.

_٤_

بەڵێ

کەس جگە لە خۆی

ئازادیی بۆ کەسیتر ناوێ

نا بۆ ئەوەی ئازادتربێ

بەڵکو بۆ ئەوەی

توانایی بۆ دوورکەوتنەوە زیاتربێ.

_٥_

قۆناغێکی دیکەی فێربوونی زمانەکان..
ئێستا فێریان دەبین
نا بۆ ئەوەی زیاتر
گەردوون بناسین و
نهێنییەکانی ئاشکراکەین
فێریان دەبین تا بتوانین
لەگەڵ شتە نەبینراوەکان بدوێین و
باش لەو دەنگ و وشانە تێبگەین
کە لە گەرووی مەلەکانی
دنیایەکی دیکەدا دێنەدەر
هەر ئەوەشە مەرجە یەکەمەکان
تا بزانین چۆن حاڵ و گوزەرانی ئاسمان
تەرجەمە بکەین و
چۆنیش بتوانین لە زەمیندا
لەناویدا بژین.

_٦_

_بە دەنگێکی نزم بدوێ.

_هێشتا لەوە نزمتر؟

_بەڵێ، گەرنا

تۆ بەوە تاوانباریت

کە سزای فەزا دەدەیت.

_٧_

مەلەکان

بە قوڕگەکانی

خۆیانیان گوت:

عینادی مەکەن

بڕیارماندا

واز لە گۆرانی گوتن بێنین.

ـ٨ـ

لە بارەی خۆرەوە مەنووسە
ناوی چۆتە لیستی قەدەغەکراوان.

ـ٩ـ

جارێکیش خەونی نەبینیوە
کە خەون گەڕانەوەبێ.
هەمیشە خەونی بینیوە و
خەون دەبینێ
کە خەون سەفەربێ.

_١٠_

ئەگەر مەبەستتە
بەوە بڕوام پێبێنی
کە _با_ دەیڵێ
ئەوە بورهانەکانت
لەسەر ئاودا بنووسە.

_١١_

ئەو شانۆگەریە درێژەی
ئەمڕۆ لەسەر زەمینی عەرەبیدا
تەمسیل دەکرێ
بۆ ئەوە نییە
چۆن رووناکییەکی نوێ دابهێنین
بە پێچەوانەوەیە
بۆ ئەوەیە چۆن
هەموو رووناکییەکان
بکوژێنینەوە.

_١٢_

ئایە بەرەو پێشەوەچوونی
ڕووداوەکان بەسە تا بگوترێ:
بە فەزڵی بەهاری عەرەبی؟
بە تایبەتیش
کە مرۆڤەکان
لەو ناوچە عەرەبیانەدا
ڕێگایەکن بەرەو ئومێدێک
کە هیچ ڕێگایەکی نییە.

_١٣_

شاندێک لە هەڵۆ
دانوسان لەگەڵ فەزا دەکەن
بۆ لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی
بەرەو دارستانی خودە و
خەندەق و
جۆرەها چەکی لەناوبەر.

_١٤_

دەڵێی:

ئەو جەنگە

جەنگی تۆ نییە

کەوایە بۆچی بەرانبەر

ئەو ماڵەی لێی لە دایکبوویت و

لە گۆڕەپانی ئەو شارەی

کە دەڵێی شارمە،

دادەگیرسێ؟

_١٥_

ئەو ئەستێرانەی لە سارادا

رێناسمان بوون

تا بە یەک بگەین و

لە شەودا قسە بکەین

حیجابیان کرد و

برۆ و

نینۆکی

دەست و

پێیەکانیان

بە خەنەی تۆبە

رەنگڕێژکرد.

_١٦_

به تووڕەیی و گریانەوە گوتی:

بۆچی نازانین

جگە لە وێرانەیی و

ئەو قسانەی کە دەناڵێنن و دەگرین

هیچ شتێکی دیکە دابهێنین؟

---

_ئەدۆنیس (1930_    ) شاعیری سوری.

_سەرچاوە: adab.com

kapitalis.com

غادە ئەلسەمان

## جوانییەکانی خیانەت

ئەو خیانەتانەتم خۆشدەوێ
کە لێمی دەکەیت
ئەوە دووپاتی دەکاتەوە
کە تۆ زیندوویت و
درۆت پێناکرێ و
ماسک ناپۆشیت.
ماسک زیاتر ئازارم دەدا
لە ئازارم بەدەست خیانەتەوە.
خۆشمدەوێی چونکە تۆ دژیەکی
چونکە لە پیاوێک زیاتری
چونکە تۆ هەموو میزاجەکانی

له چرکەساتی داگیرساندا
ئازاری بێگوناهتم
کە منی پێ ئازار دەدەی
خۆشدەوێ و
کەڵبەکانیشت کە پیسیی
خوێنمژەکان ناپرژێنێ.
خەنجەر وەشاندەکانتم خۆشدەوێ
چونکە هیچ جارێ
لە پشتەوە نەهاتوون و
لەگەڵ شاعیرێکی داهێنەری وەک تۆ
بە خەیاڵپەرشیمەوە
لەبەر شێتایەتیت
پڕ بە پێڵوەکانم دەخەوم
تۆ هێشتا منداڵێکی پاکیزەیت
لە وڵاتێ کە نینۆکەکانی خەنجەرن
دەسکێشی سپی لە دەستکە
خۆشمدەوێی چونکە
بە پێدزکێوە لە شکۆت رادەکەیت

تا بگەڕێیتەوە و
سواڵ لە دەرگاکانی شەوق بکەیت.
خۆشمدەوێی چونکە لەگەڵ تۆ
بەرەو خولگەی هەسارەکانی
ئەفسانە و سەرسامیی هەڵدەزنێم.
خۆشمدەوێی چونکە
کاتێ بە یەک دەگەین
دەتوانم لە قسەی نێوان
نەورەسەکان و دەریا تێبگەم
پیاوێکی وەک تۆ
بە دەیان ژنیش رکێف ناکرێ
چۆن دەکرێ بە یەکجار
من هەموویان بم
ئەی خۆشەویستەکەم؟

## ژنی دەریا

بە تەباشیر بازنەیەکی
لەسەر دیوار کێشا و گوتی:
لە ناوەڕاستیدا بوەستە.
یەکسەر بەرەو شەقامەکانی
کەنار دەریا رامکرد.

بە توڕەییەوە دوام کەوت
بە توڕییەوە بەسەرمیدا قیڕاند،
گلەیی کرد و گوتی:
ئەو بابەتە جددیە
پەخشەکە راستەوخۆیەوە و
پێویستە لەگەڵی بگەڕێمەوە ستۆدیۆ
تا لە ژێر بازنەی رووناکیی
لەناوەڕاستی بازنەکەدا بوەستم.

گوناح و بێتاوان
وەک سواڵکەرێکی زستانە
هەوڵمدا پێی بڵێم:
منیش هەروەها بە جدیمە..
بەڵام هەرگیزاو هەرگیز
رێگا نادەم لەناو
بازنەیەکی رەسم کراو بە تەباشیر
لەسەر دیوارێک لە دیوارەکان
زەمینێک لە زەمینەکان
شانۆیەک لە شانۆکان.. زیندانیم بکا.
رێ نادەم نە بەناوی خۆی..
نە بەناوی خۆشەویستی و
نە بەناوی ناو بانگ و
نە بە ناوی هیچ کەسێ
زیندانیم بکا.

ها دڵم ببە.. وەک سێو گەززەی لێدە
بەڵام سجنم مەکە لەناو بازنەیەکی داخراو.

ئەها من بۆ یەکەمجارە تێبینی دەکەم
حەرفی یەکەمی ناوت
بەشێکە لە بازنە
بەردەوام مەبە
لە رەسمکردنی بە دەوری مندا.

کاژێر بازنەییە
بەڵام لمی زەمەن
بیابانگەلێکە لە نهێنی
گاڵتەی بە شێوە هەندەسییەکان دێ و
منیش رقم لە بازنەیە و
رقم لە چوارگۆشە و سێگۆشەیە و
دەچمە خۆپیشاندانیش
دژ بە لاکێشە و لاتەریب و

هەموو ئەو شتانەی
کە وەک زیندان داخراون.
تەنیا خاڵی جولاوم خۆشدەوێ
بەڵام دوو هێڵی تەریب
خەمم دەورژێنن
کە تاهەتایی بێ پێکگەیشتن رادەکەن
بێ ئەوەی هیچ شتێ
لە نێوانیان و لە خۆیان بیانگۆڕێ.
بەرەو کەناری دەریا لێت رادەکەم
بە تەنیا دەوەستم و
بە تەباشیری ئازادی
بازنەیەکی ناداخراو رەسم دەکەم
ئەو لایەی کراوەبێ
کە روو لە دەریا و ئاسۆیە
خۆم هەڵدەدەمە ناوی
لەوێوە بەرەو دەریا رادەکەم
دەریا .. دەریا.. دەریا..دەریا..

## خۆشەویستییێکی نەرجسی

هەر بەڕاست ئەوە خوێنە
بە دەمارەکانتدا دێ و دەڕوا
یا هەنگوین؟
کاتێ بە شەهوەتەوە
دادەگیرسێم
تا بۆت بنووسم
بەرانبەرم حوبر لە حوبردان
وەک بۆیلەر بەرز دەبێتەوە و
قەڵەم لە دەستمدا دەبێتە مەشخەڵ
کازیوە بانگم دەکا: ئەی نەرجس
رووخسارم لە ئاوی
دەریاچەیەکی روون
نزیک دەکەمەوە و
باش رادەمینێم
رووخساری تۆ دەبینم.

## شاهێدی لەسەر

## پەنجەمۆری شاعیر دەدەم

خۆشەویستەکەم
دیوانی شیعری خۆی بۆ ئیمزاکردم
دواتر دەریا و ئاسۆی بۆ ئیمزاکردم
درەختەکان و گوڵەکان و چۆلەکەکانی بۆ ئیمزاکردم
خۆر و مانگ و دڵۆپەکانی بارانی بۆ ئیمزاکردم
شۆستە و کافتریا و پێکەنینی منداڵانی بۆ ئیمزاکردم
قەڵەمی منی ئیمزاکرد دواتر منی ئیمزاکرد و رۆیشت.

خۆشەویستەکەم
بەسەماتی لەسەر شەو جێهێشت و
ئەسترەکان لە دایکبوون.

لە درەختێ رادەمینێم رادەکا و

ماسیێ لەسەر شۆستە دێ و دەچێ و

کیسەڵێ سەدەفی دادەکەنێ و

وەک کەروێشک نەرمەغار دەکا و

پشیلەکان بە ئەمانەوە

سەما بە مشکەکان دەکەن.

رێوییێکی رووخۆش بە کلکی

ملی پیرەمێردێکی مەستی پاریسی

گەرم دەکاتەوە

ژیان کەمێ گۆڕاوە

ئایە ئەوە مانای ئەوەیە کە من عاشقم؟

## شاهێدی لەسەر یاخیبوون دەدەم

داوای بەخشینت بۆ ناکەم
پیلانت لەسەر قووڵایی ناخم گێڕا و
هاتوچۆت لە شەقامەکانی
تەمەنم قەدەغە کرد و
"ئەحکامی عورفیت"
لە تۆڕی دەمارەکانم ڕاگەیاند و
ئەها وا دەمبینی من دیلی تۆم
لە نێو سووڕی خوێنت
بە کەلەپچەکراوییەوە ڕادەکەم
وەک مەلیکە زەنوبیای داپیرم
کە لە شەقامەکانی ڕۆما ڕایدەکرد.

داوای بەخشینت بۆ ناکەم و
سزاگەلێک سزات دەدەم
هەرگیز لەبیری نەکەیت: هەر خۆشمدەوێی.

## هاوڵاتی

چەند جارێ سێ جۆریانم خۆشویست
یەکەمیان خائین بوو
دووەمیان ترسنۆک بوو
سێیەمیان مار و
هەر سێکیشیان هی نیشتمان بوون.

## خۆشەویستی قەدیمم

لەو رۆژەی کە تۆم تیا ناسی
ماسییەکان لە فەزادا دەفڕن و
چۆلەکەکان لە ژێر ئاودا مەلە دەکەن و
کەڵەشێر لە نیوەی شەودا بانگدەدا و
خونچە لق و پۆپی زستان سەرسام دەکا و
کیسەڵەکان وەک کەروێشکەکان باز دەدەن و
گورگ لە دارستان بە خۆشییەوە
سەما لەگەڵ لەیلە دەکا و
مەرگ خۆی دەکوژێ، نامرێ.
لەو رۆژەی کە تۆم تیا ناسی
من لە یەک کاتدا پێدەکەنم و دەگریم
نیوەم رووناکییە و ئەویترم تاریکیی
هاوین و زستان لەسەر یەک روون و
لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بێ
کە هێشتا خۆشمدەوێی.

## جوانییەکانی جیابوونەوە

خۆشەویستییمان پەلکەزێڕینەیە
بە خۆری گوت:
زۆر هەڵمێ ئەگەرنا کۆچ دەکەم
بە تەواویش نادیار مەبە
ئەگەرنا کۆچ دەکەم
من خۆشەویستییەکی گەورەم
ویساڵی گەورە و
فیراقی گەورە
هەردووکیان دەمکوژن.

_غادە ئەلسەمان (1942_ ) ژنە شاعیری سوری.

_سەرچاوە: adab.com

ئەحمەد مەطەڕ

## من دزی ماڵی خۆمم

دزێ بە پێدزکێوە هاتە ماڵم
کاتژمێر و مەرکان و
ملوانکەی دزی لە ماڵم
لە هەموو شوێنێ
لە بازاڕەکان
لە زیندانەکان بە دوایدا گەڕام
بەڵام نەمدۆزییەوە
تا بۆ خۆم بگەڕێنمەوە ماڵم
بڕیارمدا بچمە لای پۆلیس
تا دەستگیریکا
ئەو دزەی
کە دزی بووی ماڵم
چوومە لای سەرۆک پۆلیس
دەستمکرد پێیبلێم من

بینیم سەعاتێکی لە دەستە
لە هەمان سەعاتی ماڵم
گوتم: ببەخشە گەورەم
دەڵێی ئەو دزەتان گرتووە
کە دزیویەتی ماڵم؟
ئەو سەعاتەی لە دەستی تۆیە
لە باوک و باپیرم بۆماوەیە
سەیری کردم بە پیسیی
گوتی: پاسەوانان
ببیەنە سجنی تاکەکەسیی
دوای ساڵێ ئازاد کرام
بڕیارمدا بچمە لای قازی
تا سکاڵا لە سەرۆکی پۆلیس و
ئەو دزە بکەم کە نێرداوەتە ماڵم
لە دادگە راوەستام بەرانبەر قازی
- دەگەڕێم بە دوای حەق و ماڵم..
لە بەرانبەریدا
مەرکانی گوڵەکانی خۆمم بینی

گوتم: جەنابی قازی
ئەو دزەتان گرتووە
کە دزیوەتی ماڵم؟
ئەو گوڵدانە هی منە جەنابی قازی
هەمیشە گوڵەکانمم تیا دەئاخنی
هەموو بێدەنگبوون تەنانەت منیش
کاتێ هاواری کرد قازی
پاسەوانان ئەو شێتە لادەن لەبەر چاوم
فێری بکەن چۆن رێزی لێدەگیرێ قازی
دوای ساڵێ یا دوو ساڵ
بیرم کەوتەوە من لای جەنابی قازی
خێرا بەرێکەوتم بۆ لای جەنابی والی
بە وردی هەموو شتم بۆ شیکردەوە
گەورەم وام بەسەرهات
هەموویان بوونە دوژمنم
دز و سەرۆک پۆلیس و
دادگە و قازی
بە بزەوە تەماشای کردم والی

گوتی: دەترسم بڵێی
ملوانەکەکەت ئەوەیە
کە لە ملیدایە والی
سەیری ملوانەکەی خۆم کرد لە ملی والی
دواجار فێری دەرسێ بووم
من وهەرچی هەمە
موڵکن بۆ والی
دز هەرگیز نەچۆتە ماڵم
بەڵکو منبووم دزبووم لە ماڵم.

## جەژن

چیرۆکبێژ گوتی: خەڵک سێ جەژنی هەیە
جەژنی رەمەزان و
جەژنی قوربان و
سێیەمیشیان جەژنی میلاد.
جەژنی رەمەزان دوای رۆژووگرتن دێ
جەژنی قوربان دوای رەجمکردن دێ
بەڵام جەژنی لە دایکبوون
لە سعاتی لە سێدارەدانی جەللادەوە دێ.
پێیگوترا: لە چ وڵاتێ؟
چیرۆکبێژ گوتی:
لە تونسەوە هەتا تەتوان
لە سەنعاوە هەتا عەمان
لە مەککەوە هەتا بەغدا
چیرۆکبێژ کوژرا بەڵام ئەی مردووەکان
چیرۆکبێژ فێری کردن کە چییە نهێنی میلاد.

## سەختتر لە لەسێدادان

لەسێدارەدان
سووکترین سزایە
کە تاکی عەرەبی وەریدەگرێ.
_بۆ لەوە سەختتر هەیە؟
_بێگومان، لەو سزایە سەختتر ئەوەیە
لە نیشتمانی عەرەبیدا بژیت.

## بەرانبەر دیوارەکان

دوو گریمانە

بەرانبەر شاعیری ئازاد هەیە

ئەگەر رووبەڕووی

دیوارەکانی بێدەنگی ببێتەوە

گریمانەکان ئەوانەن:

یا دەمرێ

یانیش دەمرێ.

## مەسەلەی باوەڕ

بە ژنەکەی گوت: بێدەنگبە و

بە کوڕەکەشی گوت: دەنگت دەرنەچێ

دەنگتان بیرکردنەوەم دەشێوێنێ

یەک وشەش چییە مەیدرکێنن

دەمەوێ لەسەر ئازادیی رادەربڕین بنووسم.

## موعجیزە

خاڵم مرد.. هەر ئاوا
بێئەوەی تیرۆر بکرێ
بێئەوەی بە هەڵە لە سێدارە بدرێ
بێئەوەی لە زینداندا ژەهرخوارد بکرێ و
بە رێککەوت لە خۆیەوە بکەوێ
خاڵم مرد
مردنێ سەیرتر لەوەی لە خەیاڵدا هەبێ
بە نهێنی رۆحی خۆی دایە عیزرائیل
دەوردراو بە ئەمان و
بە ئازادیی رۆیشت
ناشتمان و گەڕاینەوە تا لە کەسوکارمانەوە
باڵاترین پیرۆزبایی وەرگرین.

---

_ئەحمەد مەطەڕ (1954_2014) شاعیری عێراقی.
_سەرچاوە: adab.com

جویس مەنصور

## ژنێکی رەشپێستی مردوو

## لەسەر لمی سپی

لەسەر لمی سپی
ژنێکی رەشپێستی مردوو
بێ بیر و بۆن و پۆشاک
_با_ بەنێو رانەکانیدا رەتدەبێ
خۆر فشار دەخاتە
سەر لێوە سووتاوەکانی.
لەسەر کەمەری رووشاویدا
لەسەر چاوە کراوەکانیدا
شەپۆلی پیس
بە هات و چوونی
لەزەتی خۆی نێچیر دەکا.

## داوەتمکە بۆ

## بەسەربردنی شەوێک لە دەمتدا

داوەتمبکە بۆ بەسەربردنی
شەوێک لە دەمتدا
قسەی گەنجەکانی رووبارانم بۆ بکە
بە زمانم فشار دەخەمە
سەر چاوە شووشەییەکانت
رانتم بدێ وەک ئەوەی شیرەخۆربم و
با بخەوین ئەی برای برام
ماچەکانمان لە شەو، خێراتر دەمرن.

## با مەمکەکانم گێچەڵت پێبکەن

با گێچەڵت پێبکەن مەمکەکانم
ئارەزووم بۆ تووڕەکردنت ئەوەیە
چاوەکانت ببینم گران دادێن و
گۆناکانت سپی و
بێهێزیی رووتیان بکاتەوە
من داوای ئۆرگازمت لێدەکەم؟
دەمەوێ لەنێو رانەکانمدا بتەقیتەوە و
لەسەر خاکێکی بەرهەمدار
هەوەسەکانم
بە جەستەی بێ حەیات تێر بکەیت.

## سێبەرت بێ دەمە

سێبەرت بێ دەمە
ژوورت بێ دەرگا
چاوەکانت بێ نیگا و
بێ رەحم و بێ رەنگ
ئەو هەنگاوانەی کە شوێنەواری
جێناهڵێن و دەیهاوێژی
سێرە لە نوور گرتنێکی
پڕ لە دەنگە شەڕانگێزەکانە
کە دۆزەخمە.

## سەرتم کردەوە

سەرتم کردەوە
تا فکرەکانت بخوێنمەوە
چاوەکانتم بە ددانەکانم شکاند و خواردم
تا لەزەت لە نیگاکانت ببینم
خوێنتم خواردەوە
تا ئارەزووت بناسم و
لە جەستەی موچڕکەداریشت
خواردنی خۆمم لێنا.

---

_جویس مەنصور (1928-1986) ژنە شاعیری بە رەچەڵەك مصری..

_سەرچاوە: adab.com

عەدنان ئەلصائغ

## تێکستەکانی سەری ساڵ

_1_

لە شەقامەکانی سەری ساڵدا
بەفر دادەبارێتە سەر دڵم
من تەنیام و
بە هەموو ئەوانە دەورەدراوم
کە ئیتر دیارنەماون.

_2_

هەموو ساڵێ
باسکەکان یەکتر لە ئامێز دەگرن
من لە پەنجەرەی مەنفاوە
لە نیشتمانم رادەمینێم
وەک چۆلەکەیێ کە لە پشت
شیشەی قەفەزیەوە
نیگای پەرتەوازەی دەگرێتە بەهار.

## _3_

هەموو ساڵێ
بابە نوئێڵ
بەرانبەر دەرگای نیشتمان دەوەستێ و
لە دەرگا دەدا
لە دەرگا دەدا و
کەسێ نییە..
باوکەکان چوونەتە راستەڕێکانی جەنگ
دایکەکان لە مەنجەڵە بەتاڵەکاندا
پەکیان کەوتووە
جەنەڕاڵەکان چوونەتە ئیزاعە
وتار و پیرۆزبایی پێشکەش دەکەن و
منداڵەکانیش بێئومێدبوون
لە تەک بەرمیلەکانی گووفەک خەوتن
خەون بە دیاریگەلێک دەبینن
کە شیاوی منداڵیی دواخراویان بێ.

## داستانی نیشتمان

پەیکەری جەنابی سەرۆک
هەستی بە هیلاکی کرد
بۆیە لەسەر پایەی زێڕینی خۆی دابەزی.
وەفدەکان و گوڵەکان و
سروودی منداڵەکانی جێهێشت و چوو؛
پیاسەیێ بەنێو ئەو کەسانەدا بکا
کە بە هەڵچوونەوە
چەپڵەیان لێدەدا و دەیانگوت:
_ بە روح.. بە خوێن.. فیداتین ئەی ..._
پەیکەرەکە بوژایەوە..
کە پەیکەرەکانیتر بەوەیان زانی
ئەوانیش دابەزینە نێو گۆڕەپانەکان و
کردیانە شەڕ لەنێوان خۆیاندا
خەڵک تەماشای دەکردن و
کەسیش نەیاندەزانی کامەیان جەنابی سەرۆکە.

## پارچەیێ نیشتمان

مەلیک بە شڵەژانەوە سەیری سەربازەکانی دەکا
کە لە هەموو لایێ گەمارۆدراون
چەکی قورس پاسەوانەکانی کۆشک دەکوتن و
مەلیک هاوار دەکا: کوا ئەسپەکانم؟
_کەوتن گەورەم.
_کوا وەزیری دەوڵەت؟
_گەورەم لە یەکەم رووبەڕووبوونەوەدا
لەگەڵ ژنەکەتدا رایکرد.
مەلیک گەرووی وشکبوو
تاجی زێڕینی راستکردەوە و
لەسەر لێوەکانی بزەیەک هەبوو:
_بەڵام کوانێ میللەتە باشەکەم؟
ئەوانەی لەوێ وەستابوون لە پێکەنیندا تەقینەوە
_گەورەم تاخیربووی لەوەی کە ئێمەت بیرهاتەوە
ئێمە هیچمان بۆ نەماوەتەوە جگە لەوەی کە چەپڵە
بۆ سەرکەتووی نوێ لێدەین.

## قەسیدەکانی باران

_1_

دڵۆپەکانی باران

دزە دەکەنە ژێر کراست

هەنگوینی گۆپکەت دەلێسنەوە و

منیش بەرانبەر شووشەی پەنجەرە

ئەسرینی باران دەلێسمەوە.

_2_

باران سپییە و

خەونەکانی منیش سپی

ئایە شەقامەکان جیاوازیان پێدەکەن؟

باران حەزینە و

دڵی منیش حەزین

ئایا کامیان پڕ لە ژانترە

کاتێ پێی رێبواران وردوخاشیان دەکا؟

_3_

باران پرد دەبڕێ
پیادەکان پرد دەبڕن
هەورەکان پرد دەبڕن
سەیارە گەوەکان پرد دەبڕن
ئەی پرد، ئەی دڵی من
تۆ تاکەی ئاوا بە دابەشکراوی
لەسەر رووبار دەمێنێیتەوە و
ناچیتە لێوارەکەیترەوە؟

---

_عەدنان ئەلصائغ (1955_    ) شاعیری عێراقی
_سەرچاوە: adab.com

ریتا عودە

## فراوانبوون

خەون دەبینم تا بژیم

دەژیم تا خۆشەویستیی بکەم

خۆشەویستیی دەکەم

تا مرۆڤبوون زیادبێ

زیادبوونی مرۆڤبوون بۆ ئەوەیە

تا زیاتر خۆشتبوێم.

## شاری خەونەکان

وەک ماسیێ
لە دەریای وشەکاندا
مەلە دەکەم
فەیرۆزی زمان
نێچیر دەکەم و
قولابی بێتاقەتی
راوم ناکا.

## باڵی خەون

وەک مەلێکی ماڵیی
مەیە نێو قەفەزی دڵم
ئازادبە ئازاد
بەرز بەرز بفڕە
چونکە من تەنیا بەو جۆرە
دەتوانم عاشقت بم.

## هاوسەرگیری رۆحی

بەرانبەر میحرابی عاتیفە

ژن و پیاوێ رایانگەیاند

لە خۆشی و ناخۆشیدا

لە بەلەمی خۆشەویستیدا

دەست لە نێو دەست

ئاڤدەژەنین و

دڵ بە دڵ

شەمەندەفەری رۆح لێدەخوڕین و

منداڵەکانمان شیعرەکانمانن

دروشمیشمان ئێستا و هەموو کاتێ

راوکردنی تیشکی خەونە.

ئامین.

## قەدەغەی هاتوچۆ

به ئازادیی هاتمه
نێو شاری بیرکردنەوەکانت
سەربازێکی راگوزەر منی وەستاند و
هاواریکرد: ناسنامەت
کاتێ زانی من عەرەبم
دەستی بەسەر خەونەکانمدا داگرت.

**چرپە**

ئەوتەن برینەکانم
بە سەلامەتی
بڕۆنە ناویان.

---

_ریتا عودە (1960_ ) ژنە شاعیری فەڵەستینی.
_سەرچاوە: adab.com

راشد حسێن

**لە نیویۆرک**

بە مردوویەتی دەڕوا
بە تەلەفۆن دەپرسێ: ئایا برادەرەکان ماون؟
رقی لەوە دەبێتەوە بە ژناندا هەڵبلێ
ئێرە پڕە لە ژن بەڵام تۆ هێشتا
ئەو کچەت خۆشدەوێ کە لە بیابانەوە هاتووە
لە نیویۆرک دەژی
کاتێ برسیت دەبێ
یا برادەرانت دەمرن شیعر دەنووسی
برادەرەکانت کۆتاییان هات
مردن هێندەی بە دۆلارەکانیاندا هەڵبلێن
بێ ئەوەی ناویان بمێنێ مردن
بۆیە بەردەوام دەبیت
لە نووسینی شیعر
لە شیعردا دەمریت
لە شارێ بە بێ برادەر.

## له حاڵەتی جەنگدا

شیعرم لە حاڵەتی جەنگدایە
خۆشەویستییم لە حاڵەتی جەنگدایە
زەیتونی باوکم لە حاڵەتی جەنگدایە
چییان بۆ جێهشتووم جگە لەوەی کە بڵێم:
من لە حاڵەتی جەنگدام؟
بەڵام...
شیعر دەژیێ
شیعر دەمرێ و
گەلیش تا ئەبەد
لە حاڵەتی جەنگدا دەمێنێ.

---

_راشد حسێن (1937_1977) شاعیری فەڵەستینی.

_سەرچاوە: adab.com

عەبدولعەزیز جوەیدە

## دواین شت کە پێی گوتم

گوتی: عومرم مەڕۆ
تکایە کەمێ بمێنەرەوە
لەسەرخۆ بیر لە دڵم بکەرەوە
ئەگەر هەر دەتەوێ ماڵئاواییم لێبکەیت و
جەخت لە ڕۆیشتنت دەکەیتەوە
بەر لە ڕۆیشتنت فێرمکە
فێرمکە رووخسار و
نەوای گەرمی نێو دەنگت لەبیرکەم
تا پێتبڵێم: ئەی عومرم تۆ یەکەم کەسیت
کە فێری خۆشەویستیی و
فێری چۆنییەتی لەبیرکردنت کردم.

---

_عەبدولعەزیز جوەیدە (1961_ ) شاعیری میسری.
_سەرچاوە: adab.com

ئەحلام موستەغانمی

**بێ دڵ.. بێ تەمەن**

هەندێجار من

لە پشت بیرەوەرییەکانماندا

ڕێدەکەم و نازانم کە خۆشەویستیی

ئەی خۆشەویستم

بێ دڵە.. بێ تەمەنە

بیرت دەکەم لە ئیمانداو، لە کفردا

لە ترس و تۆقینمدا

غەسبەن لەسەر خوا و چەرخ

بیرت دەکەم

چونکە تۆش وەک من دەژیت

بە بێ دڵ.. بە بێ تەمەن.

---

_ئەحلام موستەغانمی (1953_ ) ژنە شاعیری جەزائیری.

_سەرچاوە: adab.com

ئونسی ئەلحاج

## **هەوری خۆر**

دەستی لەسەر کەمەری
دەیکاتە گوڵ.
هەوا لەسەر رووخساری
دەیکاتە پەپوولە
پێکەنین دەیکاتە شەپۆل
غەم وەک خۆرێ
لە پشت هەور دەیهێڵێتەوە
لە دزەکان دەیپارێزێ.

---

_ئونسی ئەلحاج (1937_2014) شاعیری لبنانی.
_سەرچاوە: adab.com

سوعاد ئەلسەباح

## ساڵێکی شاد

ساڵێکی شاد..
ساڵێکی شاد..
من پێمباشترە
بە یەکتر بڵێین:
خۆشەویستییێکی شاد..
وشەکان چەند بەرتەسک دەبن
کاتێ وەک ئەوانیتر دەیاندرکێنین
من نامەوێ عاتیفەکانم
لە ئومێدی ئەوانیتر بگوازمەوە
من خۆشەویستیی
نێو پۆست کارتەکان رەتدەکەمەوە
من لە دەسپێکی ساڵدا خۆشمدەوێی

من لە کۆتایی ساڵدا خۆشمدەوێی
خۆشەویستیی
لە هەموو قەیرانەکان گەورەترە
خۆشەویستیی
لە هەموو شوێنێ پێشوازی لێدەکرێ
بۆیە پێمباشترە
بە یەکتر بڵێین:
خۆشەویستییێکی شاد..
خۆشەویستیی شۆڕش بەسەر
کەشە شانۆگەریەکانی ئاخاوتن دەکا
شۆڕش بەسەر رەچەڵەکدا دەکا
بەسەر رەگەکان
بەسەر سیستەم
خۆشەویستیی هەوڵدەدا
هەموو شتێ
لە فەرهەنگی ئەڤینداریدا بگۆڕێ.

## هەوڵدە دامبهێنە

ماندووبووم

لە قسەی دووبارە

لە بارەی خۆشەویستییەوە

ماندووبووم

لە غەزەلی مردووان و

گوڵی مردووان و

هەموو شەو دانیشتن

لەسەر مێزی عیشا

لەگەڵ قەیسی کوڕی ملەوەح و

جەمیل بوسەینە و

هەموو ئەندامە هەمیشەییەکانی

یانەی خۆشەویستیی پاک

هەوڵدە کەمێ لە _نەص_دەرچە

هەوڵدە دامبهێنی.

## له توانامدابوو

دەمتوانی وەک هەموو ژنانی زەمین
بە ئاوێنەدا هەڵبڵێم
دەمتوانی لە گەرمایی جێخەومدا
کافێ بخۆمەوە و
لە تەلەفۆندا چەنەبازیی بکەم
بێئەوەی هەست بە ڕۆژگار و
کاژێرەکان بکەم
دەمتوانی جوانکاریی بکەم
کل لە چاوم بکەم
خۆم بەناز بکەم
خۆم بدەمە بەرخۆر و
وەک هەموو حۆرییەکان
لەسەر شەپۆلدا سەما بکەم
دەمتوانی خۆم
بە فەیرۆز و یاقووت بڕازێنمەوە و
وەک شاژنەکان مێبوونم بنوێنم

دەمتوانی هیچ شتێ نەکەم
نە شتێ بخوێنمەوە و نە شتێ بنووسم و
خۆم بۆ جل و بەرگ و
گەشت و رووناکییەکان تەرخان بکەم
دەمتوانی رەفز نەکەم.. تووڕە نەبم
بە رووی مەرگەساتدا هاوار نەکەم
دەمتوانی فرمێسکم قووتدەمەوە و
پێشێلکارییەکان قووتدەم و
خۆم لەگەڵ هەموو
ژنە زیندانییەکاندا بگونجێنم
دەمتوانی خۆم لە پرسیارەکانی مێژوو لادەم و
لە خۆئەشکەنجەدانم رابکەم
دەمتوانی ئاه و ناڵەی
هەموو غەمگینەکان و
هاواری هەموو نەدارەکان و
شۆڕشی هەزاران مردوو بەلاوە بنێم
بەڵام خیانەتم لە یاساکانی مێ کرد و
رووبەڕووبوونەوەی وشەکانم هەڵبژارد.

## پیاوێ دەناسم

لەنێو هەموو پیاوانی دنیا
پیاوێ دەناسم
مێژووم دوو لەت دەکا
داگیرم دەکا
ئازادم دەکا و
لەنێو دەستە بەهێزەکانیدا
حەشارم دەدا.

لەنێو هەموو پیاوانی دنیا

پیاوێ دەناسم

لە خوداوەندی گریک دەچێ

برووسک لە چاوەکانیدا

دەدرەوشێتەوە

باران لە دەمیدا دادەکا

پیاوێ دەناسم

کاتێ لە قووڵایی دارستاندا

ستران دەچڕێ

درەختەکان دوای دەکەون.

پیاوێکی ئەفسانەیی دەناسم
لە ژێر پاڵتۆیدا گەنم دەردەچێ و
گیا سەوز دەبێ
نێوان برژانگەکان دەخوێنێتەوە
ژێر برژانگەکان دەخوێنێتەوە و
مۆسیقای چاوەکانیش دەبیستێ
لەسەر بەفر و
لەسەر ئاگر
لەگەڵیدا رێدەکەم
سەرباری شێتییەتی _با_ و
قاقای گەردەلوول
وەک کەروێشکێ
لەگەڵیدا رێدەکەم و
ناشپرسم بەرەو کوێ.

پیاوێ دەناسم

تۆوی نێو ڕەحمی گوڵیش دەناسێ

هەزاران نهێنی دەزانێ

مێژووی ڕووبارەکان دەزانێ

ناوی گوڵەکان دەزانێ

لەنێو هەموو میترۆکان و

وێستگەکانی شەمەندەفەردا دەیبینم

پیاوێ دەناسم

کاتێ دەڕۆم

وەک قەدەر دوامدەکەوێ.

لەنێو هەموو پیاوانی دنیا
پیاوێ دەناسم
وەک ئیسرا بە تەمەنمدا ڕەتبوو
زمانی گیا و
زمانی خۆشەویستیی و
زمانی ئاوی فێرکردم
زەمەنی وشکەڵاتووی
لە دەورم شکاند و
ڕێکخستنی شتەکانی گۆڕی.

پیاوێ دەناسم
ژنایەتی لە ناخمدا واگا هێنا
کاتێ پەنام بۆی برد
بیابانی لە دڵمدا نەهێشت.

**خوێندنەوەیەکی نائاسایی**

لە راستەوە بۆ چەپ مەمخوێنەوە
وەک رێنووسی عەرەبی و
لە چەپەوە بۆ راست مەمخوێنەوە
وەک رێنووسی لاتینی و
لە سەرەوەیش بۆ خوارەوە نا
وەک رێنووسی چینی..
بە ئاسانی بمخوێنەوە
وەک چۆن خۆر پەلکە گیا دەخوێنێتەوە و
وەک چۆن چۆلەکە کتێبی گوڵ دەخوێنێتەوە.

---

_سوعاد ئەلسەباح (1942_ ) ژنە شاعیری کوێتی.

_سەرچاوە q8yat.com

_adab.com

_mnaabr.com

نزار قەبانی

**ژیاننامەی**

**شمشێروەشێنێکی عەرەبیی**

1

ئەی خەڵکینە

منم ئێستا سوڵتانی ئێوە

دوای گومڕابوون

بتەکانتان بشکێنن و من بپەرستن.

من هەموو کاتێ خۆم دەرناخەم

لەسەر شۆستەی سەبر دانیشن

تا سەیرم بکەن

منداڵەکانتان بێ نان و

ژنەکانتان بێ خودان جێبێڵن و

دوام بکەون..

ستایشی خوا بکەن بۆ ئەو نیعمەتە

خوا منی ناردووە

تا مێژوو بنووسم و

مێژووش بە بێ من نانووسرێ..
من یوسفم لە جوانییدا
خوا هەرگیز پرچێکی زەردی
وەک پرچی من و
نێوچەوانێکی پێغەمبەرانەی
وەک نێوچەوانی من نەخولقاندووە
چاوەکانم دارستانی زەیتون و باوین
هەمیشە نوێژ بکەن
تا خوا چاوەکانم بپارێزێ
ئەی خەڵکینە من مەجنونی لەیلام
ژنەکانتا بنێرن تا زگیان لە من پڕبێ و
مێردەکانتان بنێرن تا سوپاسم بکەن
شەرەفە، گەنمی جەستەم بخۆن
شەرەفە، بادام و هەنجیرم لێکەنەوە
شەرەفە، هەمووتان لە من بچن
چونکە من ڕووداوێکم هەزاران سەدەیە
ئەو ڕووداوە
ڕووی نەداوە.

2

ئەی خەڵکینە
من یەکەمین و عادلترینم
لەنێو حاکماندا زیباترینم
مانگی چواردەی نێو دەیجوور و
سپییەتی یاسەمینم
من داهێنەری
سێدارەی یەکەمین و
نێردراوی باشترینم
هەر کە بیر لە دەستبەرداری
دەسەڵات دەکەمەوە
ویژدانم ریسوام دەکا
دەپرسم: ئەی کێ دوای من
ئەو خەڵکە باشە،
حوکم دەکا؟
کێ دوای من شەل و
کوێر و گڕوو، چارە دەکا؟
کێ ئێسکی مردووان

زیندوو دەکاتەوە؟

کێ لە پاڵتۆیدا

ڕووناکی مانگ دەردێنێ؟

کێ باران بۆ خەڵک دادەبارێنێ؟

کێ لەسەر دار

لە خاچیان دەدا؟

کێ ناچاریان دەکا

وەک چێڵ بژین و

وەک چێڵیش بمرن؟

هەر کاتێ بیرم کردەوە جێیانبێڵم

وەک هەور فرمێسکم داباراند

پشتم بە خوا بەستی و بڕیارمدا

لە ئێستاوە تا ڕۆژی قیامەت

سواری میللەتم بم.

3

ئەی خەڵکینە
ئێوە موڵکی منن
وەکچۆن ئەسپ و کۆیلەکانم
موڵکی منن
من بەسەر ئێوەدا دەڕۆم
وەکچۆن بەسەر فەرشەکانی
کۆشکمدا دەڕۆم
کە هەڵدەستم کڕنۆشم بۆ ببەن
کە دادەنیشم کڕنۆشم بۆ ببەن
ئەوە نییە ڕۆژێ لە ڕۆژان
ئێوەم لە نێوان
لاپەڕەکانی ئەژدادمدا دۆزییەوە؟
خۆتان بپارێزن
لە خوێندنەوەی هەر کتێبێ
من لە جیاتی ئێوە دەخوێنمەوە
خۆتان بپارێزن
لە نووسینی هەر وتارێ

من لە جیاتی ئێوە
وتار دەنووسمەوە
خۆتان بپارێزن
لە گوێدانە فەیرۆز بە نهێنی
من لە ئامانجەکانتان تێدەگەم
خۆتان بپارێزن
لەوەی بێ ئیزنی من
بچنە نێو قەبر
ئەوە لای ئێمە
گوناحێکی عەزیمە
کاتێ قسە دەکەم
بێدەنگیی بپارێزن
چونکە قسەی من
قورئانی کەریمە..

4

ئەی خەڵکینە

من _مەهدی_ ئێوەم، چاوەڕێمکەن

خوێنم لە دڵێکی نەساغ ترپە دەکا، بمخۆنەوە

ئەو سروودانە بوەستێنن

کە منداڵان بۆ نیشتمان دەیڵێنەوە

من ئێستا نیشتمانم..

من یەکم و

من نەمرم

لەنێوان هەموو کائیناتەکان..

من لە زاکیرەی سێو و

نەی و شینایی گۆرانییەکاندا

خەزن کراوم.

لە گۆڕەپانەکاندا

وێنەکانم بەرزکەنەوە و

بە هەوری وشەکان دامپۆشن و

هاوسەری نەوبەرم بۆ بخوازن

من پیر نابم و

جەستەم پیر نابێ و
زیندانەکانم پیر نابن و
دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی
مەملەکەتی من پیر نابن.
ئەی خەڵکینە
من حەجاجم
گەر دەمامکم داکەنم دەمناسن..
من جەنگیز خانم
بە حەربە و
سەگ و
زیندانەوە بۆتان هاتووم
ئەی خەڵکینە دڵتەنگ مەبن
کە دەتانکوژم
چونکە من دەکوژم تا نەکوژرێم و
لە سێدارە دەدەم
تا لە سێدارە نەدرێم و
لە گۆڕی بە کۆمەڵ دەتاننێژم
تا ئێوە من نەنێژن.

5

ئەی خەڵکینە

ئەو رۆژنامانەم بۆ بکڕن

کە لە بارەی منەوە دەنووسن

ئەوان وەک سۆزانی

لە جادەکاندا عەرزکراون

کاغەزی سەوزی بریقەداری

وەک گیای بەهار و

حوبر و تابیعەم بۆ بکڕن

لە چاخی ئێمەدا

هەموو شت

هەتا پەنجەکانیش دەکڕدرێن

میوەی فکرم بۆ بکڕن و

لەبەردەممی دانێن

شاعیرێکم بۆ لێنێن و

لەنێو تەبەقەکانی خواردنمی دانێن

من نەخوێندەوارم و

گرێم لەگەڵ قسەی شاعیراندا هەیە

شاعیرانم بۆ بکڕن
تا گۆرانیی بە جوانیمدا هەڵبڵێن و
بمکەنە ئەستێرەی
سەر هەموو بەرگەکان
هەرگیز ئەستێرەکانی سەما و شانۆ
لە من جوانتر نین
من بە دراوی بەهادار
هەرچیم بوێ دەیکڕم
دیوانی بەشار بن بورد و
لێوەکانی موتەنەبی و
سروودەکانی لەبید دەکڕم
ملیۆنانی کە لە _بەیتول مال_ی
موسڵمانانن
کۆنە میراتی باوکمن
لە زێڕ و سامانم ببەن و
لە _کتێبە دایکەکان_دا بنووسن
چاخی من
چاخی هاروونە رەشیدە.

6

ئەی جەماوەری وڵاتم

ئەی جەماوەری گەلانی عەرەبی

من رۆحێکی پاکیزەم

هاتووم لە غوباری جاهیلییەت

پاکتان بکەمەوە

دەنگم لەسەر کاسێت تۆمارکەن

دەنگی من سەوزترین ریتمە

وەک نافورەی ئەندەلوسی

بە بزەوە وێنەم بگرن وەک جوکندا و

گوێڕایەڵیش وەک رووخساری مەجدەلیە

وێنەم بگرن کاتێ بە ددانەکانم

شیعر راو دەکەم و

خوێنی ئەبجەدییەت دەمژم

وێنەم بگرن

بە ویقار و شکۆمەوە

بە گۆچانی سەربازیمەوە

وێنەم بگرن

کاتێ بزنە کێوی
یا ئاسکێ راو دەکەم
وێنەم بگرن
کاتێ دەتانخەمە سەر شانم و
بەرەو ماڵی ئەبەدییەت
بەڕێتان دەکەم
ئەی جەماوەری گەلانی عەرەبی.

## 7

ئەی خەڵکینە
ئەگەر خەون ببین
من بەرپرسی خەونەکانتانم
من بەرپرسی هەر تیکەیێکم
کە دەیخۆن و
هەر شیعرێکش
کە لە پشت منەوە
دەیخوێننەوە
دەزگای ئاسایشی کۆشکم
هەواڵی چۆلەکە و
سونبولەکانم
پێدەدا و
هەواڵی نێو زگی
ژنە زگپڕەکانیشم پێدەدا
ئەی خەڵکینە من ببەخشن
من زیندانەوان و
زیندانیکراوتانم

من دوورخراوەیەکم

لەنێو کۆشکم

نە خۆر دەبینم و

نە ئەستێرە و

نە گوڵی ئۆلیەندەر

لەو کاتەوەی کە بە منداڵییەوە

هاتمە سەر حوکم

پیاوانی سێرک

دەورەیان داوم

یەکێ نەی فوو دەکا

یەکێ دەهۆڵ دەکوتێ

یەکێ نەعلە دەسڕێتەوە

لەو کاتەوەی کە بە منداڵییەوە

هاتمە سەر حوکم

راوێژکارێکی کۆشک پێی نەگوتم: نا

وەزیرەکانم هەرگیز پێیان نەگوتم: نا

باڵیۆزەکانم هەرگیز رووبەڕوو پێیان نەگوتم: نا

هیچ لە ژنەکانم لەسەر

قەروێڵەی خۆشەویستی پێیان نەگوتم: نا
ئەوان فێریان کردم
خۆم بە خوا ببینم و
میللەیش لە باڵکۆنە وەک لم
لێم ببوورن ئەگەر گۆڕابم
بۆ هۆلاکۆیەکی نوێ
من رۆژێ لە رۆژان
لەبەر کوشتن کەسم نەکوشتووە
من دەتانکوژم تا دڵم خۆشبێ.

## کەڵەشێر

1

له گەڕەکەکەماندا

کەڵەشێرێکی _ساد_ی خوێنڕێژ

هەموو بەیانییەک

پەڕی مریشکەکانی گەڕەک دەردێنێ

دەنووکیان لێدەدا..

راویان دەنێ..

سواریان دەبێ..

دەربەدەریان دەکا و

ناوی جوجکەکانیشی بیر نامێنێ.

2

له گەڕەکەکەماندا

کەڵەشێرێ لە کازیوەدا دەقووقێنێ

وەک شەمشوونی جەبار

ریشی سووری

بەڕەڵڵا دەکا و

دەمانچەوسێنێتەوە

لەیل و نەهار.

لە ئێمەدا وتار دەدا

لە ئێمەدا سروود دەڵێ

لە ئێمەدا زینا دەکا

ئەو تاکە

ئەو نەمرە

ئەو هێزدارە

ئەو دەسەڵاتدارە.

3

لە گەڕەکەکەماندا

کەڵەشێرێ هەیە

شەڕانگێزی فاشستی نازی ئەفکارە

دەسەڵاتی بە زرپپۆش دزیوە

دەستی بەسەر ئازادیی و

ئازادیخوازاندا گرتووە

نیشتمانێکی ڕەتکردۆتەوە

گەلێکی ڕەتکردۆتەوە

زمانێکی ڕەتکردۆتەوە

ڕووداوەکانی مێژووی ڕەتکردۆتەوە

میلادی منداڵانی ڕەتکردۆتەوە و

ناوی گوڵەکانیشی ڕەتکردۆتەوە.

4

له گەڕەکەکەماندا

کەڵەشێرێ

له جەژنی نەتەوەییدا

جلی جەنەڕاڵان لەبەر دەکا

ڕەگەزێ دەخوا

ڕەگەزێ دەخواتەوە

ڕەگەزێ سەرخۆش دەکا

سواری کەشتییێک دەبێ لە جەستە

سوپایێ لە گۆپکە دەبەزێنێ.

5

لە گەڕەکەکەماندا

کەڵەشێرێکی عەرەبیی ڕەسەن

بە هەزاران

ژن و مێرد

گەردوونی فەتح کرد.

## 6

له گەڕەکەکەماندا

کەڵەشێرێکی نەخوێندەوار هەیە

سەرۆکایەتی

یەکێ لە میلیشیاکان دەکا

هیچ فێرنەبووە

جگە لە داگیرکردن

جگە لە شەکەتکردن

جگە لە چاندنی حەشیش و

جگە لەوەیش کە پارەکان تەزویر بکا

پۆشاکی باوکی دەفرۆشت و

حەڵقەی هاوسەرگیریی خۆی

لە ڕەهن دادەنا و

هەتا ددانی مردووانیش دەدزێ.

7

له گەڕەکەکەماندا

کەڵەشێرێ

هەموو بەهرەکانی ئەوەیە

گوللـەی دەمانچە جەنگییەکەی

لەسەری وشەکان بدا.

8

له گەڕەکەکەماندا

کەڵەشێرێکی عەسەبی شێت

رۆژێ وەک حەجاج وتار دەدا

وەک مەئمونی شکۆدار رێدەکا

له موکەبیرەی مزگەوت هاوار دەکا

ئای له گەورەیی من

ئای له گەورەیی من

من دەوڵەتم، قانونیش من.

9

من نەبم چۆن باران دادەکا؟

چۆن گەنم باڵا دەکا؟

کێ خێرمان بۆ زیاد دەکا و

بەرەکەتمان بۆ زۆر دەکا

ئەو نیشتمانە خوا حوکمی ناکا

بەڵکو ئەوە کەڵەشێرێکە

حوکمی دەکا.

10

لە شارۆچکەی ئێمەدا

کەڵەشێرێ دەڕوا و

کەڵەشێرێ دێ و

ستەمکاریش هەر ستەمکارییە

حوکمی لینینی دەڕووخێنێ

هێرش دەکاتە

سەر حوکمی ئەمەریکی و

مرۆڤیش هەر بە رووخاوی دەمێنێ.

## 11

کاتێ کەڵەشێر

بە نیشانەکانی ئازادیی

سەر شانیی و

بە پەڕی نەخشین و فیزەوە

بە بازاڕی دێدا تێدەپەڕێ

هەموو مریشکەکانی دێ

بە حەزەوە هاوار دەکەن

ئەی کەڵەشێری گەورەمان

ئەی کەڵەشێری مەولامان

ئەی جەنەڕاڵی سێکس و

باشپەڕیوی نێو گۆڕەپان

تۆی خۆشەویستیی ملیۆنان ژنان

پێویستیت بە جاریەیە؟

پێویستیت بە خادیمەیە؟

پێویسیتیت بە شێلانێکی کارامەیە؟

## 12

کاتێ حاکم

ئەو چیرۆکەی بیست

فەرمانی بە شمشێرباز کرد

سەری کەڵەشێری لە جەستەی کرد

بە دەنگێکی ئاڵۆزەوە گوتی:

ئەو کەڵەشێرە

چۆن جورئەتی کرد

دەسەڵاتی من

لە منداڵانی گەڕەک بسەنێ

ئەو کەڵەشێرە

چۆن جورئەتی کرد

کە منم تاک و بەبێ شەریک؟

## هەوڵدان بۆ کوشتنی ژنێک کە ناکوژرێ

1

بەڵێنم پێدای خۆشمنەوێی

دواتر بەرانبەر

ئەو بڕیارە گەورەیە ترسام

بەڵێم پێدای نەگەڕێمەوە..گەڕامەوە

بەڵێنم پێدای

لە تامەرزۆییتدا نەمرم.. مردم

بەردەوام بەڵێمدا و

بڕیارمدا واز بێنم و

بیریشم نایێ کە وازم هێنابێ.

2

بەڵێنی شتی

لە خۆم گەورەترم پێدای

باشە بەیانی رۆژنامەکان

چیم لەبارەوە دەنووسن؟

بێگومان دەنووسن:

من شێت بوویمە

بێگومان دەنووسن:

من خۆم کووشتوە

بەڵێنم پێدای بێهێز نەبم..بووم

بەڵێنم پێدای شیعرت بۆ نەڵێم.. گوتم

بەڵێنمدا ئەوە نەکەم و

ئەوە نا و

ئەوە نا و

کاتێ دەبەنگیی خۆمم ئاشکرا کرد

پێکەنیم.

3

بەڵێنم پێدای
کاتێ بە پێشمدا تێدەپەڕی
پرچتم لا گرنگ نەبێ
بەڵام کاتێ وەک شەو
بەسەر شۆستەدا تێپەڕی..هاوارم کرد.
بەڵێنم پێدای
هەرچەند سۆز داوام لێبکا
چاوەکانتم لا گرنگ نەبێ
بەڵام کاتێ بینیم
چاوەکانت ئەستێرە دادەبارێنن
مەزن بووم
بەڵێنم پێدای
هیچ نامەیەکی خۆشەویستیت
بۆ نەنووسم
بەڵام بێچارە بۆم نووسی
بەڵێنم پێدای
لە هیچ شوێنێ نەبم

که تۆ لەوێ بیت

بەڵام کاتێ زانیم

بۆ عیشا داوەتکراوی

منیش هاتم

بەڵێنم پێدای خۆشمنەوێی

بەڵام چۆن؟

لە کوێ؟

کەی و

لە چ رۆژێکدا بەڵێنم پێدای؟

من لەوپەڕی راستگۆییدا

درۆم دەکرد و

_الحمد للە_ش کە درۆم کرد.

4

بەڵێنم پێدای

زۆر بە ساردیی

زۆر بە دەبەنگیی

هەموو پردەکان لە دوای خۆم بسووتێنم و

بە نهێنی بڕیارمدا

هەموو ژنەکان بکوژم و

جەنگم لەگەڵتدا ڕاگەیاند

کاتێ چەکم

ڕوو لە سینەت هەڵگرت.. دۆڕام

کاتێ دەستە ئاشتیخوازەکانتم دیت

شەرمەزاربووم.

بەڵێنمدا ئەوە نەکەم و

ئەوە نا و

ئەوە نا و

تەواوی بەڵێنەکانم

دووکەڵ بوون و

لە هەوادا پەرشم کردن.

5

بەڵێنم پێدای

شەوان تەلەفۆنت بۆ نەکەم و

بیرت لێ نەکەمەوە..

بەڵێنم پێدای

کە نەخۆش دەکەوی

پەرۆشت نەبم و

گوڵت پێشکەش نەکەم و

دەستت ماچ نەکەم

شەوان بێچارە

تەلەفۆنم بۆ کردی

بە ناچاری گوڵم بۆ ناردی و

تا تێربووم نێوان چاوەکانتم ماچ کرد و

بەڵێنمدا ئەوە نەکەم و

ئەوە نا و

ئەوە نا و

کاتێ دەبەنگیی خۆمم ئاشکرا کرد

پێکەنیم.

6

بەڵێنمدا پەنجا جار سەرت ببڕم

بەڵام کاتێ بینم خوێن

پۆشاکم دادەپۆشێ

دڵنیابووم کە ئەوە منم سەرم بڕاوە

بە جددی وەرم مەگرە

هەرچەند تووڕەبم

هەرچەند هەڵچم

هەرچەند داگیرسێم

هەرچەند بکوژێمەوە

ئەوە من لەوپەڕی راستگۆییەوە

درۆم دەکرد و

_الحمد لله_ش کە درۆم کرد.

## 7

بەڵێنم پێدای

دەستبەجێ کارەکە

یەکلایی بکەمەوە

بەڵام کە بینیم رۆندک

لە قووڵایی چاوەکانتەوە دەباریێ

شڵەژام و

کە بینیم جانتاکانت لەسەر عەردن

زانیم تۆ هەروا بە ئاسانی ناکوژرێی

تۆ وڵاتی.. تۆ عەشیرەتی

تۆ قەسیدەی بەر لە درووستبوون

تۆ دەفتەری..

تۆ پیاسەیت

تۆ منداڵییت و

تۆ سروودی سروودەکانیت

تۆ مەزامیریت

تۆ رووناککەرەوەیت

تۆ پێغەمبەریت.

## 8

بەڵێنم پێدای

چاوەکانت لە دەفتەری

بیرەوەرییەکانمدا بسڕمەوە و

نەمزانی کە من ژیانم دەسڕمەوە و

نەمزانی کە تۆ...

ـ سەرباری ناکۆکییەکی بچووک ـ

من...

من تۆم

بەڵێنم پێدای خۆشمنەوێی

ئای لەو دەبەنگییە

چیم لە خۆم کرد؟

من لەوپەڕی راستگۆییەوە

درۆم دەکرد و

_الحمد لله_ش کە درۆم کرد.

## 9

بەڵێنم پێدای

دوای پێنج دەقەیتر لێرە نەمێنم

بەڵام بۆ کوێ بڕۆم؟

شەقامەکان بە باران شووراون

لە کوێوە بچمە ژوور؟

کافتریاکانی شار پڕ لە هیلاکیین

لە کوێدا بە تەنیایی ئاوبژەنم؟

کە تۆ دەریاکانیت

تۆ قەڵاکانیت

تۆ سەفەریت

ئایا دەکرێ دە خولەکیتر بمێنمەوە

تا باران دەوەستێ؟

بە دڵنیاییەوە دوای ڕۆیشتی هەورەکان و

هێوربوونەوەی _با_یەکان

منیش دەڕۆم

بەڵام دەبمە میوانت و

تا بەیانیی دێتەوە.

10

بەڵێم پێدای

جارێکی دیکە

وەک شێت خۆشمنەوێیت و

وەک چۆلەکە پەلاماری

دارسێوە بەرزەکانت نەدەم و

کاتێ دەخەویت پرچت دانەهێنم

ئەی پشیلەی بەهادارم

بەڵێم پێدای

ئەو عەقڵەی کە ماومە

لە دەستی نەدەم

ئەگەر ئەستێرەکی پێخواس

کشایە سەر جەستەم

بەڵێنمدا دان بە شێتییەمدا بگرم و

خۆشحاڵیشم کە هێشتا

توندڕەوەم کاتێ

خۆشەویستیی دەکەم

رێک وەک جاری رابردووم..

## 11

بەڵێم پێدای
تەرحی خۆشەویستیت بۆ نەکەم
بە درێژایی ساڵ و
رووخسارم بە دارستانی پرچت دانەشارم
بە درێژایی ساڵ و
گوێچکە ماسی بە شەیتانی چاوەکانت راونەکەم
بە درێژایی ساڵ.
نازانم چۆن قسەیەکی قۆڕی
وەک ئەو قسە قۆڕە دەکەم
کە چاوەکانت ماڵی من و ماڵی ئاشتین؟
چۆن رێم بە خۆمدا
هەستی مەڕمەڕ بریندار بکەم
کە لە نێوان من و تۆدا
نان و خوێ و
رژانی شەراب و گمەی کۆتر هەیە و
تۆش سەرەتای هەموو شتێکیت و
میسکی خیتامیش.

12

بەڵێنم پێدای

نەگەڕێمەوە.. گەڕامەوە

لە تامەزرۆییدا نەمرم.. مردم

بەڵێنی شتی لە خۆم گەورەترم پێدای

چیم بە خۆم کرد؟

من لەوپەڕی راستگۆییدا

درۆم دەکرد و

_الحمد لله_ش کە درۆم کرد.

## تووڕەبە

چۆن دەخوازی ئاوا تووڕەبە
چۆن دەخوازی ئاوا
هەستەکانم بریندارکە
گوڵدان و ئاوێنەکان وردوخاشکە
هەرچی دەیکەی وەک یەکە
هەرچی دەیڵێی وەک یەکە
تۆ وەک منداڵان وای
ئەی خۆشەویستم
زیانیشمان پێبگەیەنن
هەر خۆشمان دەوێن
تووڕەبە
بەڕاستی تۆ نایابی کە هەڵدەچی
تووڕەبە
ئەگەر شەپۆل نەبووایە
دەریاکان درووست نەدەبوون

ببە زریان

ببە بارین

دڵی من هەمیشە میهرەبانە

تووڕەبە

بە تەحەدی وەڵامت نادەمەوە

تۆ وەک مناڵێکی سەرەڕۆ وایت

کە پڕبێ لە غرور و

باڵندەکان چۆن تۆڵە

لە بێچووەکانیان دەسەننەوە؟

بڕۆ

ئەگەر رۆژێ لێم بێزاربوویت

من و قەدەر تاوانبارکە

بەڵام من فرمێسک و خەم

تێرم دەکەن

بێدەنگیی گەورەییە

خەم گەورەییە

بڕۆ

ئەگەر مانەوەت ماندووت دەکا

زەمین پڕە لە عەتر و ژن و
چاوانی سەوز و رەش
کاتێکیش ویستت بمبینی
کاتێکیش وەک منداڵ
پێویستیت بە سۆزم بوو
کەی ویستت بگەڕێوە بۆ دڵم
تۆ لە ژیانمدا هەوایت
تۆ لای من زەمین و ئاسمانیت
چۆن دەخوازیت ئاوا تووڕەبە
چۆن دەخوازیت ئاوا بڕۆ
کەی دەخوازیت ئاوا بڕۆ
چار نییە دەبێ رۆژێ بگەڕێیتەوە
ئەو کاتەی کە زانیت وەفا چییە.

---

_نزار قەبانی (1923_1998) شاعیری سوری.

_سەرچاوە: adab.com

v.3bir.net_

nizariat.com_

مەحمود دەروێش

**نایێ**

گوتم: هەرگیز نایێ..
کەوایە ئێوارەم
ئاوا رێکدەخەمەوە
کە شیاوی بێئومێدیم و
غیابی ئەو بێ..
ئاگری مۆمەکانیم کوژاندەوە و
نووری کارەبام داگیرساند
پێکی شەرابیم خواردەوە و
گڵاسەکەم شکاند
مۆسیقای خێرای کەمانجەم
گۆڕییە سەر گۆرانی فارسی
گوتم: نایێ
ملپێچی شیکم دادەکەنم و
بێجامەیەکی شین لە پێ دەکەم

_ئاوا ئارامترم_

ئەگەر بمەوێ
بە پێخواسی دێم ودەچم
بە ئارامی لەسەر قەنەفەکەی
چوارمشقی دادەنیشم و
لە بیری دەکەم و
هەموو شتێکی غیابیش لەبیر دەکەم
ئەو شتانەم گەڕاندەوە
نێو دۆلابەکان کە بۆ ئاهەنگ
ئامادەم کردبوون و
هەموو پەنجەرە و پەردەکانم کردەوە
هیچ نهێنییەک
لە جەستەمدا نییە
بەرانبەر شەو
جگە لەوەی کە چاوەڕێم کرد و
ئەوەیش کە لە دەستمدا
گاڵتەم بە هەوەسی گۆڕینی
هەوای ماڵ هات لە پێناویدا

_به گوڵاو و لیمۆ عەترپڕژێنم کردبوو_

نایێ

گوڵی ئۆرکید لە لای راستەوە

دەگوازمەوە بۆ لای چەپ

تا لەسەر لە یادکردنی سزای بدەم

ئاوێنەی سەر دیوارم بە پاڵتۆیێ داپۆشی

تا تیشکی وێنەی نەبینم و

پەشیمان ببمەوە

گوتم: ئەو وتانەی کە لە غەزەلە کۆنەکانەوە

وەرمگرتوون لەیاد دەکەم

چونکە شیاوی قەسیدەیەکی دزراویش نییە

لە یادمکرد و خواردنێکی خێرام

بە پێوە خوارد و

بەشێکم لە کتێبێکی قوتابخانە

لە بارەی هەسارە دوورەکان خوێندەوە و

تا خراپییەکانی لە یاد بکەم،

دەستم بە نووسینی قەسیدەیەک کرد

ئەو قەسیدەیە.

## هیچ شتێکم بە دڵ نییە

موسافیرێک لەناو پاسدا دەڵێ:
هیچ شتێکم بە دڵ نییە
نە رادیۆ و نە رۆژنامەی بەیانیان و
نە قەڵای سەر گردەکان، دەمەوێ بگریم.
سایەقەکە دەڵێ: چاوەڕانبە تا دەگەینە وێستگە
لەوێ تا دەتوانی بە تەنیایی بۆخۆت بگری.
خانمێک دەڵێ: منیش هەروەها..
منیش هیچ شتێکم بە دڵ نییە
نازی منداڵەکەمم لەسەر گۆڕم کێشا
بە دڵی بوو
نووست و
ماڵئاوایشی لێ نەکردم.

ئەکادیمیێک دەڵێ:
منیش هیچ شتێکم بە دڵ نییە
ئارکۆلۆژیام خوێند،
بێ ئەوەی بتوانم شوناس
لەناو بەرددا بدۆزمەوە
ئایا بەڕاستی من منم؟
سەربازێک دەڵێ: منیش هەروەها،
منیش هیچ شتێکم بە دڵ نییە
هەمیشە گەمارۆی تارماییەک دەدەم
کە گەمارۆی داوم.
سایەقە توڕەکە دەڵێ:
ئەوە نزیک کەوتینەوە لە دوا وێستگە
ئامادەبن بۆ دابەزین.
تێکڕا هاوار دەکەن: بڕۆ..
ئێمە دوای دوا وێسگەمان گەرەکە.
بەڵام من دەڵێم: هەر لێرە دامبەزێنە
منیش وەک ئەوان هیچ شتێکم بە دڵ نییە
بەڵام ماندوو بووم لە سەفەر.

# ناخەوم بۆ ئەوەی خەون ببینم

پێیگوت: ناخەوم بۆ ئەوەی خەون ببینم
بۆ ئەوە دەخەوم تا لەبیرت بکەم
چەند خۆشە نووستنم بە تەنیایی
بە بێدەنگییێکی بەرز لەناو حەریر..
دوورکەوە بۆ ئەوەی لەوێدا بە تەنیایی بتبینم
بیرم لێ بکەیتەوە کە لە بیرت دەکەم
هیچ شتێ لە غیابی تۆ ئازارم نادا
نە شەو شوخت بە سینگم دادێنێ و نە لێوەکانت
بە کامڵی لەسەر جەستەی خۆم دەخەوم
جەستەم هیچ شەریکێکی نییە
نە دەستەکانت بەناو جلوبەرگی فریشتەکاندا تێدەپەڕێ
نە قاچەکانت لە دڵی وەک فوندەقم دەدەن
لەو کاتەی دەرگا دادەخرێ
هیچ شتێکم کەم نییە لە غیابت:
مەمکەکانم هی خۆمن، ناوکم، خاڵم، تاتۆم

دەستەکانم و پێیەکانم هی خۆمن،
هەر چییەک لە مندایە هی خۆمە.
با ئەو وێنەی کە حەزی پێدەکەیت بۆ خۆت بێ،
بیبە تا هۆگری مەنفا بیت و
بینینت وەک پێکی ئەخیر بەرزکەوە و
ئەگەر دەتوانی بڵێ: خۆشەویستیت هیلاکییە.
بەڵام من گوێ بۆ جەستەم رادەدێرم و
بە ئارامیی شارەزایەک دەڵێم:
هیچ هیچ شتێ ئازارم نادا لە غیابت
جگە لە گەردوون.

---

_مەحمود دەروێش (1941_2008) شاعیری فەڵەستینی.

_سەرچاوە: mawdoo3.com

سەرگۆن پۆڵس

**ئەوە گەورەیەکی ئەمەریکییە**

مەرگ
ئەو گەورەیە
لە ئەمەریکاوە هاتووە
تا لە دیجلە و
فورات بخواتەوە.

مەرگ
ئەو گەورەیە تینووە
چی نەوتی ناو بیرەکان و
ئاوی رووبارەکان هەیە دەخواتەوە.

مەرگ
ئەو گەورەیە برسییە
بە هەزاران منداڵمان لێدەخوا
هەزاران دوای هەزاران
دوای هەزاران.

ئەو گەورەیە
لە ئەمەریکاوە هاتووە
تا لە دیجلە و
فورات بخواتەوە.

---

_سەرگۆن پۆڵس (1944_2007) شاعیری ئاشووری عەرەبیزمان.
_سەرچاوە: adab.com

ڤیڤیان سڵێوە

## سایکۆلۆژیای نیشتمان

1

جەنگ بەردەوام دەبێ و

سەربازەکان ناگەڕێنەوە،

ماڵم بەرەو مەرگ

هەنگاو دەنێ.

2

نیشتمان جەنگاوەرێکە

وەک مێرووولەیێ

کە کەوتبێتە رووبارەوە.

3

ئەو مێرووولەیە هەرچی کردی

پشتکردن بوو لە نیشتمان.

4

دووکەڵی جەنگ

گەیشتۆتە مانگ

لەوانەیە رۆژێ لە رۆژان داکەوێ.

5

ئێمە میوەجاتی جەنگین،

لەسەر مێزێکی ترسناکدا.

6

گوللـە

گوڵەکانی ئەلسترومیریای

لە هۆشخۆچوو،

روو لە جەنگ راپێچ دەکا.

7

لە ژێر یەک ئاسماندا

گوڵ و گوللـە دەوەستن.

8

هەور پەپوولەیەکە

نزیک لە خوا

ئیتر بە باڵەکانی چەپڵە لێنادا.

9

درەخت پژوپۆکانی دادەخا

لەبەر رەگەکانی دەپارێتەوە

تا بە قاچاخ بیبەن.

10

بەر لەو جەنگە

من و داپیرەم

هەنارە کەوتووەکانی

ژێر درەختمان کۆدەکردەوە.

11

جەستەیەکیتر

کورسیمی داگیرکرد و

ئیتر هیچ شوێنێ

بۆ جەستەی خۆم نادۆزمەوە

جگە لە مەرگ.

12

دەریا بەسەرمدا رووخا و

خوا

بێ جوولە

تەماشا دەکا.

13

چۆلەکەکان هەڵفڕ هەڵفڕیانە

تا بگەن بە هەور و

دوور بوەستن لە وێرانەیی.

14

جەنگ

لە ژوورمەوە بۆ باخچە رادەکا،

زەمەن تەنیا وەستاوە.

15

تەماشای تەنیشتم دەکەم

چی جانتای بچووک و گەورەم هەیە

جەنگ داگیریان دەکا.

16

جەنگ هەڵمدەداتە

سنوور و

ئینجا بۆ خۆیم دەگەڕێنێتەوە.

17

نازانم چەند جار

جەنگ ماڵی منی کووشتوە

هەموو شتێ لە دەورمدا

بە جەنگ داپۆشراوە.

18

نیشتمانێک لە خەرمانەی مانگەوە

نیگا لە ئازادیی دەگرێ

بەڵام هەرگیز پێی ناگا.

19

نیشتمانەکانی دنیا دڵڕەقن

دەتوانن بۆ تا هەتا لە جەنگدا بژین.

---

_ڤیڤیان سلێوە (1976_ ) ژنە شاعیری ئاشووری عەرەبیزمان.

_سەرچاوە:http://en.calameo.com